# لەش فرۆشی و لەباربردنی منداڵ
# دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی
# ناو پەیوەندییەکی ئابووری چینایەتییە

نوسینی: ن. ف. عەبدوڵا

مانگی ئابی

١٩٩٨

چاپی یه كه م

# ناوەڕۆک

---

**بابه ت** **لاپەڕە**

1- پێشه کیه کی پێویست ..........................................................................3-_-8

2- ئافره ت له مێژوودا ..........................................................................9-_-47

3- لەشفرۆشی بەرهەمی پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی چینایەتییه ..........47-_-58

4- له باربردنی منالّ دیاردەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی چینایەتی سەرمایەداری‌یه .59-_-77

5- پەیوەندی جنسی و هەستی خۆشەویستی دوو ڕووی یەک پەیوەندین ...............................78-_ 83

## پێشەکییەکی پێویست

کێ هەیە، لەو هونەرمەندە وێنە کێشەی کە واقعی عەینی وەک خۆی ڕەنگ ڕێژ دەکات، لە چوارچێوەی کلێشەی لەوحەکەیدا، ڕاست گۆو واقع بینە. کێ دەتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە هونەرمەندی ڕاست گۆ، لەگەڵ واقعەکەیدا ڕاست گۆو، لەگەڵ کۆمەڵی ناو واقعی کۆمەڵایەتی ڕاست گۆ دەبێت. واتە وێنە کێش کاتێک، کە هەوڵەکانی لە چوارچێوەی هەڵێنجانی واقعی عەینی دەبێت، لە کلێشەی لەوحەکەی دا ڕەنگی پێ َ دەداتەوە. دەتوانێت دەربڕینی تەواوەتی لە دنیای واقعی بکات. هەڵبەت هەموو هونەرمەندێکیش ناتوانێت ڕێگا چارەی واقعی و کێشەکانی ناو کۆمەڵ بێت چەند هونەرمەندیش بتوانێت ڕێگا بۆ ئەوەش خۆش بکات کە کۆمەڵ لە خودی کێشەکانی ناو کۆمەڵ بگات، بە حەدی خۆی دەتوانێت شتێک بۆ کۆمەڵ دەربڕێت.بێگومان لە چوارچێوەی ئەم توێژەی هونەرمەندانیشدا، وێنەکێشی سریالی و دادایش بوونیان، پۆتریت و نا واقعی بوونیان، دەتوانێت ئەوەش بەیان بکات، کە ژیان بێ مانا و، بێ بایەخە. جا بێ بەهاش سەیرکردنی ژیان، بێ بەها سەیرکردنی ئینسانە، بێ بەها سەیرکردنی مێژووە. ئەمانە هەر هەمووی، بۆ نووسەرێکیش لە هەر چوارچێوەیەکیدا کە دەیەوێت باس لە پەیوەندی‌یەکانی دنیا بکات، بە شێوە واقعی یەکەی و یان بە دروست کراوی ئەندێشەی خۆی، ڕاست و دروستی ئەو نووسەرەش لەگەڵ خودی کۆمەڵ و ئینسان و لەگەڵ مێژووی ئینسانیشدا دەست نیشان دەکرێت. واتە سەیرکردنی واقع بە ووێنەیەکی پێچەوانەو دوور لە دیاردەکان، دەبێتە هۆی نا زانستی، تێکستەکان نا واقعی دەربڕینەکان. نووسەریش دەچێتە ئەوجی خیانەت و بە قەزەمی خۆیدا بەرەو ڕوو دەبێت و ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش جێگای نا ڕاستی و ناواقعی دەربڕینەکانی نووسەر بێت، دواتر نووسەر و نووسینەکان دەچنە سەبەتەی خۆڵی مێژووەوە و لەگەڵ مێژوو ناوازە و بێ پەردە درۆزن دەبن. ڕاستە مێژوو دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵێشیدا کەسایەتی یەکانی دووبارە دەبنەوە و، ئەم جارەیان کەسایەتی یەکانی، هەزیل و بێ پەروا کاریکاتۆر دەبێت.

لە کۆمەڵگای ئێستادا، ئینسانەکان، ڕووبەڕووی، زۆر کێشەو گرفتی پێکهاتەی سیستەمی سەرمایەدارین. بەڵام کێشەکان هەموویان، دەربڕینی واقعی دەبێت، بۆ سیستەمی مەوجوود (حازر) . واتە سیستەمەکە و کێشەکانیش دووڕووی یەک پەیوەندی دەبن. واتە ناتوانرێت کێشەکان هەبن و سیستەمەکەش بوونی نەبێت. یان سیستەمی چینایەتی بوونیان هەبێت و بووترێت کێشەکانیش وەک کێشەی کۆمەڵایەتی، ناو چوارچێوەیەکی ئابووری چینایەتی واقعی نیە، یان ڕێگا چارەکان بە مانەوەی سیستەمەکە لێک نەدرێتەوە و نەچێتە چوارچێوەی هەڵتەکاندنی ئەم سیستەمە بە هەموو ڕووەکانی یەوە. کە ناتوانرێت ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابووری‌یەکان بێ یەکتری ژیان بگوزەرێنن لە سیستەمی چینایەتی دا. یەکێک لەو کێشانەی، سیستەمی سەرمایەداری لەش فرۆشی و لەباربردنی منالان و زۆرێک لە

کێشەصنفی یەکانی تری ئافرەتان، کە لایەک لە هەموو لاکانی کێشەکانی سەرمایەداری پێک دەهێنێت.بەڵام لە خوودی ئەم سیستەمەدا تیرۆر لە لایەن سەرمایەداری و بۆرژوازیەوە، دەکرێتە بەڵگە ی چارەسەرکردنی دیاردە و کێشەکانی ئافرەتان، کە لە بنەڕەتدا خوودی کێشەکان پەردەپۆش دەکرێت و ناتوانێت هیچ وەڵامێک بە کێشەکانی ئافرەتان بداتەوە، نزیکترین نموونەمان کۆمەڵگای کوردستان و عێراقە، لە ساڵەکانی دوای ڕاپەڕینەوە و لە ساڵی (1991 و 1992) دا، و ساڵەکانی دواتر و هەتا ئێستاش کە چەند خێزان لە کوردستان کران بە قەسابی و لە ماڵەکانی خۆیاندا، بە خاو خێزانیانەوە جۆگەلەی خوێنیان پێ هەڵبەستن، هەروەها ئەمەش کوچەو کۆڵانەکانی گرتبووەوە و ڕۆژ نەبوو لە بەردەمی ئەم صالۆن و لە فلان گەڕەک لە فیسار شوێنی بازاڕدا نەڵێن ئەوە ئافرەتێکی لەش فرۆشیان کوشت، یان نەڵێن ئۆخەی ئەمە ئەو ئافرەتانە بوون کە لەگەڵ فلان پیاوی دەزگا دەوڵەتی یەکان و دەزگا سیخوڕیەکانی ڕژێمی بەعس بوون وئێستا کوژران، کە ئەمە ڕوویەکی زۆر تەسکی یەک لەوحەی گەورە بوون، جەستەی ئەمانە بوو بووە داهۆڵی نیشان شکاندن و وەک بێژن کون دەکرایە لەشیان ئەمانە بەشێکی کەمی ئەو وەڵامانە بوون کە سیستەمی دوای ڕاپەڕین وەڵامی دەدایەوە بەکێشەکانی ئافرەتان. ئەمانە بەم جۆرە دەیان وویست شانی خۆیان لەو کێشە ئابووری یە خاڵی بکەنەوە کە لە دەورانی پێشووتری ڕاپەڕین و سەردەمی گەمارۆی ئابووری و دوای ڕاپەڕین، بەربینی بە خێزانە هەژارەکانی ناو عێراق و کوردستان گرتبوو ئەمانە تەنها دیاردەی یەک وولات نین، بەڵکو دیاری و دیاردەی ناو زۆرترین وولاتی دنیان، بەڵام هەر لایە و وەڵامێک بە تیرۆر کردنی ئافرەتان ئەداتەوە، یان تیرۆر کردنی ئافرەتان لە شوێنە جیاجیاکاندا، ئووسڵ کاری جیاجیا بە ڕێوەیان دەبرد لە کوردستان دەسەلات داران وەڵام بە کێشە ئابووری یەکان و ضحیە بوونی ئافرەتان تیایدا، بە تیرۆر وەڵامیان ئەدایەوە ئەشیان ووت ئەمانە تەنها بە تیرۆر چارەسەر دەکرێن، بەڵکو تیرۆرە ئەتوانێت ئەم ئافرەتە پیسانە لە ناو بەرێت، کە پیسی کۆمەڵگای سەرمایەداری بەرهەمی هێنابوون، بێ گومان ئەم تیرۆرەی بەشێک لە ئافرەتان، تیرۆرکردنی جەستەی هەموو مرۆڤایەتی پێک دەهێنا، ئەوان خۆیان لەوە دەدزیەوە کە ئەم کێشەیە نەبرێتەوە بۆ پەیوەندییە ئابووری یەکان و سیستەمی ئابووری چینایەتی کە دروستی کردوون، بەڵام ئەم وەڵامە ی زمانی تیرۆر، باشترین وەڵام بوو بۆ ئەوەی کە زۆرترین ئافرەتانی تر لە بازاڕی لەش فرۆشیدا، جەستەیان هەڕاجی بازاڕی سەرمایەداران بکەن. بەڵکو وای لێ هات کە تۆڕیان لێ دروست کردوو بوونە دیاردەیەک کە هەموو کەس دەیبیست و دەی بینی، ئەمەش دیاردەیەکە کە بە زمانی تیرۆر لەگەڵیاندا دەجووڵانەوە، ئەوان جەستەی فرۆشراوی ئافرەتانیان لەبەردەستی خۆیاندا هەر زۆر هەرزان و زیاد کرد، کەی و لە چ پەیوەندی یەکی کۆمەڵایەتی دا، تیرۆر وەڵامی بە کێشەی لەش فرۆشی ئافرەتان داوەتەوە و یان دەیداتەوە. بێ گوومان وەڵام لە بنەڕەتی پێک هاتەی ئابووری چینایەتی یەوە دەست پێ دەکات و دەتوانێت وەڵامی جدی و عەمەلی خۆی پێ بداتەوە لە لایەکی تر خوودی وورده بۆرژوازی، لە ڕێگەی دەربڕینەکانی خۆیەوە، دەستی داوەتە تیرۆر کردنی جەستەی ئافرەتان و بە هەمان ڕێگای بۆرژوازی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەوەی کە لەش فرۆشی ئافرەتان و لە باربردنی منالان قانوونی بکرێتەوە و جەستەی ئافرەتان تیرۆر بکات، ئەمە ئەبێت چۆن وابێت ؟

بێ گومان ئەمانیش بە ڕێگەیەکی تر، دەیانەوێت دیاردە و کاریگەری پەیوەندی ئابووری یەکان لەسەر لەش فرۆشی بێ بەها بکەن و کێشەکان لەگەڵ ئەو بنەما ئابووری یە چینایەتی یەدا ڕووبەڕوو نەکەنەوە

و بنەڕەتی لەش فرۆشی نەبڕێتەوە بۆ پەیوەندی کار و سەرمایە لە سیستەمی سەرمایەداری‌دا. ئەگینا بۆچی دەبێت قانوونی بوونی لەش فرۆشی و لە باربردنی منالاّن ببێتە ڕێگا چارەی نەمانی لەش فرۆشی ! کە لە چاوپێکەوتنەکان و بەرنامەکەی (ح.ک.ک.أ) وع) دا بوونەتە ڕێگاچارەی ئەصلّی و بنەڕەتی ئەو کێشەیە، ئەمەش هەمان تیرۆرکردنی ئافرەتان و خوودی مرۆڤایەتی یە .

ئەم میتۆدەی کە قانوونی لەش فرۆشی دەکاتە بەلّگە و بەهانەی لەناوبردنی لەش فرۆشی. ئەوەتا لە (ڕێکخراوەی ئافرەتان) سەر بە ڕێگاو ڕێبازی فکری سیاسی خۆی (سەنتەری ڕێکخراوی ئافرەتان) دروست دەکات و سکرتێرەکەیان حەملەیەکی ئیعلامی باشی بۆ دەکات و دەیانەوێت کێشەی خۆیان و ڕێگاچارەکان وون بکەن لە خۆیان و هەوڵ و خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئافرەتان لە ڕێکخراوی خۆیاندا ئەگەر هەبن، کپ و خامۆش بکاتەوە. ئەمانە دەستیان داوەتە کارێک لە جیاتی ئەوەی کۆت و بەندی خۆیان تێک بشکێنن زیاتر خۆیان کۆت و بەند دەکەن و تەوقی عەزازیل دەکەنە گەردنی خۆیان، ئەمانە ڕێگا چارەکەیان بۆ تیرۆر لە ڕێگەی درووست کردنی خانوو و بەهرەمەندکردنی کەل وپەلی ناو ماڵ و جێگا و ڕێگاو خواردن لەو خانەیەدا، بەر بە تیرۆر دەگرن کە بێ گومان ئەم خانەیە لە هەتیوخانە دەچێت بۆ ئافرەتان. ئەم ڕێگەیە دوورخستنەوەو کپ کردنی بەرەنگاری بونەوەی ئافرەتانە بە ڕووی ئەو پیاوانە و ئەو سیستەمەی کە پیاو سالاری بەرهەم دەهێنێت. وا ئەزانن کە منالّەکانیان بۆ بەخێوکردن و خۆشیان لە چوارچێوەی ئەو خانووەدا سجنێکی مووحتەرەمیان دەکەن، ڕێگایان لە بەردەم تیرۆردا گرتووە و نایەڵن ئافرەتان ڕووبەڕووی تیرۆر ببنەوە.

چارەسەرکردنەکەیان بەوە دەبیننەوە کە ئەو ئافرەتانە بچنە ناو ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە، یان لە محکمە دیفاعیان لێ بکەن،کە دادگا یەکێکە لە دروست کەری تیرۆری ژنان.ئەمانەش هەمووی بۆ ئەوان لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەی ئافرەتانەوە و ئەندامانیان و لێدانی ژمارەی تایبەتی تەلەفونەکەیان، لە لایەن ئافرەتی مهدد بە تیرۆر وە دەبینن، ئەمانە هەر هەمووی نەبینینەوەی یان پەردە پۆش کردنی ڕێگا چارەی بنەڕەتی و فێرکردنی ئافرەتانە بە تەسلیم کاری و نووچ دادان لە بەردەم دەسەلاّتی پیاو سالاری‌دا. ئەمانە لە جۆرێکی تری تیرۆرکردنی ئافرەتانە و لە جۆرێکی تری پەیوەندی کار و سەرمایەیە بۆ هێشتنەوەی لەش فرۆشی ئافرەتان. چونکە پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکەی سەرمایەداری هیچ دەست کاری‌یەکی ناکرێت و بە عەقلّی خاویان لەش فرۆشی لە بەین دەبەن، لەم پرۆسەیەشدا ڕێکخراوی یەکێتی ژنانیش هەمان ڕێگای نەگرتبێت و بەلّکو ئەم کارە بۆ (ڕێکخراوی ئافرەتانی سەربەخۆ) پاش ماوەی (ڕێکخراوی یەکێتی ژنانە) ئەم (ڕێکخراوی یەکێتی ژنانە) لەگەڵ ڕێکخراوخێرخوازی (سواڵ کەری) جووت بوون و هەمان سیاسەتی (سەنتەری ڕێکخراوی ئافرەتان) ئەوان دەست پێشکەربوون بۆیان. ئەمانە هەموو کاریگەری برواو بۆچوونی پیاو سالاری ناو کۆمەڵ عەکس دەکەنەوە و لەگەلّیدا درێژە بە ژیانی دەدەن.

لە لایەکی ترەوە خوودی خێزان لە ناوەرۆکی پەیوەندی‌یەکانی خۆیدا و بەش و صنفەکانی منالاّن و دایک و باوک و خوشک و براو کچ و کوڕ، هەر هەمووی یەک تەصنیف کردنی پیاو سالاری ناو کۆمەڵ و پەیوەندی چینایەتی یە، دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە دەسەلاّت و پەیوەندی چینایەتی ناو خێزان بەیان بکەن، باوک مەلیک و کوڕی گەورە وەزیری دەستە چەپ و کوڕی ناوەنجی وەزیری دەستە ڕاست و خوار دەستی وەزیری دەستە چەپ، خوشکیش نۆکەر و کۆیلەی ئەو پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەی خێزانی

یەی کە لە سیستەمی ئێستادا هەیە، بێگومان هەموو ئەو بەش بەش کردنانە بۆ ئەوەن کە مەوقعیەتی ئەویان زیاتر لە ئەمی تریان کەمتر و ئەوەکەی تریان هەر هیچ نەبێت لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندی‌یە خێزانی یەدا، بێگومان لەم خێزانانەدا دەتوانیت پێکهاتەی دەوڵەتی سەرمایەداری و چینایەتی تیایدا دەست نیشان بکرێت و لە خوودی پەیوەندی‌یە چینایەتی یەکەشییەوە دەتوانرێت پێکهاتەی ئابووری‌یانەی ئەم خێزانانە دەست نیشان بکرێت.

چونکە دەوڵەتی چینایەتی لەم خێزانانەدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەم خێزانانەش دەربڕی ناوەرۆکی دەوڵەتی چینایەتی دەبن، باوک ئەتوانێت هەموو ئابووری بە دەستەوە بێت و حوکمی قەرەقوش بکات بەسەر هەموو ئەندامانی خێزاندا و کوڕی گەورەش وەک میرات گری کە میرات یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پەیوەندی خێزانی لە ئاستی پەیوەندی‌یەکی باوک سالاری‌دا ڕا گرتووە جێگری ئەم دادوەرەی ماڵەوە و کۆیلەی دەرەوە بگرێتەوە، ئەم هەموو بارەی ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی چینایەتی کە کێشەکانیان پێک دێت لە پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی یانەوە دروست دەبێت، بە هەڵوەشان و لەناو بردنی خوودی سیستەمی چینایەتی و دانانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بێ چین وەڵامی بنەڕەتی پێ بداتەوە، ئیتر هەموو ئەو هەوڵانەی تر دووبارە کردنەوە و هەزار بارە کردنەوەی هەمان پەیوەندی ناوازەی ئینسانە و شەرعیەت پێ دانیانە، وون کردنی ڕێگا چارەی واقعی و زانستی یەکانە.

من بۆ ئەم نووسینەی خۆم سوودێکی گەورەم لە نووسراوی ئنجلس وەرگرتووە، کە لە ژێر ناوی (بنەڕەتی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت) دا. توانیومە تەنها بۆ پێشەکی یە مێژووی‌یەکە بیکەم بە تاقە سەرچاوەی دەربڕینە مێژووی‌یەکان و مێژووش لەو نوسینەوە بە تەواوی ببینمەوە، چونکە ئەوەندەی (ئنجلس) سوودی لە (مۆرگان) و نووسینەکەی لەسەر کۆمەڵی سەرەتایی وەرگرتووە. منیش ئەوەندەی ئەوسوودم لە نووسینەکەی ئنجلس وەرگرتووە پێم باش بوو بۆ چوونە ناوەوەم بۆ نووسینەکە و ڕەخنەکانی خۆم ئەو پێشەکی یە مێژووی‌یە بخەمە بەردەست و تا ئەوە لە هەموو لایەک ئاشکرا بێت کە ئافرەتان وەک پیاوانی کۆیلە لە کوێوە سەرچاوەی چەوسانەوەیان دەستی پێ کردووە و چ هۆیەک لە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی یەکان کاریگەریان لەسەر هەبووە و چۆن بە بەردەوامی جەستەیان وەک جەستەیەکی تیرۆر کراو لە بەردەستی پیاواندا تەخت و سەرشۆڕ بووە.

بێ گومان مێژوو ئەوە دەست نیشان دەکات کە سەرچاوەکە پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکان تیایدا ئافرەتانی دووجار کۆیلە کردووە، جارێک کۆیلەی کۆیلە و جارێک کۆیلەی سیستەمی ئابووری کردووە. کە هەر هەموویان کۆیلەی سیستەمی ئابوورین، پەیوەندی چینایەتیان ئەو سیستەمە ئابووری چینایەتی یە کۆیلەی کردوون، بێ گومان پێم خۆشە لێرەوە، بچمە ناو باسەکەی خۆمەوە بە جیا لەو باسانەی کە ڕەخنەم لێ گرتووە و لەو باسانەی کەهەبوون بە ڕاستی جێگەی ڕەخنەیان بۆ نەئەکردمەوە چونکە ئەوەندە قێزەوون هەزیل بوون کە ئینسان پێویستی بەوە نەئەکرد کە کاتی خۆیانی پێوە بکوژێت.

---

**ن. ف. عبدوڵا**

## ))ئافرەت لە مێژوودا((

بۆ لێکدانەوەی هەر بابەتێک، لە مێژوودا، پێویستە ئەداتی ڕوون کردنەوەی زانستی بەکار بهێنرێت. بۆ ئەوەی ئینسان بتوانێت لە چۆنێتی گۆڕانی مێژوویی بگات، وە لەوێوە بتوانێت دەوورونەخشی ئینسان خۆی، لەسەر گۆڕانکاری‌یەکان دەست نیشان بکات. چونکە بەکارنەهێنانی ئەو لایەنە زانستی یەی کە ئەتوانێت دەست بۆ هەموو لایەنەکانی و لێکدانەوەی مێژوویی واقعی یانە هەڵبسەنگێنێت، ئا لەم کاتەدا، ئەمانخاتە چوارچێوەی، لێکدانەوەیەکی نازانستی و نا واقعی و دوور لە هەموو بەهایەکی کاریگەر لەسەر ڕاستی گۆڕانکاری‌یە مێژووی‌یەکان. لێرەدا مێژوو پێویستی بە لێکدانەوەیەک هەیە، کە واتای مێژوویی خۆی بنوێنێت و مێژوو بە ڕووە ڕاست و ڕەوانەکەی دەربخات و نووسەر تیایدا، تاوانباری مێژوویی نەبێت.

لە هەر قوتابخانەیەک، لە قوتابخانەکانی لێکدانەوەی مێژوو، وانەیەک ئەوترێتەوە. لە قوتابخانەیەک، وانەی ماددی و موضوعی، مێژوویی و، لە قوتابخانەکەی تریان وانەی، خەیاڵات و ئەفسانەی دروست کراوی خەیاڵاتی مامۆستاکانی، ڕاڤە دەکرێت.

ئێمە بۆ هەموو لێکدانەوە مێژوویەکانی ئینسان، پێویستیمان، بە قوتابخانەی واقعی و زانستی لێکدانەوەی مێژوویی هەیە. نەوەک دروست کراوی ئەندێشەی نوسەرێکی بیَ ئەزموون و میتا فیزیک بێت. بەم پێ یە ئەو قوتابخانەیەی کە ئێمە لێکدانەوەکانی خۆمانی پێوە دیاری دە کەین، یان بە واتایەکی تر، ئەو لێکدانەوانەی ئێمە، کە لە قوتابخانەکەی خۆماندا لێک ئەدرێتەوە، توانیوویەتی بە زانستی یانەترین لێکدانەوە بەهای گۆڕانکاری‌یە مێژوویی یەکان و جموو جۆڵی ئینسان. لەسەر گۆڕانکاری‌یەکان و، لەسەر بە دەست هێنانە مێژوویی یەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و سیستەمەکانی یان. کە زۆری بە دەست هێنانەکانی بەدەست هێنانی چەوسانەوەی ئینسان، لە لایەن ئینسانەوە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدەست هێنانی ئەو چەوسانەوانە، لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئینسان دوو کاریگەری لەسەر بووە و، بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک کۆمەڵێکی فراوانتری ئینسان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. کاریگەری زۆر بوونی بەروبوومی بەدەست هێنراو و بەدەست هێنەر لە لایەن ئینسان خۆیەوە و، هەروەها سەرەتای دروست بونێکی ناچاری پەیوەندی‌یەک، کە تیایدا سەرۆک خێڵ و

عەشیرەت وارثیی کۆمەڵێکی زۆری ئینسان بێت ئەمە زیاتر گەشەی دا بەوەی کە بەرووبوم هی کۆمەڵێک بێت و وە کۆمەڵێکی تریش کار بۆ بەرهەم هێنانی ئەو بەرووبومە بکەن. لێرەشەوە کۆیلە داری بەرهەم هات و، کۆیلەی ئیشکەر لە کێڵگەکاندا دروست بوو و، خاوە ن کۆیلەکانیش، بەرهەمی ڕەنجی ئەوانیان ئەخستە تورەکەی هەڵدوراوی‌یانەوە. ئەمەش لە مێژوودا گەشەی بۆ خاوەنداریێتی دەرەبەگایەتی کردوو، دواتر گەشە گە یشتە ئاستی ئەوەی کە چاک سازی لە بەرووبوم و پێویستی بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر و دروست بوونی کارگەی بچووک بچووکی بە دوای خۆیدا هێنا. کە تیایدا چەند کرێکارێک لە دەست دەرەبەگی دێهاتەوە. ڕایان کردبووە شارەکان، خۆیان لە دەست قەرزداری، ئەو خاوەن زەوی‌یانە ڕزگار کردبوو.لەم کارگانەدا کاریان دەکرد و، قازانجی کەم تا زۆر بە پێ ی توانای کار کردنی و بەرهەم هێنانی ئەو کارگانە، کە لە ڕێگەی هێزی کاری کرێکارەوە بە دەست دەهات، کۆمەڵگای سەرمایەداری بنیات نا، هەموو ئەو گۆڕانکاری‌یە مێژوویی یە، لە خۆیەوە و خۆکرد نەبوو، واتە بۆ ئەم گۆڕانکاریانە خوێن ڕشتنێکی زۆریشی تیادا بەکار هات دەبێت لەم لێکدانەوە مێژوویی و گۆڕانکاری‌یەدا، دەست بە لێکدانەوەکانی ماددی‌یەتی مێژوویی یەوە بگیرێت، و لەگەڵ زانستی ترین لێکدانەوەکانیدا مامەڵە بکرێت.

با بگەڕێینەوە، بۆ ئەو پەیوەندی یە سەرەتایی یانەی، ئینسان لە ساتەکانی دروست بوونی سەرەتایی خۆیەوە، تا بتوانین ئەوە لێک بدەینەوە کە ئینسان لەو ساتانەدا، بە چی یەوە خەریک بوون و لەگەڵ چی دا، هەڵسووکەوتیان کردووە و پەیوەندی ئینسانی کۆمەڵایەتی یان چ جۆرێک بووە. واتە ئێمە بە پێ ی لێکدانەوەکانی (مۆرغان) کە (ئنجلس) و (مارکس) یش دەستیان پێوە گرتووە لە لێکدانەوەکانی خۆیاندا، سوودیان لیَ وەرگرتووە و کەم تا زۆرێکیش بەکاریان هێناوە. بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر و ڕوونتر، لە پەیوەندی‌یەکانی ڕابردوو بگەین لە نێوان ئینسان و ئینسان خۆی‌دا. لەلای مۆرغان مەرحەلەی سەرەتایی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئینسان بە وەحشیەت ناو دەبرێت. کە ئەڵێت لەم خاوەنداریێتی یەدا، ئینسان خاوەنی ئەو بەرووبومانە بووە کە لە سروشت دا هەبوون، وەک بەرووبومی میوە و هەندێک جاریش لەسەر لاسک و قەدی هەندێک گژو گیا ژیاون. هەموو ئەم بەرهەمانە ئامادە کراوی دەستی سروشت خۆیان بوون، دەبوایە ئینسان بە دوای ئەم بەرووبومانە بگەڕایەوە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جموجۆڵیان بکردایە، چونکە مانەوەی ئەوان لە یەک شوێندا، بەرووبوم ڕوو لە نەمان و کەم بوونەوە ئەچوو، هەروەها لەو سەردەمەدا ئینسان لە ئاستێکی وادا نەبوو کە بتوانێت ئەم بەرووبوومانە، بخرێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی‌یەکی تایبەتەوە و، بتوانن لەو ساتە وەختەدا بتوانن بەخێوی بکەن و لە شوێنێکدا تیایدا نیشتەجێ ببن. هێشتالەو سەردەمەدا باسی نیشتەجێ بوون یان پەیوەندی‌یەک کە تیایدا نیشتەجێ بوونی دەست نیشان دەکرد، دروست نەبوبوو، ئا لەو کاتەدا هەموو ئینسان بۆ خۆیان بە دوای خۆراکی خۆیاندا دەگەڕان، کۆمەڵێکی ئیش کەر و کۆمەڵێکی ئیش نەکەر نەبوو.

سەرەڕای هەموو دواکەوتوویی و دروست نەبونی هیچ جۆرێک لەو پەیوەندی‌یانەی کە لە سەردەمەکانی پێشتر و ئێستادا هەیە. پەیوەندی‌یەکانیان لە نێوان ئینسانی نێر و مێ دا، پەیوەندی‌یەکی باوک سالاری یان دایک سالاری دەست نیشانی پەیوەندی‌یەکانی نەدەکردن، بێجگە لەوەی کە نەشتوانراوە لەو ساتەدا، پەیوەندی‌یەکی زانستی و دروست لە پەیوەندی ئینسانی نێر و مێ هەبێ. هەروەها ئەو زیاد بوون و گەشە کردنەی ئینسان، بە پێ ی غەریزەیەک کە لە گیانیاندا مابووەوە، لە

ڕێگەی جیناتەوە، لە گیانەوەری گەشە کردووی پێش پێکهاتەی خۆیان بۆیان گوێزرابووەوە، ناتوانرێت بوترێت هیچ جۆرێک لە پەیوەندی خێزانی و خۆشەویستی هاوسەرێتی لە نێوانیاندا هەبووبێت. چونکە ئینسان لەو ساتانەدا لەوە نەگەشتبوو، کە پەیوەندی نێر و مێ بە یەکتری‌یەوە، چ جۆرێک لە پەیوەندی خۆشەویستی یە، کە جۆری خۆشەویستی یەکانی دواتریان، بە پێ ی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی، سیستەمەکانی دەتوانرێت دەست نیشانی جۆری خۆشەویستی یەکەیانی لێوە بکرێت، کە تیایدا خێزان و خۆشەویستی یەکەیان لە یەکەیەکی ئابووری‌دا چڕ بووەتەوە. چونکە تیایدا نەبووەتە خواست و هەستی پەیوەندی گیانی ئینسانی لە سەردەمەکانی دا، سەردەمی وەحشیەت و ئینسانەکانی ئەو سەردەمە، کە بەرهەمیان دروست دەکرد، بووە بناغەیەکی بنیات نراو ویارمەتی دەر لە هۆی خاوەندارێتی بوونیاندا بەسەر سروشتدا، وە لە دوای ئەو گەشە کردنەوە، بەخێو کردنی ئاژەڵە لە لایەن ئینسانەوە و مەرحەلەیەکی تری بەشەری دەست پێ دەکات کە تیایدا سەرەتایی بەخێو کردنی ئاژەڵ بوو لە دەوروبەری خۆیاندا و هەروەها کشتوکاڵیش هاتە پاڵی و لە گەڵیدا شان بە شان ئەڕۆیشتن نیشتەجێ بوونیش خواستی ئەو بەرهەمهێنانە بوو.کە ئەمەش مەرحەلەیەکە لەو مەرحەلانەی کە تیایدا بەرووبومی زیادەی تیادا بەرهەم دەهێنرا. هەروەها ڕێگەی بەرهەمهێنانی زیادەی سروشتی بە هۆی جموجۆڵی بەشەری‌یەوە بە دەست دەهات.لەم مەرحەلەیەدا ئەوە بەدەست هات ئینسان بۆ یەکەم جار کشتوکاڵ بکات و لە ڕێگەی ئەو بەردانەی کە دروستیان دەکرد بۆ کێڵان وتۆو کردنی ئەو بەروبومانەی کەلە سروشتدا تۆوەکانیان وەرگرتبوو بۆ خواردنی خۆشیان بەکاریان دەهێنان و پێویستی یان پێی هەبوو. لەو کاتانەدا کشتوکاڵ کردن پێویستی بە ئینسان و بە ئاژەڵیش هەبوو. کە ئاژەڵیان لە کێڵان و گوێزانەوەشدا بەکاردەهێنا. بێجگە لەوەی کە هەندێک لە ئاژەڵ سەرچاوەش بوون بۆ خۆراکی خۆیان، کە ئەم گۆڕانەی خۆراک دەبوونە هۆی گۆڕانی ادراکی (هەستی) ئینسان لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر و، ئینسانی ڕووبەڕووی ئەوە کردەوە.کە بیر لە هەندێ هۆی تریش بکاتەوە و بەکاری بەرێت لە ژیانی خۆیدا. هەروەکو بەکارهێنانی هەندێک لە میتاڵەکان، لە کشتوکاڵ کردن دا بەکاردەهێنران بۆ دوورینەوە و کێڵان هەروەها بەکارهێنانیشیان لە ڕاودا و پارێزگاری کردنی خۆیان لە گیانداری دڕندە و هێرش بەر بۆیان، لەم مەرحەلەیەشدا پەیوەندی ئینسانی نەگەیشتبوونە ئاستی پەیوەندی‌یەک کە ئینسانی نێر و مێ وەک چەوساوە و چەوسێنەر پەیوەندی کۆمەڵایەتیان دروست ببێت ئەمەی کە باسمان کرد مەرحەلەیەکی مێژوویی بوو کە ناو دەبرێت بە بەربەریەت.

دوا بە دوای مەرحەلەی بەربەریەت، مەرحەلەیەکی تر دەست پێ دەکات و بە شارستانیەت ناو دەبرێت کە مەرحەلەی نیشتەجێ بوون و کۆ بوونەوەی ئینسانە لە چوارچێوەی پارچە زەوی‌یەکدا و دروست بوونی ئیش کەر و ئیش نەکەر و خاوەن هۆی بەرووبووم و ئیش کەریش بەرهەم هێنی بەرووبوومی خاوەن بەرووبوومەکان، کە ئەویش لە بەرووبوومی کشتوکاڵی و سروشتی دا ڕوو لە چاک بوون دەبوون. و لە چاک کردنیدا زانیاری تیادا بە کاردەهێنرا، لێرەوە بەرهەمهێنان بەردەوام بوونی بە خۆیەوە گرت، ئەویش بە پێ ی پەیوەندی‌یە ئابووری و کۆمەڵا یەتی یەکانی دەست نیشان دەکرێت کە کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری، ناوکۆکەی ئەو شارستانی یەتە بوون، کە تیایدا چەوساوە و چەوسێنەر بە پێی پەیوەندی‌یان بە سەرچاوەی ئابووری‌یەوە، دەست نیشانی چەوساوەیی یان چەوسێنەری دەکرێت. ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە جارێکی تریش ئینسانی نێر و مێ بە پێی

پەیوەندی یە ئابووری یەکانیان لە پەیوەندی یەکانی خۆیاندا، لە خێزاندا پەیوەندی چەوساوە بوونی ئافرەت لە لایەن پیاوەوە دەست نیشان بکرێت و یان هەردووکیان بە پێی پەیوەندی‌یەک کە لە بەرهەم هێناندا هەیانە دەست نیشانی پەیوەندی یە خێزانی یەکەیان بکرێت لە کۆمەڵگادا.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێشووتر. واتە کاتێک کە عەشیرەت دروست دەبێت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری خۆی بەسەر پەیوەندی‌یەکانی ئینساندا ئەسەپێنێ. پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە، ئەبێت دەورو کاریگەری عەشیرەت بەسەر دروست بوونی خاوەنداریێتی تایبەتی و دەسەڵات بەسەر ئافرەتاندا، چی بوو بێت ؟ بێ گومان عەشیرەت بە پێی ئەوەی کە سەرۆک خێڵ خاوەنی مەڕوو ماڵات و وارثیی ئە صڵی عەشیرەتە. وەک ئنجلس ئەڵێت (هەر وەک چۆن موسی، لە دانراوەکەی‌دا کە ناوی بە کیتابی یەکەم بردووە، ابراهیمی باتریاریک دەردەبڕێت بەوەی کەخاوەنی مەڕو ماڵاتە، بەو پێ یەی کە مافی تایبەتی خۆی بێت، وە بە وەصفی ئەوەی کە سەرۆکی کۆمۆنی (مشاعی) خێزانی یە، یان بە پێی ئەو ناوەندێتی یەی کە پێی ئەوترا سەرۆک کە وارثیی بە کردەوەی عەشیرەتە [ أصل عائلة......ص (239) مختارات جزء 3 ] واتە کاتێک کە مەڕوو ماڵاتیش هاتە بەردەستی ئینسان ئیتر ئینسان بە پێی شوێن و مقامی لە کۆمەڵگادا. لێی بەهرەمەند ئەبوو، بەوەی کە خاوەنی بێت یان بەخێوکەرێک بێت بۆ خاوەنی و لە بەرامبەر کۆیلە بوونی خۆیدا بڕێک خزمەتی خاوەن کۆیلەی کە خاوەنی خۆیەتی بکات.ئەوە ڕەوڕەوەی مێژوو بەدەستی هێنابوو، کە لە هەرشوێنێکدا، مەڕووماڵاتێک هەبووبێت خاوەنی تایبەتی ئەو مەڕوماڵاتانە سەرۆکی خێزانەکان بوو، ئەمە شان بە شانی بەروو بوومی بە تەواوی هونەری لە سەردەمی بەربەریەت دا بوو. هەروەها لەم سەردەمەدا تەنها هەر مەڕوماڵات بوونی یان نەبوو، بەڵکو زۆر شتی تری دروست کراو لە لایەن خۆیانەوە بوونی واقعی وارث بوونی هەموو شتەکانی دەدایە سەرۆکی خێزانی عەشیرەت، بۆ نمونە، کەل و پەلی ڕازاندنەوەی گەورە و بە نرخ هەروەها کەرەسەی ناو ماڵ کە دروست کرا بوون لە میتاڵ ئەمانە هەمووی خاوەنیان هەبوو بێجگە لەمانەش مەڕوماڵاتی بەشەری، یان کۆیلە، خاوەنیان هەبوو کە لەبەر دەست خاوەنەکانیاندا ئیش و کاریان تەنها بۆ خاوەن کۆیلەکان بوو. ئەم گەشەیە لە درێژەی گەشەی عەشیرەتەکاندا. کۆیلە بوونی ئینسانی ئەهێنایە ئاراوە، واتە ئەو کاتەی کە لە شەڕ و شۆڕەکانیاندا، پیاوانی عەشیرەتێکی تریان بە دیل دەگرت یان دەیان کوشتن یاندەیان بردنەناو هۆزەکەی خۆیانەوە و وەکو برا جێگیریان دەکردن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو ئافرەتانەش کە منالیان هەبوو پیاویشیان هەبوو دەیان بردنە لای خۆیان و معامەلەی ئەوەیان لەگەڵدا ئەکردن کە بەشێکی زۆربوونی ئاژەڵیان پێ ئەسپاردن چونکە بەخێوکردنی ئاژەڵ بۆ هۆزەکەیان پێویستی زۆریان بە خەڵکی زیاتر هەبوو. تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە زیاتر سوود و قازانج لەو ئاژەڵە و ئینسانەکان وەربگرن، وە لە ئاستی ئەو گەشەیەی کە دەکرێت، هێزی کاری ئینسان هیچ نادات بە دەستەوە لە دوای ئەوەی کە ئەو زیادی یە چاوەڕوان کراوی‌یە کە زیاد دەکرێت لەسەر سوودی (نفقات) پێشتر (اعالتة). (

بێ گومان بە پێی ئەوەی کە مێژووی ئەم گۆڕانکاری‌یانە لەسەر دەستی ئینسان پێک دەهات.

لێرەشەوە جارێکی تر بە پێی چەند هۆیەکی تر ئەهاتنەناو ئیش و کاری ئینسانەوە گۆڕانکاری لە پەیوەندی ئینسانەکاندا ئەبردە ئاستێکەوە کە ئافرەتیشی تیادا دەبووە هۆی بەرهەمهێنانی منداڵ و دەرکردنی کۆیلە لە کارگەی گۆشتینی کۆیلەدا. لەگەڵ هاتنە ناوەوەی بەخێوکردنی ووڵاخ و ئیش و کار و

بەرهەمێک کە بە هۆی میتاڵەوە بەرهەم دەهات و بەکاردەهێنرا، کە کشتوکاڵیش لە ساتەکانی کۆتایی بەربەریەت دا، بووە پیشەی هەندێک لە ئینسان، وە لە لایەکی تریشەوە چنین هاتە ئاراوە و ئەمیش پیشە بوون بۆ بە دەست هێنانی شتی جوان و ڕازاوەبۆسەرۆک خێڵ. ئەمانە و لەگەڵ گۆران لە هێزی کاردا و، پاش ئەوەی کە مەڕوو ماڵات لە کۆتایی دا بوو بە ملکی خێزانەکان، هەروەها بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بە شێوەیەکی ئاسان و لە ڕێگەی شەڕێکەوە بە دەست هاتوون هەمان ڕوودانی پەیوەندییەکانی ڕابردووی لە ئافرەتانیشدا خەست کردەوە. کە بووە هۆی ئەوەی کە بەهایان هەبێت لە ئاڵوگۆڕپێکردندا وە بوون بەو شتومەکانەی کە ئەکران و ئەفرۆشران، ئەمان ئەم پەیوەندییەیان لە خۆیاندا دروست کرد لەبەر ئەوەی مەڕوومالاَتەکانیان، زەوییەکانیان، هەروەها بەدەست هێنانی کەلوپەلی ڕازاندنەوە یان پێویستیان بە ئیشی زۆرتر هەیە بە ئیشی ئینسان. وە بۆ ئەم مەبەستە دوژمن و بەدیل گیراوەکانیان باشترین و هەرزانترین هۆی بەدەست هێنانی ئەو پێویستیانە یان بوون. ئەوان ئافرەتیان جارێک بۆ ئەوە ئەویست کە مناڵیان بۆ بەرهەم بێنێت بە شێوەیەک کە ئسلوبی ئاژەڵی لە زۆر بووندا بە خۆیەوە بگرێت، بۆ ئەوەی ئەمان ژمارەیان لە ڕووی چەندایەتی یەوە زیاد بکات و بتوانن زیاتر لە زەوی و زاری ئەم لاو ئەولایان داگیر بکەن و بتوانن باشتر ئاژەڵەکانیان بە خێو بکەن.

گۆرانی کەل و پەلەکان (الاشیاء) بە گۆرینی ناوەکانیان، هەولێک بوو بۆ بەدەست هێنانی (دۆزینەوەی) هۆیەکی دەستەبەرکردن بۆ سەرپێچی کردن لە نەریتەکانیان (التقالید) ، لەگەڵ مانەوەیان لە چوارچێوەی نەریتەکانیاندا (التقالید) ، کە ئەبێتە بەرژەوەندییەکی ڕاستەو خۆی پێوە نووساو بە نەریتی بەرهەم هاتوو. ئەم سفسطە یە کەئینسان درزیان تێ دەکات.ئەمە ئەبێتە هۆی دروست بوونی تشویشێکی یاخی بوو، کە ئەشتوانرێت لە ناو ببرێت وە لە ناو ئەبرێت بە شێوەیەکی کەم، بە ئاڵوگۆری بۆ مافی باوکایەتی [باوک سالاری (الحق الابوی) ] کە مارکس ئەڵێت ( (ئەم گۆرانکارییە بە شێوەیەکی گشتی دەست پێ کردنی زۆر سروشتی یە) ) واتە لەگەڵ بەدەست هێنانی نەریتێک لە چوارچێوەی نەریتێکی تردا. ئەتوانێت پەیوەندییەکی تر دەست نیشان بکات کە جیاوازییەکی تا ئاستێک کەمیش بێت یان زۆر جیاواز بێت لە پەیوەندی پێشوو تر. واتە گۆرانە مێژووییەکان لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ناتوانێت کتومت لەگەڵ پەیوەندییەکەی تردا جیاواز بێت یان وەکو یەک بێت ئەمە یاسای گۆرانی مێژوویی یە لە ماددیەتی مێژوویی دا.

هەموو ئەوانەی باسمان کرد، ئەوە دەردەخەن کە لە هەندێک باری مێژوویی دا، ئافرەتان چ پەیوەندییەکیان بە کۆمەڵگاوە هەبووە، وە چ جۆرێک، لە ئازادییان چەوسانەوەی هەبووە. کە زیاتر لە سەرەتایترین ئاستی ڕەوتی مێژوودا توانیویەتی وەک پیاو بەهرەمەند بێت لە دواکەوتوترین پەیوەندی، کە ئاستی پەیوەندی گەشەی زهنی و زانیاری ئینسانی ئەو ساتەش دەردەخات لە لای ڕۆمانەکان ژن و مێرد و منداڵ، هیچ مانایەکی نەبووە بێجگە لەوەی کە بە کۆیلە ناو براوە و وەک کۆیلەش حسابی بۆ کراوە. هەتا دەربڕینە کۆنەکانیشیان بە ناوی کۆیلەی ماڵەوەیە وە یان کۆمەڵێک کۆیلە دەگرێتەوە و پیاو لەو پەیوەندییەدا ئەبێتە سەردار و خاوەنیان دەبێت. واتە خاوەنی میراتیش دەبێت و وەسێت نامەیەک دەبێتە خاوەنی نووسراوی پیرۆزی میرات. نیشتەجێ کردنی ئەم پێناسەیە لە لای ڕۆمانی یەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە پێناسەی سیستەمی کۆمەڵایەتی تازەی خۆیانی پێ بکەن. کە تیایدا سەرۆکەکەیان دەبێتە سەردار و سەروەری گەورە و بە دەسەلاَت بەسەر ئافرەت و

منداڵدا و دەبێتە ئەوەی کە شوانی ژمارەیەک کۆیلە بێت. بە پێی ئەم دەسەڵاتەی ڕۆمانی یەکان دەسەڵاتی باوکایەتی دەسەڵاتی زاڵ و باوی پەیوەندی خێزانیە. دەبێتە حاکم و حوکم دەر بەسەر مافی ژیان و مردنی هەموو ئەو کەسانەی کە لە بەردەمیاندا سەریان دانەواندووە و، کۆیلەی واقعی ناو خێزانێکی کۆیلەدارین و خاوەنی کۆیلەکەشیان باوک و مێردیانە.

هەروەها لەلای هۆزە لاتینی یەکان (یۆنانی یەکان) دوای هاتنە ناوەوەی کشتوکاڵ و کۆیلەداری شەرعی، دوای لێک جیابونەوەی ئیطالیە ئاریی‌یەکان لە یۆنانی یەکان، ئەو دەربڕینەی سیستەمی خێزانی ڕۆمانی یەکان، کۆنترینە یان پێشکەوتوتر نیە لە لای لاتینیەکان. چونکە لە لای لاتینی یەکانیش هەمان دروست بوونی کۆیلەداری شەرعی بنیاتی خۆی لەسەر ئاسەواری پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕابردوو بنیات نابوو. واتە ئەم پەیوەندیی‌یە کۆمەڵایەتی یە ڕەنگی دابووەوە لە چوار چێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خێزاندا. کە ساتە وەختی ئەو کاتەی پەیوەندی ئابووری‌یەکانیان دەست نیشانی پەیوەندی ئینسانی ئینسانەکان دەکات لەگەڵ یەکتری‌دا. وەمارکس دەڵێت [خێزانی عەصری ناچێتەوە سەر کۆرپەلەی (جنین) کۆیلەداری بە پێی ئەوە، بەڵکو هەروەها لەسەر کۆرپەلەی (جنین) کۆیلەداری یە، لەبەر ئەوەی دەستی پێ کردووە لە سەدەی (مقرونە) سەرەتای خۆیەوە، بە داسەپاندنی (خزمەتی) کشتوکاڵی. بە شێوەیەکی بچووک بووە و دەچێتەوە سەر هەموو لێک جیایی یەکان (تناقض) ی کە گەشە دەکات لە دوای‌دا لەسەر شێوەیەکی فراوان لە کۆمەڵگا و لە دەوڵەتەکەیاندا (تأ کید هی مارکسە) ] واتە لە خێزانی عەصری دا خێزان بنیات نراوە لەسەر کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی بەڵام نا بێت بە خێزانی دەرەبەگایەتی. بەڵکو لە ڕابردوودا ووتمان بە پێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازە بەرهەم هاتوو، پەیوەندی خێزانی تازە دەست نیشان دەکات ، سەرەڕای ئەوەی کە هەر هەموویان لە ئاستی چەوساوە و چەوسێنەردا، لە چوارچێوەیەکدا دەوور دەبینن، ئەویش لە لایەنی ئەوەی کە دوو چین دروست دەبێت کە چینێکیان بەهرە کێشە بۆ چینەکەی تریان بەڵام ئاستی ژیان و چۆنێتی ژیانیان، جیاوازی لێک نەچوو ئەبن لە زۆر ڕووی گەشەی پەیوەندی‌یەکەیاندا. واتە لێرەوە خێزان لەوە دەردەچێت کە پەیوەندی‌یەکی سروشتی یان هەبێت بە یەکەوە، بەڵکو پەیوەندی‌یەکەیان دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندی‌یەکی ئابووری‌یەوە هەر لەو کاتەوەی کە خاوەنداریێتی تایبەتی جێگای خاوەنداریێتی گشتی سەرەتایی و خوود بە خوودی گرتەوە. کاتی زاڵ بوونی پیاوە بەسەر خێزاندا، چونکە لە دایک بوونی منداڵ لە چوارچێوە خێزانەکەیدا، ئەو منداڵانە بوون کە لە خوێن و گۆشتی دروست بوون. واتە ئەو منداڵانە منداڵێک دەبن کە پیاو خاوەنیانە و سەرپەرشتی کاری ژیان و بەخێوکردنیانە. ئەم منداڵانە لە دوای‌دا دەبنە میرات گری میراتی باوک، لە ڕابردوودا، ئەم چوارچێوانە لە خێزان، خیانەتی ژن و مێردی (هاوسەرێتی) و فێڵ و تەڵەکەیان زۆر دەبێت. ئەویش بە هۆی ئەو پەیوەندی‌یەوە کە چوارچێوەی خێزانەکەی دروست کردووە. لەگەڵ ئەمانەشدا خۆشەویستی لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، لەم جۆرە خێزانانەدا خۆشەویستی ئینسانی نێوانیان نی یە. چونکە هەڵبژاردنی (أختیار) ی سەربەخۆیان بۆ دروست نابێت یان ناتوانن هەڵبژاردن دەست نیشانی پەیوەندی هاوسەرێتی یان بکات کە بتوانن بڕیار لەسەر ژن و مێردی خۆیان بدەن. ئەمە دەبێتە هۆی زیاتر دا ڕوخان و چەوساندنەوەی ژنان، داماڵراو دەبن لە عیزەتی ئینسانی یان لە بەرامبەر پیاواندا، هەروەها بۆ پیاوانیش ئەم کارە دێتە پێشێ. واتە دروست بوونی یەک ژن و مێردی‌یە (أحادیة الزواج) .ئەم جۆرە لە خێزان لەلای زۆرترین گەلانی جیهان نەشونمایان کرد. ئەویش چەق بەستوو دەبێت لەسەر ئەوەی کە ئەو

پەیوەندیە ئابووریەکانەی پێشووی تیادا گۆڕاوون بۆ پەیوەندیەکی تر، کە خاوەنی تاکیان دەبێت. بە پێی ئەو پەیوەندیەی کە لە یەک ژن و مێردیدا هەیە. میرات گری دەبێتە ئامانجی یەکەمی.ئەمانە هەموویان ئامانجی بانگەوازی یۆنانی یەکان بوو بە بێ پەردە و بێ زانین. بێجگە لەمانە یەک خێزانی (یەک ژن و مێردی) هەڵگری ئەرک و فەرمانێک دەبێت لە بەرامبەر خوا وەندیان و باو باپیرانیان و دەوڵەتەکەیان. لە ئەسینادا قانون ژن و مێردی فەرز ناکات بەسەریاندا، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەشدا ئیش و فەرمانی مێرد (الزوج) بە لایەنی کەمەوە، ناو ئەبرێت بە ئەرک و فەرمانی ژن و مێردایەتی. هەر لەو کاتەوەی کە ژن و مێرد پەیوەندیەکی دوور لە پەیوەندی خۆشەویستی و هەڵبژێردراوی یەکتری بوون. مێژوو ئەم جۆرە لە خێزان ناو دەبات یان ناو دەبرێت بەوەی کە بەشێک لەو دوو جنسە، جنسەکەی تر دەپەرستن، یان دەبێتە نۆکەری جنسەکەی تریان. بەم پێ یە دەبێت ڕەگی ئەم چەوسانەوەیە چی بێت هەروەک مارکس و ئنجلس لە ئایدۆلۆجی ئەڵمانیادا ئەڵێن و ئنجلس دووبارەی دەکاتەوە لە (بنەڕەتی خێزان و خاوەنداریتی تایبەتی......) کە دەڵێت (یەکەم دابەش بوونی کار لە نێوان ژن و پیاودا، لە پێناوی بەرهەمهێنانی منداڵدا بوو) . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵ بوون و بەخێوکردنی بە ئافرەت سپێر درا، جیاوازیەک کەوتە نێوان کاری ژن و پیاوەوە. واتە ژن دەست کۆتاکرا لەوەی کە لە دەرەوەی ماڵدا ئیش و کاری خۆی وەک پیاو وە شان بە شانی پیاو ببات بە ڕێوە.هەروەها ئنجلس ئەڵێت ئەو دابەش بوونی کارە لە نێوان ژن و پیاودا، یەکەم دژایەتی و پێک دادانی چینەکان دەردەخات لە مێژوودا، بە پێی مصداقیەتی گەشەی جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا لە خێزانی تاکدا (الزواج الأحادي) . ڕێکەوتی ئەو جیاوازیە لە دابەش بوونی کاردا، ژن چەوساوەی دەستی پیاو دەبێت و پیاو دەپەرسترێت لە لایەن جنسی مێ وە.واتە ئەم پەیوەندیە لە ژن ومێردایەتی دەرخەری پەیوەندیەکە لە کۆمەڵگای ئەو کاتەدا کە تیایدا خاوەنداریتی دروست کردووە. ئەم گۆڕانە، چەندە گۆڕانێکی سلبی یە (خراپە) ، بەڵام دەورو کاریگەریەکی گەورەی لە مێژوودا هەیە. واتە خێزانی تاک [ (زواج أحادي) (یەک خێزانی) ]. پێشکەوتنێکی گەورەی مێژوویی بووە. لەبەر ئەوەی لە هەمان کاتدا لە پاڵ کۆیلەداریتی و سامانی تایبەتی دا، بڵاو بونەتەوە، کە هەموو ئەم پەیوەندی یانە دەورو کاریگەریان لەسەر پەیوەندیەکانی دوای خۆیان هەبووە. بە پێی ئەمە ئەم مەرحەلەیە بەردەوامی خۆی وەرگرتووە، هەتا ئێستاش لە پەیوەندی خێزانی و هاوسەریتی دا.بێجگە لەوەی لە شکڵی خۆیدا کە خاوەنداریتی تایبەتی ئێستاش بەردەوامی هەیە. بەڵام جۆرێکی تر و گەشەیەکی تری بە خۆیەوە گرتووە. کە ئنجلس ئەڵێت لە هەموو پێشکەوتنێکدا گەڕانەوەیەکی نسبی یە. کە هەندێک جێ بەجێ ی دەکەن لەلایەن چەوسانەوە و ئازاردانی هەندێک لە لایەن هەندێکی ترەوە وسەرکوت کردنیان، ڕاستە گۆڕان کاریە مێژوویەکان، گۆڕانکاری حەتمی و بە دەست هاتووی ڕەوتی گەشەی ئەو کاتەی کۆمەڵگاو ئینسان بوون. کە لە منداڵدانی خۆیاندا پەیوەندی دواتریان گەشە پێ کردووە تا ڕۆژی لە دایک بونیان بە ژان و بە خوێن و گیانی خۆیان گەورەیان کردووە. چەند گۆڕانەکە هاتبێتە پێشەوەش لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵێک ئازار و ئەشکەنجەی گوێزاوەتەوە بۆ گیانی ئینسانە زەحمەت کێش و لە سەردەمی ئێستای سەرمایەداریدا بۆ گیانی کرێکاران دەردوو مەینەتی یەکی گەورەو ناخۆشە، بۆ خێزانەکان و پەیوەندی ژن و مێردایەتی لە هەر بارێک و سەردەمێکی مێژوویی دا، خێزانەکان بە پێی پەیوەندیە ئابووریەکەی ئەو سەردەمانە دەست نیشانی پەیوەندی خێزانی ناو خێزان دەکات لەلایەن ژن و مێرد و منداڵەکانەوە. واتە دەتوانین لە

ناوکۆکەی پەیوەندی ئەو خێزانانەی سەردەمەکانیانەوەدراسە و لێکدانەوەی خۆمان لەسەر پەیوەندیيە ئابووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەیان بکەین، چونکە خێزانەکان دەتوانن ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، کە شروشتی لێک جیای و دژایەتی یە پێشکەوتوەکانیان لە ڕێگەی خانە بوونی خێزانی تاک [ (الزواج الأحدي) (یەک خێزانی) ] لە کۆمەڵگای شارنشینی دا (المتمدن) بکەینە هەوێنی لێکدانەوەی پەیوەندیيەکانی لە دڵی ئەو کۆمەڵگایەدا.

شان بە شانی یەک ژن و مێردایەتی (احادیة زواج) جۆرێک لە پەیوەندی تر لە دەرەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی دا دروست بووە لە نێوان ژن و پیاودا، کە پێی ئەوترا پەیوەندی جنسی دەرەوەی ژن و مێردایەتی. هەروەها ئەم پەیوەندیەش مۆرغان ناوی دەبات بە (هیتیريە) . هەروەکو زانراوە، ئەم پەیوەندیە بەزۆرترین شێوە بڵاو بۆتەوە هەتا ئێستاش شان بە شانی ڕۆشتنی ڕەوتی سەردەمی شارستانیەت دەڕوات. وەبووە بەوەی کە ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە کۆمەڵگادا زیاتر و زیاتر داواکاری لەسەر بێت. واتە هیتیريە دەردەکەوێت وەک ژن ومێردی بەکۆمەڵ (الزواج الجماعي) . کەلەکۆبونەوەو زیاد بوونی بێسەرپەرشتی یان دەردەکەوێت کە ئافرەتان خۆیانی تیادا دەفرۆشن ، واتە لەگەڵ پیاوێکی تردا ممارەسەی جنسی دەکات و لە پەیوەندی جنسی دا مافی خۆی تیادا دەفرۆشێت و لە مافی خۆشی دادەبڕێت. واتە هەموو دروست بونێکی جنسی یان لە پێناو بڕێک لە پارەدایە ،کە لەسەرەتادا دەبووە کارێکی ئایینی ، وەلەپەرستگای خوای خۆشەویستی دا ، ڕووی دەداو وەلەسەرەتادا پارەکە دەچووە کیسەی پەرستگاوە.واتە لەپەیوەندی جنسی دڵخوازو خۆشەویستی یەکتری نەبوون ،بەڵکو بەرهەمی بەدەست هێنانی بڕێک پارە بووە ، لەڕێگەی بەکارهێنانی جیهازی تناسلی (مێ ینەی) خۆیەوە بۆلەزەت و خۆشی کاتیی پیاوێک.

هەروەها (هیيرودول) ،لایەنێکی تری پەیوەندی پیاوو ژن دەست نیشان دەکات ،کە ئافرەتان تیایدا دەبنە، تیاترۆی پیاوان و یان لەپەرستگاکاندا دەبنە تیاترۆی بۆنە ئاینی یەکان لەبەردەم پیاواندا. هەروەها (هیيرودول) نۆکەرانی (ئەناتیس) ن لە ئەرمینیا ، نۆکەرانی (ئەفرودیت) ن لەکورنسیا ،هەروەها تیاترۆ ئاینیەکان کە پەیوەستن بە پەرستگاکانەوە لەهند، ئەمانە هەموویان تیاترۆن لە یۆنانی کۆن و لە مستعمراتی یۆنانی دا ،کۆیلەی ژن وپیاو بە هەیکەلەکانەوە پەیوەست دارن.لەزۆرترین شوێنەکانیاندا ، لە شارەکانی ئاسیای بچوک و لەکورنسیا ، ئافرەتانی (هیيرو دول) خراپە کاری و فەسادی لە هەیکەلەکانەوە (بتەکانەوە) وەرئەگرێت.واتە هەم ئەم شتانەی کە ئافرەتی هیيرودول بەخۆیەوە بەستبوو ،لەپیناوی بڕێک پارەو پوول و خزمەتی پەرستگاکەی بوو.واتە یەکەم ضلمی (زەبرو زەنگ، یان ناحەقی) یەک لەسەر ئافرەتان لەسەرەتادا دروست بوونی لەگەڵ پیاوانی عەجیب و جیاوازدا، بووە ئەرک و فرمانی، ئەمانە لەگەڵ لە ناوچوونی چارەنوسی (نصیب) ی ئەو کەسە خەیاڵی یانە بوون بە تەنها، کە جێی هەموو ئافرەتانی تری ئەگرتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە لە لایەکی ترەوە (هیتیريە) لە ئازادی جنسی یەوە بە دەست هات کە ئافرەتان تیایدا، سەرپشک کرا بوون لە پێش شوو کردنیان (ژن و مێرد کردنیان) ، هەروەها لەگەڵ مانەوەی ژن و مێردی بە کۆمەڵ (الزواج الجماعی) ، بێجگە لەوەی کە ماوەتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی تر واتە ئەم پەیوەندیيە بۆتە خواست و ویستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پیاو و ئافرەت لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا. لەگەڵ دەرکەوتنی جیاوازی لە خاوەندارێتی، واتە لە کاتی دەرکەوتنی بارو زرووفی بەرزی بەربەریيەت، کە کاری بە کرێ باری خۆی

وەرگرت و دەرکەوت لەوێ و لێرەدا واتە سەردەمی یەک ژن و مێردی (أحادی زواج) لە پاڵ کاری کۆیلەوە، لەگەڵیدا کاری پێشەوەر بوونی داواکردن لەلایەن ئافرەتانی سەربەستەوە لە هەمان کاتدا دەردەکەوێت لە پاڵ رق لێبوونەوەی ئافرەتانی کۆیلە لەسەر دروست بوونی جنسی یەکان لەگەڵ پیاواندا (مجامعة الرجال) ، کۆمەڵگای پیاو سالاری بەو پێ یەی کەهاوکارێکی پێویستە لە پاڵ کاری بەکرێ دا، واتە بە پێی ئەو هەموو بەجێهێشتنانەی یان میراتی یانەی کە بۆ کۆمەڵگای بە جێ هێشتووە، ژن و مێردی بە کۆمەڵ (الزواج الجماعي) دووڕووی هەیە، کە دوو رووی دیاریکراوی جیاواز بە یەکتری کە شارستانی یەتی لێوە دروست بووە، لە لایەکەوە یەک ژن و مێردی (أحادیه الزواج) و لە لایەکی تریەوە هیتیریە لەگەڵ شێوە بێ سەرە و بەرە توندو تیژیەکەی (المتطرف) لەش فرۆشی (البغاء) ، لەگەڵ ئەوەشدا هیتیریە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی یە وەکو هەموو سیستەمەکانی تر، چونکە دەست نیشانی بەهای پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی دەکات لە نێوان ئینساندا، هەروەها بەهای کڕین و فرۆشتنێکی جنسی و جسدی بە خۆیەوە گرێ داوە، کە روویەکی کاری بە کرێ یە لە سەردەمی خۆیدا، لە هەمان کاتدا زامنی بەردەوام بوونی ئازادی جنسی کۆت دەکات، لە بەرژەوەندی پیاوان جنسی مێ ئاوەڵا و بەرجەستەی بەردەم پیاوان دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەروەها بە قسە رووبەڕووی هەڵوەشانەوە دەبێت، کە بە ئاسانی تێک ناشکێت لە واقعدا، بەڵکو هەموو ئەمانە ممارەسە ئەکرێت لە لایەن هەموو چینە حازرەکانەوە، هەروەها هەڵوەشانەوەی تەنها ئافرەتان دەگرێتەوە و بەڵکو پیاوان ناگرێتەوە، چونکە پیاوان وەک خاوەن کار قازانجی جنسیان لە لەش و لاری ئافرەتانەوە دەست دەکەوێت، واتە پیاوان بە گیان و بە دڵی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی ئابووری‌یەی کە پەروەردەی بیر و هۆشی دەکات، دەبێتە ئەوەی کە پارێزگاری لە دانراوی یان هۆی دروست کردنی بیر و هۆشی خۆی بکات بەم پێ یە هەموو هەڵسووکەوتەکانیان بۆ ئەوە دەبێت کە پارێزگاری لە بوونی ئەو جۆرە لە دەسە لاتی خۆیان بکەن بەسەر ئافەرتاندا، هەموو ئەمانەش دەبنە قانون و یاسای بنەڕەتی لە یاساکانی کۆمەڵ بەپێ ی ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵ دەست نیشان دەکرێت، کە پەیوەندی پیاو و ئافرەت لە باری جنسی نێرو مێ وە پەیوەندی‌یەکی سروشتی دەبێت یان جیاواز لە پەیوەندی ڕاست و دروستی نێوان ئینسان دەبێت، دەبێتە ئەوەی کە لایەک چەوساوەی دەستی چە وسێنەرەکەی دەبێت .

جیاوازی یان تناقصی دووەم، لە تەنیشت ئەوەی سەرەوە گەشە دەکات و لە ناو گیان و دڵی یەک ژن ومێردی (أحادیة الزواج) خۆیدا دروست دەبێت، لە تەنیشت مێردەوە، ئافرەتان خۆشی لە هیتیریە ئەبینن و، خۆیان وەک ژنێکی دوور کەوتووەوە لە پیاوەکەی ژیان بەسەر ئەبات واتە لێرەدا ئەوە دەبینین کە هەردوو لێک جیای‌یەکە یەک ئەوی تر تەواو ئەکات و یەکێکیان ناتوانێت بە بێ ئەوی تریان بوونی خۆی بسەلمێنێ، واتە هەردوو لێک جیای‌یەکە (تناقص) ، پەیوەندی کۆمەڵگای ئەو کات دەست نیشان دەکات ناتوانرێت لە باس و خواستی تۆدا بۆ مێژووی ئەو پەیوەندی‌یە، لە سەرەتای دروست بوونی خاوەندارێتی تایبەتی لێکیان جیا بکەیتەوە.لایەک باس بکرێت و لە لاکەی تریش باسی لێوە نەکرێت، واتە ئەم پەیوەندی‌یە وەک ئەوە وایە کە تۆ بلێییت یەک جنس لەئینسان ئەتوانێت زۆربوون لە ئینساندا روو بدات، کە ناتوانرێت ئەوە جێ بە جێ بکرێت واتە چۆن بۆ زۆربوون پێویست بە جنسی نێرو مێی ئینسان هەیە هەر ئاواش بۆ لێکدانەوەی ئەو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی یە پێویستی بە لێکدانەوە و دیاری کردنی

هەردوو لێک جیایی یەکە (تناقص) هەیە، چونکە ناتوانێت یەک لایەن بە تەنها پەیوەندی مێژوویی کۆمەڵایەتی ئابووری ئەو ساتە دەست نیشان بکات، لەبەر ئەوەی هەردوو بارەکە بە تەواوی ئاوێزان بە یەکتری بوو بوون، لەگەڵ کاری بە کرێ و خاوەنداریێتی تایبەتی دا. ئیتر ئاستی کاری بە کرێ بە ئاستی ئێستای سەرمایەداری نەبێت و پەیوەندی‌یەکەش بەو ئاستە دژوار و توند و تیژە نەبێت، بە هیچ ئاستێکی تر دەست نیشان ناکرێت، بەڵام کە پەیوەندی‌یەکەیان لەسەر ئاستی کاری بە کرێوە وەستاوە و دەست نیشانی پەیوەندی نێر و مێشی لە جنسی ئینسان کردووە.

وە لەگەڵ یەک ژن و مێردی (الزواج الاحادی) بە بەردەوامی دوو نمونەی کۆمەڵایەتی جیاواز لە یەکتری ئەبینرێت کە نمونەیان لە پێشوو نەبووە، ئەویش ئەوەیە عاشق بوونی ئافرەتان بە بەردەوامی و پیاوانی فێڵ باز و خیانەت کار، کە سەرکەوتنی پیاوانی بەسەر ئافرەتاندا بە دەست دەهێنا، ئەو داماوانەش بە بەردەوام لێ یان خۆش دەبوون و بە دڵ فراوانی و کەرامەتەوە چەپکە گوڵی سەرکەوتنیان ئەنا یە سەر سەرکەوتووان. واتە بە بەردەوامی ئافرەتان لە بەردەم پیاواندا مێردەکانیان دا خۆشەویستیان بۆیان هەبووە و ئەوانیش لە دەرەوەی ئەواندا ممارەسەی جنسی خۆیان بە ئەنجام گەیاندووە، لەو کاتەدا ئەڵێن زینا (فحشی) ، قەدەغەیە، سزا ئەدرێت بە توندی، بەڵام هەموو ئەمانە بە هیچ جۆرێک لەناو نابرێت لەگەڵ بوونی یەک ژن و مێردی‌دا (الزواج الاحادي) و هیتیریە، لە تەنیشتیانەوە، وە ئەو دام و دەزگا کۆمەڵایەتی یە درێژەوەبووانەی کە ئەم پەیوەندی‌یانە تیایاندا هاتووە و دەربڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیانە ناتوانێت بە هیچ جۆرێک دەست بۆلەناو بردنیان ببات چونکە ئەو پەیوەندی‌یە لە کۆمەڵگای کاری بە کرێ و کۆیلەوە، تەعبیر بۆ ئەو پەیوەندی‌یانە و هەروەها ئەو پەیوەندی‌یانەش دەربڕی ئەو کۆمەڵگایە دەبێت کە پەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی لەو جۆرەی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هەڵگرتووە، واتە لەم سیستەمە کۆمەڵایەتی یەدا مانەوەی راستی باوکایەتی راستی هەڵوەشانەوەی منداڵانی لە باوکی شەرعی چەق دەبەستێت زیاتر چەق بەستنی لەسەر بڕوای ئەخلاقی، معنوی، کە دوایی لە پێناوی چارەسەرکردنی هەموو ئەو لایەنانەی کە بوون لە پەیوەندی ژن و مێردایەتی دا لە نێوان پیاو و ئافرەتاندا.بەوەی کە پیاو خاوەنی کوڕی خۆی بێت لە رێگەی ژن و مێردایەتی یانەوە لەگەڵ ژنێکدا کە پێکیان هێناوە. ئەمانە هەموو دەبنە ئەوەی کە ئاخر سەرە داوی رایەڵەی درێژەوەبووی سێ هەزار ساڵ لە یەک ژن و مێردایەتی بێت (الزواج الاحادي).

لێرەوە دەچینە سەر بڕوا و بۆچوونی رۆمانەکان لەسەر پەیوەندی ژن و مێرد کە توانیان گۆڕانکاری‌یەکی گەورە بە دەست بهێنن ئەویش بەوەی کە دوانە ژن و مێردی (الزواج الثنائي) دروست کرد، لە رێگەی ئەوەی کە بە شێوەی تایبەتی خۆیان و تێگەیشتنیان دانانی یاسا و رێسایەک بۆ پەیوەندی‌یان کە تیایدا دڵنیا بوونی ژن و مێردایەتی یان دایە دەست هەردووکیان. وەک ئەوەی کە بتوانێت هەردووکیان دەستیان لە خراپ بوون و چاک بونیدا هەبێت. چونکە رۆمانەکان بڕوایان وابوو، کە دڵنیا بوونی ژن و مێردایەتی (الزوجية) لە دڵنیا بوون و خاوەنی بە ماف و بە تەواوی لە مافی ژیان و مردنی ژنەکەیدا (زوجتە) وە لەگەڵ ئەوەشدا لێرەدا ژنیش ئەتوانێت، هەروەکو پیاوەکەی، ژن و مێردایەتی هەڵبووەشێنێتەوە کە پێی باش بێت بەڵام هەموو ئەمانەی کە رۆمانی یەکان بڕوایان پێی بووە گەورەترین گۆڕانکاری بووە. لە ئەنجامی جێ بە جێ کردنی لە گەشەی یەک ژن و مێردی‌دا (الزواج الأحادي) کەجێ بە جێ کراوە، واتە لەگەڵ هاتنە ناوەوەی جرمان بۆ حەلقەی مێژوو بۆ بەوەی کە

مێژووی جرمان مێژووی نەمانی یەک ژن و مێردی (احادیة الزواج) بێت لەسەر ئەو ڕێگایە کە هەی بووە، بەڵام لە ئێستای نیزامی سەرمایەداری‌دا بە شێوە تایبەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خۆیەوە. درێژەی بە ژیانی خۆی داوە، وە لە هەمان کاتی مێژووی جرماندا، دوانە ژن و مێردی (الزواج الپنائی) گەشەی کرد بە هۆی بێ هێزیان لە هەڵگرتنی یەک ژن و مێردی (ڕحادیە الزواج) دا، بە پێی ئەو هەلو مەرجەی کە دووانە ژن و مێردی (الزواج الثنائي) تیایدا ژیاون ئەمە گەورەترین پێشکەوتنی ئەخلاقی ئەوسا بوو. کە مرۆڤایەتی قەرزداریەتی. واتە بە پێی ئەوەی کە دوانە ژن و مێردی (زواج ثنائي) بەتاڵ و بۆشە لە تناقضاتی ئەخلاقی یەکی ڕووت کە پێویستە ژیانی یەک ژن و مێردی (أحادية زواج) ە. واتە لێرەدا ئینسان پەنا ناباتە بەر ئەوەی کە لە دەرەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی خۆیدا. ممارەسەی جنسی ئەنجام بدات و لەگەڵ کەسێکی تردا مەیلی جنسی ببەستێت. کە بۆ یەک سات خۆشی لێ دەبینێت و بەکاری دەهێنێت.

بەڵام ئێمە وای دابنێین کە یەک ژن و مێردی (أحادية زواج) لە ناو هەموو شکڵە زانراو جیاکانی خێزاندا شکڵی یەکەم بێت. کە تیایدا خۆشەویستی جنسی ئێستای شارستانی (عصري) دروست بووبێت و گەشەی کردبێت، واتە ئەمە ناکاتە ئەوەی کە لە ناو دڵی یەک ژن و مێردی (أحادية زواج) دا گەشەی کردبێت بە ڕوویەکی داپۆشراوەوە، یان بە شێوەیەکی سەرەکی خۆشەویستی یەکی ئاڵوگۆڕ پێکراو لە ناو ژن و مێرددا بێت. بەم پێ یە لە یەک ژن و مێردی‌دا (أحادي زواج) بە هیچ جۆرێک خۆشەویستی تیایدا پێک نایەت و ناتوانێت دەسەڵاتداریێتی مێرد (پیاو) تیایدا، زامنی خۆشەویستی بکات، یان لە سەردەمی دەسەڵاتی دایک سالاریش هەروەها خۆشەویستی ئاڵو گۆڕ پێ کراو هیچ بەهایەکی نەبوو لە خێزانی پێکهاتوویی یەک ژن و مێردی‌دا. واتە لە لای هەموو ئەو چینانەی کە گەشەیان کردووە لە مێژوودا، هەتا هەموو چینەکانی ئێستاش، عەقدی زەواج (ژن و مێردی) وەک دیاری کراوی پەیوەندی ژن و مێردی هەتا ئێستای نیزامی سەرمایەداری، وەک خۆی ماوەتەوە، واتە ئەم عەقدەی ژن و مێردی‌یە لە لای باوکان وەک سەفقەیەکی بازرگانی مامەڵەی پێوە دەکرێت. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا خۆشەویستی جنسی دەرکەوت بە شێوەی عەشق، بەو شێوەیەی کە عەشقێکە لە گیانی هەموو کەسێکدا هەیە، وە بە وەصفی خۆی بەرزترین شکڵە لە غەریزەی جنسی، واتە ئەمە دەبێتە شکڵێکی باش و بە سوود بە پێی پەیوەندی‌یەکی تایبەتی بە خۆی. بەم پێ یە خۆشەویستی لە یەک لاوە دەبێتە خیانەتی ژن و مێردی و نا یەکسانی و دوورکەوتنەوەی لێوە دروست دەبێت لە هیچ بارێکیاندا واتە خۆشەویستی کە تەنها لە لای پیاوەوە بێت یان بەتەنها لە لای ژنەوە بێت، ژیانی خۆشەویستی هاوتا و هاوشانی ڕەوڕەوەی ژیانی زەواجیان نابێت وە عارەبانەی ژیانیان زوو بە زووی پەکی دەکەوێت و لە ڕێگەی ژیاندا بە جێ دەمێنێت.ئەمەش بەتەنها یەک بارو یەک لایەنی خۆشەویستی نییە بە تەنها لە مێژوودا.بەڵکو لایەنی تریش هەبوون لە خۆشەویستی کە هەموو ی خیانەت و غەدر لێکردن و اغطصابە بەسەر گیان و جەستەی ئافرەتاندا ئەسەپێنرا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، خۆشەویستی سوارچاکی هەبوون. کە لە دەرەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی دا جێ بە جێ دەبوون. کە سوار چاک ئافرەتی مێردداری لە دەرەوەی ژن و مێردایەتی خۆیدا لەسەر یەک جێگا دەنوست لەگەڵیدا وە بە هەزار و یەک شێوە بەسەر سوار چاکەکەدا هەڵئەدران. واتە ئەم جۆرە لە خۆشەویستی یە بە هەموو ئەو شەرعیەت پێ دانەوەی کە داوای دەکات ئیهانەی زەمانەتی ژن و مێردایەتی دەکات، واتە ئەمانە هەموو پێک ئەهاتن لە دانیشتوانی

فەرەنسای سەرودا و هەروەها لە ئەڵمانیا کە پارچە هۆنراوەی ئەو جۆرە لە خۆشەویستیان زۆر بە جوانی نایابی ڕازاندووەتەوە .

ئنجلس ئەڵێت لە ڕۆژانی ئێستادا، عقدی ژن و مێردی لە ئاو هەوای بۆرژوازی‌دا پێک دێت بە دوو ڕێگا، لە وڵاتە کاثولیکە مەزهەبیە کان، دایک و باوک ئەگەڕێن، هەروەکو لە پێشوودا، کە ژن کەشایستەی کوڕەلاوەی بۆرژوازی بێت، ئەمە دەبێتە گەشەی تناقضی پێویست بۆ یەک ژن و مێردی( أحادیة زواج) کە گەشەیەکی کامڵ (تەواو و کەماڵ) یان بۆ گەشە و زیاد بوونی هیتیریە لە لایەنی مێردەوە، وە بۆ زیاد کردنی خیانەتی ژن و مێردی لە لایەن ژنەوە. وە هەر لە دوای ئەوەدا ئەڵێت لە وڵاتانی بروتستانتی مەزهەب، ئەمە بە پێچەوانەوەیە ! واتە کوڕی بۆرژوازی خۆشی ئەبینێ، بە شێوەیەکی گشتی بە هۆی مافی هەڵبژاردنی ژنی دەبێت لە کچانی چینەکەی خۆی، بە پێی ئەوەی کە ئەمە ئازادی‌یە وە لەبەر ئەوەی کە ئیمکانی ئەوەیە کە ببێت بە خۆشەویستی، بە بڕی خۆی، وە بناغەیەک دەبێت بۆ عقدی ژن و مێردی بە بەردەوامی ئەبێت بە حوکمی توانایی لیاقەی خۆی (جموجۆڵی) خۆ فەرز کردنی بۆ ڕۆحی ریائی پروتستانتی. وە لێرەدا ممارەسەی دەکات مێرد هیتیریە بە کەمترین گەرم و گوڕی، لێرەدا ئەبینرێت خیانەتی ژن کەمتر ڕوو ئەدات لەهەر بارێک لەو بارانەی کە ژن و مێردایەتی هەیبووە هیچ شکڵێکی لە شکڵی چەوساندنەوە و خیانەت و درۆ و ریاکاری لایەک بۆ لایەکی تر لە دەست نەداوە واتە خێزانی بۆرژوازی و ژن و مێردایەتی تیا یدا پەیوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی تیادا ڕەنگ دەداتەوە. واتە لەم دوو حاڵەتەی ژن و مێردایەتی لەسەر وەزعی چینایەتی هەردوولا، لە هەردوو حاڵەتەکە ژن و مێردایەتی بە کەڵک و بەسوود نابێت، چونکە بە تەواوی نوقمی فەسادی و خیانەت ئەبێت کە پیسی و بۆگەنی قێزە ونی ئەو ژن و مێردیی یە لەو پەڕی‌یایەتی لە لایەن هەردوو لاوە. چونکە پەیوەندی‌یەکەیان لە بنەڕەتدا پەیوەندی‌یەکی ئابووری‌یانەیە و دوور لە پەیوەندی‌یەکی سروشتی خۆشەویستی یە، واتە لە لایەن ژنەوە هیچ جیاواز نابێت لەوەی کە فاسدێکی زۆر باش و زیرەک و بە ڕەونەقە. کە لەشی دەفرۆشێت یەک جار و هەتا هەتایە دەبێت بەوەی کە کۆیلەیە. واتە ئەمان لەش و لاریان بە کرێ نادەن بە پارچە، هەر وەکو کرێکارێک بە کرێ ئەدات هێزی کارەکەی. بەم پێ یە لە پەیوەندی ژن و مێردایەتی دا لایەک لایەکی تر نەفی دەکات، وە لایەکەی تر کڕنوش دەبات یان لە بەردەمیدا ڕووت و ڕجاڵ دەردەکەوێت. هیچ پێکهاتەیەکی خۆشەویستی بە مانای عەشق پێک ناهێنێ، بەڵکو جۆرێک لە نایەکسانی پەیوەندی جنسی و ئینسانی دروست دەکات لە نێوانیاندا. بۆ ئەم باسە زیاتر لە دواتردا دەچمەوە سەری و باسوو خواستی پەیوەندی ژن و مێردایەتی ئەکەم لە نیزامی سەرمایەداری‌دا . .

باس کردنی ژن و مێردایەتی و پەیوەندی‌یەکانیان لە عەشیرەتەکاندا، لە مێژوویەکی زۆر لەوەو پێشەوە پێویستی بەوە هەیە کە دەست نیشانی پەیوەندی‌یەکانیان لەسەر بناغەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یان بکەن. لە سەردەمی کۆمۆنی سەرەتایی و پێکهاتنی عەشیرەتی ئەو کاتەی بێ چین و توێژ. پێویستی هەڵوەشانەوەی لە ناو پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی یەکانی خۆیدا بنیات نا، لە ڕێگەی ئەوەی کە دافعی (پاڵنەر) ئەم ئازاردان و چەوسانەوەی زبر و گران، بوغرا بوون (لە خۆ بایبوون) و درۆزنی و خراپی بێژان و بە چێژەوە باس کردنی و بەخیلی یەکی بۆگەن و داواکاری خۆ پەرستانەی ئەو کاتە لە کۆمۆنی سەرەتایی لە پێکهاتەی عەشیرەتی کۆندا بووە هۆی داڕوخانی خاوەندارێتی هاوبەشی شتەکان کە ئەمە

لە کۆمەڵگای تازەی متمدن (شارستانی) دا بڵاو بووەوە، واتە پێکهاتەی کۆمەڵگای چینایەتی دروست کرد کە لەسەر بناغەی خراپترین و پیس ترین هۆی پێویستی خۆی دەژیا و ژیان بەسەر دەبات ئەویش دژی توند و تیژی و ضوڵم کردن (غەدر) کردن خیانەت کردن. کە هەموو ئەم شتانەش ئەبونە ئەوەی عەشائیری بێ چینی ئەو کاتەی کۆمەڵگای بەشەری لە ناو ببات و ژیانی چەوسانەوە دەست پێ بکات. کە هەتا ئێستاش بەردەوامی خۆی وەرگرتووە و زۆر لایەنی بە جۆری تازە و بە شێوازی خۆی بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا بوونی لە ژیاندایە و جمووجۆڵی خۆی لەسەر ئەو بناغانە دەکات و بناغەی تازەشی تیا پێک هاتووە، وە هەر لە سالانی پێش لە (2700) ساڵ پێش ئێستا بوونی بووە.

کە کۆمەڵێکی کەم لەسەر حسابی کۆمەڵێکی زۆر گەشەیان کردووە و توانای ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی خۆیان پی زیاد کردووە و توانیوشیانە پارێزگاری لێ بکەن هەر بە هۆی ئەوانەوە ، واتە داڕووخانی خاوەندارێتی گشتی بۆ پێک هێنانی خاوەندارێتی تایبەتی. داڕوخانی بەهای پەیوەندی کۆمەلایەتی ئینسانەکان لە چوار چێوەی کۆمەڵگای خاوەندارێتی گشتی داو، پێک هێنانی پەیوەندی کۆمەلایەتی تازەی ئینسانە لە چوارچێوەی پەیوەندی چەوسێنەرانەی پێک هاتوو، یان بەدەست هاتوو. کە زۆرترین باریکۆمەلایەتی ئینسانی تیادا دەگۆڕیت بۆ باری کۆمەلایەتی تازە پێ گەشتوو. ؟ کاتێک کۆمەڵگا لەڕێگەی ئازاردانێک و داوایەکی خۆپەرستانەی ئینسان کۆمەڵگای تازە پێک بهێنێت ئەبێت پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکانی تیادا بەچ ئاستێک بگات ؟!. بێ گومان بەو ئاستە دەگات کە هۆی بنیات نانەکەی پێکهێناوە. واتە حاڵی ژن و مێردیش لەو بارە باشتر نابێت کە هۆی کۆمەڵگاکەی پێک دەهێنێت. ژیانیشیان ڕەنگ دانەوەی پەیوەندی ناو کۆمەڵەکەیان دەبێت. واتە ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد ، باسێکی کورت بوو لە و گوڕان کاری یەی کە بەسەر عەشیرەتی (ئیرۆکوا) هات.ئەویش نەیان وویست لە ڕێگەی ئەوەی هۆزەکانی تر ، کە دەکەوتنە دەرەوەی عەشیرەتەکەیانەوەو، مەسەلەی پەیمان بەستنی ئاشتی لەنێوانیاندا لە چوار چێوەی دەستووریاندا نەبوو ، یان بڕوایان لە سەری نەبوو وە ئەمە دەبووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ لەنێوان هۆزەکاندا ، وە ئەم جەنگانە بە توندو تیژیەک ڕووی ئەدا ،کە دەبونە ئەوەی ئینسان لە گیاندار (حیوان) جیا بکاتەوە، ئەمانەش هیچ هێواش نەدەبوونەوە، بێجگە لەوەی کە دوای بەهۆی بەرژەوەندیەکی مادیەوە شەڕەکانیان دە بەستەوە. بێجگە لەوەی کەلە تێڕوانینی ئاینیاندا. کەسەر دانەواندنێکی تەواو سەریان دادەنەواند لەبەرامبەر سروشتی دەووروووپشتیاندا ، کەدەبووە دوژمنیان و ڕووبەڕووی دەبوونەوەو نەشیان ئەزانی چۆن دەرکی پێ بکەن. واتە لەلای ئەوان عەشیرەت وهۆزەکانیان و داموو دەزگاکانیان پیرۆزەو ، بەرهەڵستکارە ، دەست لێدانی پێویست نی یە.. وە لێرە دا دەسەلاتی بەرزی یان کە سروشت سەرپشکی کردوون. کە تیایدا فەرد (تاک) بە تاکی خۆی سەرشۆڕو کڕنووش بەرە بۆی بە بێ قەیدو شەرت لە هەست و سۆزی و ئەفکارو هەڵسووکەوتەکانی دا. ئەمانەش نەئەتوانرا بە تەواوی لێک جیا بکرێتەوە لەسەردەمی کۆمۆنی نهێنی سەرەتایی. ئالەمانەوە بوو ئەو ئەنجام گیری یەی سەرەوە کەکردمان لە سەر گۆڕانی خاوەندارێتی گشتی بۆخاوەندارێتی تایبەتی.

لەلای یۆنانیەکان ،کەپێکهاتەی عەشیرەت دەگەڕێتەوە بۆزەمانی پێش کاتی مێژوو ،َ یۆنانیەکان وەکو ئەمریکای یەکان عەشیرەت و فراتری یە (عەشیرەتێک یان زیاتر) ،هۆز (چەند عەشیرەتێک، یان چەند

فراتیری‌یەک) ،پێک هێنا بەپێ ی سلسلەیەکی ئەندامی. لەهەموو ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەدا. عەشیرەت،ئەساس و بەردی بناغەی پێکهاتووە کۆمەڵایەتی یەکانی تربووە وەک فراتریەو هۆز. هەروەها شتێکی ممکن بوو کە فراتریە کەم کاتەوەو ، هەروەکو لەلای (دوریین) ە کان هەبوو ، هەروەها یەک بوونی هۆزەکان پێک دەهات لەهەموو شوێنێکدا.واتە ئەمانە هەمووی پەیوەندی دار بوون بەیاساو ڕێسای ناو عەشیرەتەکانەوەو دەیان ویست ئەوە پێک بهێنن و فراتریە گەورە بکەن یان هیچ یەک گرتنێک تیایاندا ڕونەدات. هەروەکو دەرکەوتوە لەو هۆزەی کەباسمان کرد. شانۆنامەی مێژووی یۆناننیەکان. گویزانەوەی یان دەرکەوتنی شارستانیەتی ئەوسەردەمەی ڕادەگەیاند ، کە دوو مەرحەلەی گرنگیان بۆ میژوو بەدەست هێنا ئەویش درێژ بونەوەی ئەوپیوەندیەی کەدەیانگرت لە گەڵ هۆزەئەمریکای یەکان ، لەرێگەی ئەوەوە کەئەیانویست بەدەم قسەکردن لەگەڵ یەکتریدا ، واتە ئەمە دەبێتە دوو گەشەی گەورەو گرنگ لەو مێژووەی کەدەگەڕایەوە بۆئەو گەشەیەی کەلەڕابردووی یۆنانیەکانی سەردەمی پاڵەوانێتی (ئیروکوا) داهەبوون. لەبەر هەموو ئەوشتانە ناتوانین بڵێین عەشیرەتی یۆنانی لەگەڵ عەشیرەتی (ئیروکوای) کۆن. یەک پێکهاتوی کۆمەڵایەتیان هەبووە لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکانی خۆیاندا چونکە ژن ومێردی بەکۆمەڵ (زواج جماعي) (العائلة اليونالوانية) .خێزانی پۆنالوانی ، بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر گۆڕانی پەیوەندیەکان بۆبارێکی تر دادەنێت. کەتیایدا مافی باوکایەتی جێگا بە مافی دایکایەتی دەگرێتەوە.کە لێرەدا ئافرەت تەنها ئەتوانێت لەو ڕێگایەوەی‌کە خاوەنی منداڵی بەرهەم هاتووە لە ڕێگەی پیاوەکەیەوە ،بۆی هەیە تەنها لە چوارچێوەی عەشیرەتەکەی خۆی دا مێرد بکات چونکە میرات دەگەڕێتەوە بۆ باوک. یان مێرد.لە مافی باوکایەتی دا (باوک سالاری) . بۆئەوەی میراتی ئافرەتەکە نەچێت بۆ عەشیرەتێکی ترو پارێزگاری لە سامانەکەی بکات ، کەئەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەولەناوبردنی بناغەی هەموومافێکی عەشائیری.واتە دەبێت ئیتر ئافرەت لەچوار چێوەی عەشیرەتەکەی خۆی دا شوو بکات (مێرد بکات) . بەم پێ یەلەگەڵ بوونی مافی باوکایەتی (باوک سالاری) پێک دێت لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تیایدا دروست بوونی سامانی تایبەتی ڕووی دا.ئەمە یەکەم درز بوو کەکەوتە جەستەی عەشائیریەوە. وە درزی دووهەمیش ئەبێتە بەرئەنجامی (نتيجة) سرووشتی بۆدرزی یەکەم.وە لە هەموو ئەمانەش دا زۆر شتی تریش دەبینرێت کە زاڵ دەبن بەسەر بیر و هۆش و کرداری عەشیرەتی یۆنانی دا. کە ئەویش ئاو و هەوای ئایینی هاوبەش و مافی شتە شاراوەکان (غەیبیەکان) بوون لە ممارسەی عەشائیری دا.کە خۆشەویستی و ڕێزیان لە خواوەندیکی باوەڕپێکراویان ئەنا ، دایان ئەنا ئەمە باپیرەی عەشیرەتی هاوبەشی یانە وئەمانە هەموو تایبەت مەندی ئەوانی پێک دەهێنا، لە مێژووی ژیانیان دا.

لە سیستەمی یۆنانی کۆن داو لەسەردەمی پاڵەوانێتی دا ، ڕێکخستنەعەشائیریە کۆنەکان هەتا ئێستا ،بەخشندەیی هەیە بە هەموو هێزیەوە.واتە لەگەڵ ئەوەی کە ڕێکخستنی عەشایری ئەیویست،هەموو پەیوەندیەکانی لە پێناوی خزمەتی ئینسانەکانی چوار چێوەی ئەو پەیوەندیەدا بێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا ،سەرەتای هەڵوەشانەوەش ئەبینرا ،لە ناوکۆکەی پەیوەندیەکانی دا و گۆڕانی بۆ پەیەوندیەکی تازە پێ گەیشتو. واتە کاتێک باوک مافی ئەوەی ئەبێت کە میراتەکانی بدات بە منداڵەکانی و منداڵەکانی ببنە خاوەنی جێماوە کانی باوکیان.ئەمانە هەموویان دەبوونەئەوەی کەلەخێزان دا سەروەت و سامان کەڵەکە ببێت و بتوانن ،بەپێ ی سەروەت و سامانەکەیان مامەڵە لەگەڵ عەشیرەتەکەیان دا بکەن.

واتە لە خێزانی ئەواندا هێزێک درووست دەبوو بە ڕووی عەشیرەت دا.مامەڵەی جیای پێوە دەکرا لە گەڵ ئەو پەیەوندی‌یە کۆنەی کە لە عەشیرەتەکاندا هەبوو. واتە ئەوکاتەی کە پەیوەندی عەشائیری پەیوەندی کۆمۆنی سەرەتایی ئەنواند. ئیتر ناتوانێت ببێت بەو پەیوەندی یەو ئینسانەکان بەیەکسانی تایبەت بەخۆیان ژیانی یەکسان بەرن بەڕێوە.واتە جیاوازی لە خاوەنداریێتی کاریگەری دەبوو وەهەی بوو بەپێ ی کاریگەری خۆی لە سەر ڕێکخستنی و بەڕێوەبردنی دا و وەبەدروست بوونی یەکەمی ئەم خاوەنداریێتی یە ، یەکەم لایەنی ئیرستروکراتی میراتگریو دەسەڵاتی خاوەنداریێتی درووست کرد.لە ئێستادا بەتەواوی ناتوانین بڵێین کە کۆیلەیەتی ئەندامانی ئەم عەشیرەتانەی دەگرتەوە. بێجگە لەوانەی کە لەسەرەتای ئەم پەیوەندیە درووست بووەو دەبونە بەدیل گیراوی جەنگە عەشائیریەکانی ئەوسەردەمەو یەکەم کۆیلەیان پێک دەهێنا.چونکەئەم جەنگانە لەنێوان عەشیرەتەکاندا ،ئەگۆڕان بۆ پرۆسیسی دزی وداماڵینی هەموو ئەو شتە بەنرخانەی ئەوسا. واتەئەم شەڕانە لە ووشکانی و ئاودا، لە پێناوی دەست بەسەراکرتنی کۆیلەو گیان دارو کەلو پەلە بەنرخەکانی پێکهاتووی ئەوسای ناو عەشیرەتەکان. وەهەموو ئەمانە ئەگۆڕان بۆ سەرچاوەیەکی سادەی بەدەست هێنان ،وەدەبوونە پیشەی تایبەت ، ئەمانە هەموو دەرگایەکیان لەسەر کۆیلە دارەکان دەکردەوە بۆئەوەی ئەندامانی هۆزەکەیان عەشیرەتەکە،تیایدا کۆیلە بکات بەیەک ووشە، سەروەت و سامان هەموو ئەو شتانەی گۆڕی کە دەبوونە کاری خێر و خۆشی گەورە بۆ ئەندامانی عەشیرەتەکان.ئەمانە هەموو پەیوەندی یە عەشائیریە کۆنە کانی دەپچڕاندن و بە دەلیلی موضوعی بێ عەقڵی و قێزەونی لە پێناو بردنی سەروەت وسامان بە توندو تیژی و ڕق لێ بونەوەو زوڵم وزۆری ئەو کاتە ،ئەمانە هیچ شتێکیان کەم نە دەکرد بێجگە لەوەی کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی عەشائیری بێ چین یان لەناو دەبردوو لە جێگەی ئەوەدا خاوەنداریێتی سەروەت و سامانیان درووست دەکردو هەندێک تیایدا دەبووە کۆیلەو هەندێکی تریش دەبوونە خاوەنی کۆیلە. واتە لە چوار چێوەی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر عەشائیری کۆندا دەهات ، بانگە وازی ئەوەی دەکرد کە خاوەنداریێتی تیایدا جێگیر بووەو (خاوەنداریێتی تایبەتی) کۆتایی بەوە هێنا وە ، کە لەحاڵەتی (باری) مۆلەقەو ناجێگیری دا مابێتەوە و دەبووە ئەوەی ئیتر لە ڕێگەی توندو تیژی و لێدانەوە سەروەتو سامان و خاوەنداریێتی تایبەتی بتوانێت گەشەی خۆی بکات. بەم پێ یە ئیتر ئەوە پیرۆز بوو لە دابەش بوونی کۆمەڵ بۆچینەکان بە پێ ی ئەوەو بەڵکو بە مافی چینە خاوەندارەکان لە بەهرە کێشانی چینە بێ سەروەت و سامانەکان. وە ئەمە یەکەم دەسەڵاتی زاڵ بوون بوو کەچینی خاوەدار بە سەر نەدارەکانی دا سەپاند. ئەمانە هەر بەوەوە نەدەوەستاو گەشەیان لە ناوکی ئەم پەیوەندیەدا دامەزراوەیەک دەردەکەوێت وئەوە بەدەست دەهێنێت کە ناوی دەوڵەت دەبێت. واتە بەدەستهێنانی دەوڵەت (اختراع) (داهێنان) لە یەکەم ساتی درووست بوونی خاوەنداریێتی یەوە شتێکی هاتوو بەرجەستە دەبێتەوە.هەروەها بە نەمانی چینەکان دەوڵەتیش بەهای چینایەتی و دەسەڵات داریێتی خۆی لە دەست ئەدات.لەڕێگە ی ئەوەی هەندێک لەو خێزانانەی کە لە چوار چێوەی عەشیرەتێک یان هۆزێکدا دەبنە خاوەنی سەروەت و سامان و کۆیلە ی یان دەبێت وەئیتر وەزیفەی عەشیرەت دەکەوێتە دەستی ئەو خێزانانەی کە خاوەنی کۆیلە و سەروەت و سامانن. وە مافی ئەوەیان دەبێت ، کە ممارەسەی وەزیفەی گشتی بکەن و کەمتر لەوەی کە جدل ونکۆلی کردن هەڵبگرێت.وەئەم خێزانانە لە ڕێگەی ئەوەوەی کەهێزی سەروەت وسامانیان لە دەست دایە.دەبنە ئەوەی کەچینێکی جیاواز بن لە دەرەوەی عەشیرەتەکەیان دا. واتە لێرەوە دەوڵەت پێک دێت و

گەشەدەکات. کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەتیایدا دابەش بوونی کار جێگیر دەبێت لە نێوان جوتیاران و پیشەواران دا ،کە دەبێتە هۆی ئەوەی گرنگی خۆی لەدەست دەدات دابەش بوونی کۆمەلگا بۆ عەشیرەت و هۆزەکان. واتە ئەوەی لەڕابردودا دەبووە ئەم دابەش بوونە ئیتر بەهای کۆمەڵایەتیان لە دەست دەداو کۆمەڵ وەک عەشیرەت وهۆز پەیوەندی خۆیان دەست نیشان ناکات.

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە (تناقض) یَکی (دژایەتی / لێک جیایی) گەورەو عاسی بوو دروست دەبێت لەنێوان کۆمەڵی عەشائیری و دەوڵەت ،واتە یەکەم هەوڵ دان بۆپێک هاتنی و دامەزراندنی دەوڵەت تێک شکاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی عەشائیری بووە. بە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی هەموو عەشیرەت دابەش دەبێت لەنێوان باش و خراپ واتە باشەکان خاوەن داراو سامان دەبن و خراپەکانیش نەدار و کۆیلە دەبن. ئەمانەش بە پیَ ی پێکهاتەو پەیوەندی یان بۆ دوو چین دابەش دەبێت ، بەپیَ ی کارەکانیان. واتە کێشەی نەدارو دارا دەبێتە ئەوەی کە دژایەتی درووست بکات لە نێوان خۆیان دا. واتە دەوڵەت سەرەتای درووست بوونی دژایەتی هەندێک لە ئینسانە دژی بەشەکەی تریان. ئەمانە هەموو ئەو پێکهاتەیە بوون کە دەوڵەتی (ئەسینی) یان لێوە لە دایک دەبوو. ئەم دژایەتیەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی سەروەت و سامانەوە درووست دەبوون چونکە کۆبونەوەو کەڵەکە بوونی سەروەت وسامان ، بە هێزی کاری نە دار کۆیلە کانیان بە دەستیان دەهێنا. کە ئەمانەش هەر هەمویان پێویستیان بە توند و تیژی وچەوساندنەوە هەیە. کە بەر ئەنجامی هەموو چوساندنەوەیەکیش دژە کردار هەیەو بە پێچەوانە ی ئاراستەکەیەوە دەیەوێت ئاراستەی هەووڵ و کۆششەکانی خۆی ئاراستەی بکات.واتە سەروەت وسامان و کۆکردنەوەی دەبێتە هۆیەکی بنەڕەتی لە پێناوی بریندار کردنی ئازادی گەلی ئەسینی (مەبەست لەوسای ئەسینایە) . هەر ئەو کاتەی کە پیاو ماقوڵانی سەرەکی جێگیر دەبن لە ئەپیناو دەورو پشتەکەیان ، هەروەها بازرگانی دەریایی و دەریاوانی کە ممارسە دەکرا ، هەموو ئەمانە دەرگایەکیان لە بەردەم ئەو پیاو چاکانەدا کردەوەو تیایدا دەوڵەمەند دەبوون و پارە و پول یان سەروەت وسامانی نقدی (پولی) لەدەستیاندا چەق بەستوو دەبوو. لێرەوە ڕێکخستنی عەشائیری ڕێک نەدەکەوت لەگەڵ ئابووری پولی (نقدي) . ئەمانە هەموو دەبوونە ئەوەی کە ئابووری نقدی تێکەڵ بە کۆمۆنەی دێهاتی ببێت لە چوارچێوەی گەشەکردنی خوىدا. وە دەبوونە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی عەشائیری لە نێوان جوتیارە بچوکەکاندا کزو لاواز بێت یان نەمێنێت ،کە لەڕابوردویاندا پارێزگاری لەو پەیوەندی یە یان دەکردوو نەبوونە ئەوەی کە بە نیوە کار یان سێ یەک یان ببنە کۆیلە لە چوار چێوەی ئەو پارچە زەویە دا کە کاری تیادا دەکرد و بەرهەمی ئەهێنا.

هەروەها ئەسینی یەکان رهن (ترمینات بۆ قەرز) لە چوارچێوەی قازانجی زەوی و زار بە دەست هێنا، هەروەها کۆمپیالە (سند) قەرز و تەئمیناتی قەرزی قازانجی زەوی و زار هیچ کام لەمانە نەیان ئەتوانی حوورمەتی عەشیرەت و فراتریە بگرن و پەرە بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی یە بدەن، بەڵکو زیاتر و زیاتر عەشیرت و فراتریەکانی دەبرد بە رۆخی لە ناوچووندا، چونکە لە سیستەمی عەشائیری کۆندا، نەدرا و پیَ ئەزانرا و نە قەرز و نە قەرز کردنی پوولی (نقدية) . کە ئەمانە دەبونە ئەوەی زیاتر پیاو ماقوڵان و خاوەن سەروەت و سامانی پوولی گەشە بکەن و بڵاو ببنەوە بە ناو پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازەدا و ئەوەش دابڕێژن بۆ خۆیان کە مافی تازە تیایدا، چەق بەستوو بێت لەسەر عرف و عاداتی تازە کە دەبووە ئەوەی پارێزگاری بکات لە قەرزدەر لە بەرامبەر ئەوەی کە قەرزی لیَ دەکات هەروەها دەبووە

ئەوەی کە جوتیارانی بچووک بچەوسێنەوە و بەهرەکێش بکرێت لە لایەن خاوەن پارە و پوولەوە. واتە لە زۆرترین کاتدا ئەمانە نەیان ئەتوانی قەرزەکانیان بدەنەوە بە خاوەن قەرزەکان. بەڵکو جوتیارانی بچووک لە بەرامبەر ئەوەی کە قەرزیان کردووە و بۆ قازانج کردن لە زەوی و زاردا، دەبووە هۆی فرۆشتنی پارچە زەوی‌یەکانی یان بە خاوەن قەرز یان ئەوان نەیان ئەتوانی ئەو پارەیە بدەن بە خاوەن زەوی‌یەکان کە بە کرێی قازانجی سەدی لە کاتێکی دیاری‌کراودا وەردەگیران، جوتیارانی رووبەڕووی نەهامەتی و دەردەسەری و کۆیلە بوون دەکرد بە خۆی و ئەندامانی خێزانەکەشی یەوە لە پاڵ ئەمەشدا خاوەنداری ئەریستوکراتی پێک دەهات و کۆمەڵگای حوکم ڕان دەکرد. لەبەر ئەوەی کە جوتیاران پارەی قەرزەکانی یان بۆ نەئەدرایەوە و زەوی‌یەکانیان ئەفرۆشت.عەقد و صفقەیەکی تر لە پەیوەندی نێوان ئەوان و ئەریستوکراتەکان دەهاتە پێشەوە، کە ئەویش جوتیارانی دڵ خۆش دەکرد کە پارچە زەوی‌یەکیان بە شەش یەک یان حەوت یەک یان دەیەک لە خاوەن زەوی‌یەکان دەگرن، واتە ئەمەیان دەبووە سیفەتی بە کرێ گرتنی زەوی بۆ جوتیاران و بە کرێ دانی زەوی بۆ ئەریستۆکراتەکان، کاتێک کە جوتیاران زەوی‌یەکانیان دەفرۆشت و ئەو پارەیەی کە زەوی‌یەکەیان پێ فرۆشتووە نەتوانێت قەرزەکەیان پڕ بکاتەوە یان پارەکەی بۆ بدرێتەوە ئەوا ئەو کاتە دەبێت قەرزدار مناڵەکانیان وەک کۆیلە بفرۆشن بە وولاتانی تر تا بتوانن قەرزەکانیان بە خاوەن قەرزەکان بدەنەوە. واتە ئەمانە هەموو ستەمی ئەو پەیوەندی‌یەیە کەتیایدا خاوەنداریێتی تایبەتی دروست بووە ژیانی ئینسانی لەو ساتەدا کردووەبە کۆیلە و خاوەن کۆیلە بە چەوساوە و چەوسێنەر فرۆشتنی مناڵ لە لایەن باوکەوە ئەوە یەکەم بەرووبوومی مافی باوکایەتی (الحق الابوي) یەک ژن و مێردی (أحادية الزواج) یە، کە تیایدا باوک سەروەر و سەرداری فرۆشتنی مناڵەکانی یەتی وەکو کۆیلە کە خۆشی ئەندامێکی ئەو کۆیلەداری دەبێت و تیایدا خۆشی کاری کۆیلەیەتی جێ بە جێ ئەکات، کە پێویست ئەکات لە کاتێکدا کە قەرزەکەی بە فرۆشتنی مناڵەکانی تەواو نابێت و ناتوانێ پارەکە بە تەواوی بداتەوە ئەوا خۆشی دەبێت خۆی بفرۆشێت وەکو کۆیلە هەتا بتوانێت پارەکەی پڕ بکاتەوە ئەگەر ئەمەش وا نەبێت مناڵە کانی پارەکەی بۆ تەواو بکەن هەمدیسان هەر دەبێت خۆشی بە کاری کۆیلە بوونی خۆیەوە خەریک بێت بە خاوەن زەوی‌یەکی گەوەرە و ئەریستوکراتێکی پارەدار بفرۆشێت و ببێتە کۆیلە و لەگەڵ پارچە زەوی‌یەکدا لە دژایەتی بەردەوام بێت و وە ئەم جۆرەیان لە دژایەتی دەبێتە کارێکی بەرهەم هێن بۆ خاوەن قەرز و پارە و پارچە زەوی‌یەکە، ئەمانە دەبنە ئەوەی کە پرشنگی خۆری زێڕینی شارستانێتی بێت لە لای گەلی ئەسینی.

لە پێشدا ئەوانە ئەبونە کارێکی مەحاڵ و سەرسوڕهێنەر لە ناو پەیوەندی عەشائیری‌دا کە گۆڕانکاری‌یەکی بەو جۆرە روو بدات. بەلاٍم رووشی دا و کەسیش نازانێت چۆن جێ بە جێ بوو. ئەمانە پێکهاتەی دەوڵەت بوو لە لای ئەسینیە کان بەڵام بۆ دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو لە پێش هەموو شتێکدا پێویستی بە هێزی چەکداری تایبەت هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری جەنگی بچووک و یان بتوانێت شەڕ (جەنگ) بە دەورو پشتیان بفرۆشن و بتوانن پارێزگاری لە کەشتی یە بازرگانی یەکانیان بکەن، کە لە سەرەتادا ئەم هێزە لە لای ئەسینی یەکان بوونی نەبوو. دەریاوانیان هەبووە بەڵام دەریاوانی یەکەیان هێزی نەبووە. وە ئەو هێزەی کە ئێستا لە دەوڵەتی ئەسینی دا پێویست بووە. وە لە مەرحەلەیەکی دیاری نەکراودا، لە پێش سۆلون، واتەسەردەمێک کە تیایدا هێشتا بە تەواوی دەوڵەت

گەشەی نەکردووە وەک ئەوەی کە سەرباز و جبەخانەی جەنگی و سەربازی هەبێت. (نوکراریات) پێک هات کە ئەویش هەر نوکراریاتێک پێک دەهات لە بازنەیەکی بچووکی ناوچەیی دا، کە ژمارەکەی (12) بازنەیە لە هەموو هۆزێکدا. هەروەها لەسەر ئەم بازنە بچووکەی ناوچەیی یەدا (نوکراریەت) پێویست بوو کە یەک کەشتی جەنگی پێشکەش بکات کە پڕ چەک کرا بێت و ئامادە کرابێت بە کەشتیوانێک کە بتوانێت لا بدات بە ئەملا و ئەولادا. هەروەها سوارچاک پێشکەش بکەن. ئەمانە دەبونە ئەوەی ئەودام و دەزگایانەی سیستەمی عەشایەری لە ناو ببات بە شێوەیەکی دوو لایەنی (مزدوجة) لەبەر ئەوەی یەکەم، دەسەلاتی گشتی ناگەڕێتەوە بە هیچ جۆرێک بۆ زۆری گەلی چەکدار کراو. لەبەر ئەوەی ئەم دەسەلاتە لە لایەن ئەریستۆکراتەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە ئەوان توانیویانە لە چوارچێوەی ئەو بازنە ناوچەیی یەدا کار و فرمانی خۆیان ئەنجام بدەن بۆی ئەنێرن یان ئەوان ئەو بازنانەیان پێک هێناوە و ئەوانەی کە لە هۆزەکاندا لەو بازنانەدا سەر دەکەوتنە سەرەوە، وە لە (نوکراریات) دا پێک دەهاتن لەسەر دەسەلاتیان تەنها ئەرستۆکراتەکان بوون. وە لەبەر ئەوە، دووەم گەل دابەش بوون بۆ یەکەم جار لە پێناو مەبەستی گشتی دەولەت بەلکو بە پێی ئەوە نا کە کۆمەلەکان کۆ دەبونەوە لەسەر ئەوەی کە لە نێوانیاندا پەیوەندی‌یەکی خزمایەتی یان (نسب) ی دیک و باوکایەتی بێت، بەلکو ئەو کۆبونەوانە بە پێی ئەوە بوو کە لەسەر یەک پارچە زەوی جێگیر ببن و ئیدارە و پەیوەندی‌یەکی تری کۆمەلایەتی دروست ببێت. کەس ناتوانێت نکولی لەوە بکات کە کۆبونەوەکانیان تیایدا نەدار و دارا بوون وە لەم کۆبونەوەیە لە پارچە زەوی‌یەکدا. پەیوەندی چەوساوە و چەوسێنەر هەبوو. ئەریستۆکراتەکان لەسەر یەک پارچە زەوی لەگەل کۆیلەکان، دەبونە (زالو) .و خوێنی ئەوانیان ئەمژی واتە پێویستی ئەم دەولەتە بۆ خوێن مژینی ئەوان پێک دەهات و بەهرەکێشانی ئەوان و دەولەمەند بوونی ئەریستۆکراتەکان. بەش بە حالی خۆشی ئەم پێکهاتووە تازەیە گرنگی خۆی هەیە. کە لە دوایدا باسی لێوە دەکەین.

لێرەوە دەردەکەوێت کە سیستەمی عەشائیری، ئیتر نەی ئەتوانی هیچ یارمەتی یەک پێشکەش بە گەلی چەوسێنەر بکات (المستثمر) ، واتە ئەوان هیچیان بۆ نەئەمایەوە بێجگە لەوەی کە دەولەت پێک بهێنن و أعتماد بکەنە سەر ئەم دروست بوونە، بە ڕاستی دەولەتیش ئەوەی بۆ جێ بەجێ کردن و دەستی یارمەتی بۆ چەوسێنەران درێژ کرد لە چەوسانەوەی هەژاراندا، بە شێوەی ڕێکخستنێکی ئیداری کە (سۆلۆن) جێ بەجێ ی دەکرد لە هەمان کاتدا ئەمانە هەر هەمووی جار لەگەل جاردا بە هێز دەبوون لەسەر حسابی سیستەمی کۆن. واتە هەموو ئەو پەیوەندیە تازەیە پڕ دەبوون لە جمووجۆلێک کە دەبونە هۆی پێکدادان و لێک ترازانی بەرژەوەندی‌یە جیاجیاکان لەگەل یەکتری‌دا و، کار و جولانەوەی سیاسی بە خۆیەوە دەبینی واتە دەچونە ئاستێک کە جولانەوەی سیاسی یەکان دژایەتی بەرژەوەندی خاوەن دەولەتی دەکرد ئەویش بە داواکردنی تر لە خاوەندارێتی لە لایەن ئەم جولانەوە سیاسی یانەوە دەهاتە پێشەوە. واتە لە ساتە وەختی خۆیدا زنجیرەیەک لە شۆڕشی سیاسی بلاو دەبونەوە و بەژداری راستەوخۆیان دەکرد لە ناوەندی پەیوەندی خاوەندارێتی دا. ئەوە نەبێت ئەم شۆڕشانە بۆ هەلوەشانەوەی خاوەندارێتی بێت. بەلکو بە پێچەوانەوە. لەو کاتانەدا شۆڕشە سیاسی یەکان لە پێناوی بە دەست هێنانی جۆرێک لە خاوەندارێتی بوون لە بەرامبەر جۆرێکی تری خاوەندارێتی دا، واتە پارێزگاری یان دەکرد لە جۆرێکی تر لە خاوەندارێتی و دژی جۆرێکی تر دەبوون کەواتە سیستەمی سیاسی جولانەوە و دژ بە سیستەمی سیاسی باوی ئەو کاتە دەست نیشانی ئەوەی دەکرد کە داوای چ

جۆرێک لە خاوەندارێتی ئەکەن ئەو شۆڕشە ساسی یانەی کە سیاسەت مەدارەکانیان دەستیان پێوە گرتبوو ئەمانە هیچیان جێ بەجێ نەدەبوون هەتا دژ بە مافی خاوەدارێتی نەجوڵێتەوە و داوای جۆرێکی تر نەکەن.لێرەوە هەموو شۆڕشەکان بە شۆڕشی سیاسی ناو بران ، کە دەست پێ دەکات لە یەکەم شۆڕشیەوە هەتا دوا شۆڕشیان ، ئەمانە هەموویان دەربڕین دەبن بۆ ئەوەی کە خاوەندارێتی یەکی تر دەدزن ،وە یەک سەرچاوەی تری پەیەوەندی ئابووری خۆیان جێ بە جێ دەکەن لە خاوەندارێتی.ئەمانە دەبنە ئەوەی کە خاوەندارێتی تایبەتی ڕوو بدات و جێ بە جێ ببێت لە کۆمەڵگادا ، لە ماوەی (2700) ساڵ پێش ئێستادا وهەتا ئێستاش لە ڕۆمای کۆندا جارێکی تریش گەشەو درووست بوونی دەووڵەت لە هەناوی پەیوەندی عەشائیری دا سەری هەڵدا و ، توانی بنیاتی خۆی لەسەر ئەرزی واقع بنیات و واقع بکات. کاتێک کە سیستەمی کۆمەلایەتی کۆن لە ناو برا ، لە پەیوەندی عەشائیری کۆن ی ڕۆمانی دا. کە ئەو کاتە پەیوەندی یەکانیان چەق بەستوو بوو لەسەر ئەساسی نزیکایەتی خوێن و خزمایەتی شەخسی. وە ئەم پەیوەندی‌یە بە سیستەمی تازە پێکهاتووە قەرەبوو کرایەوە، واتە جارێکی تر دەسەلاتی خاوەندارێتی تایبەتی کاری خۆی لەگەڵ دەسەلاتی گشتی دا یەک لای کردەوە بەوەی کە توانیان دەسەلاتی خۆیان جێگیر بکەن و سیستەمی دەولەتی خۆیان دامەزراند، کەچەق بەستوو بوو لەسەر دابەش بوونی ناوچەیی و لەسەر ئەساسی جیاوازی سەروەت و سامان کە ئەرستۆکراتەکان دەسەلاتی خۆیانیان تیادا جێگیر دەکرد لێرەوەیە کە دەسەلاتی گشتی گەمارۆ دراوە و هەڵوەشاوەتەوە کە بە دەستی دانیشتوانێک کە بە خزمەتکردنی سەربازی‌یەوە پەیوەست بوون ئەمانە لە ژێر ڕێنوێنیی و دەسەلاتی خۆیاندا، هەموو ئەوانەیان هەڵئەسوڕاند و بە کاریان ئەهێنان بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر سوود و قازانجەکانیان بە دەست بهێنن لە زەوی و زارەکاندا و بازرگانی یەکانیان بە باشی و بە دەسەلاتەوەجێ بەجێ بکەن، ئەمانە تەنها هەر دژی کۆیلە نەبوو بەو پێ یە، بەڵکو دژی ئەوانەش بوون کە ناویان دەبرا بە پرۆلیتاریا کە ئەمانە دووربوون لە خزمەتی سەربازی وبێ بەش بوون لە چەک و چۆڵ. واتە چەند بۆ ئەوەی خزمەتی بازرگانی و قازانجی زەوی و زارەکانیان بکەن ئەوەندەش دژ بە کۆیلە و ئەوانەی کە بە پرۆلیتاریا ناو دەبران، بەکار دەهاتن واتە ئەم دەزگا سەربازی یە دەزگای پارێزگاری کەر و لەسەر پێ ڕاگرتنی دەسەلاتی خاوەندارێتی تایبەتی ئەو کاتە ڕۆمانەکان و یۆنانی یەکان و ئێستاش کە هەر کاتە و هەر ساتەی بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵ و داهێنانەکانیان گەشە و نەشوونمایان بەو دەزگا سەربازی‌یانە کردووە، واتە ئەمانە هەموویان لە چوارچێوەی سیستەمی تازەدا گەشە یان نەدەکرد، هەتا سەرۆک عەشیرەت یان ملک کە بە (رکس) ناو دەبران دەرکرد لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەلایەتی عەشیرەتی کۆندا و (ترکونیوس) ی گەورە بوو، کە دەستی گرت بەسەر دەسەلاتی خاوەندارێتی حەقیقیدا و، توانی مەلیک لە ناو ببات و دەسەلاتی خاوەندارێتی تایبەتی لە جێگەی خاوەندارێتی گشتی دامەزرێنێت و لە جێگەی ئەوەی کە (رکس) ملک بە دوو سەرکردەی سەربازی گەورە جێی پێ گرتەوە کە بەهرە مەند بوون لە هەمان دەسەلات کە لە لای (ئەیروکوا) هەبوون، واتە ئەم سیستەمە تازەیە کە لە لایەن ڕۆمانەکان پێک دەهات، مێژووی‌یەکەیان هەمووی پڕبوون لە دژایەتی تایبەتی یەکان و گشتی یەکان لەگەڵ یەکتری‌دا، لە پێناوی ئەوەی کە کار و فرمانی گشتی بخەنە گەڕ و تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە ئیتسغلالی یان زەوی و زاری دەوڵەت بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. ئەریستوکراتی بطریرک بۆ هەتا هەتایی هەڵبوەشێتەوە و لە چینێکی تازەی گەورە خاوەنانی زەوی و زار و پارە و پول دا جێگیر بکرێت،

که هەموو زەوی و زارەکانیان ووردە ووردە لە دەست جوتیاران دەردەهێنا و خۆیان دەبوونە خاوەنی وە هەموو ئەم جێ بەجێ کردنە بە هۆی خزمەتی سەربازی‌یەوە جێ بەجێ دەکران، وە ئەمانە دەبونە ئەوەی کە زەوی و زارە گەورەکانیان بە هۆی کۆیلەی زەوی‌یە گەورەکانەوە، ئەکێڵران و بەرهەم ئەهێنرا، ئەمانە چەوسانەوەی زۆر و بێ سنووریان دەخستە سەر جوتیاران و جوتیارانیان بە ڕاستی وەک کۆیلە ڕاگرتبوو، بێ گومان ئێمە لە پێشەوە ئەوەمان باس کردووە کە ئەم پرۆسیسە چۆن جێ بە جێ کراوە لە لای یۆنانی یەکان.

هەروەها بۆیە دەسەڵات بەدەستەوەگرتنی خاوەنداریێتی تایبەتی لەلای ڕۆمانەکانیش هەر بەو شێوەیە یان شێوەیەکی زۆر لەیەک چوو دەرکەوتووە. بە پێی ئەو دەسەڵاتەیان وایان لە جووتیاران یان کۆیلە کان کردبوو کە ئیتالیایان چۆڵ کردووە لە ڕێگەی ئەو فشارە زۆرکاری‌یەی کە لەسەر جووتیاران و کۆیلەکان بووە. وە لەلای جرمانی یەکان (ئەڵمانیەکان) هەمان ڕوودان هەمان پەیوەندی عەشائیری هەبووە، کە هەمان پەیوەندی بوو لەلای یۆنانی یەکان لەسەردەمی پاڵەوانێتی داو، لەلای ڕۆمانەکان کە ناو دەبرا بەسەردەمی ملک، کۆمەڵی شعبی (گەلی) ، شورای شێخ (سەرۆک عەشیرەت) عەشیرەت، یان سەرۆکی سەربازی کە هەوڵی بەدوای دەسەڵاتی خاوەنداریێتی حەقیقی یەوەیە. ئەمانە هەر هەموویان بەرزترین و جوانترین ڕێکخستنی ئەو کاتانەی سیستەمی عەشائیری بوون.هەروەها دەبوونە ڕێکخستنێکی نموونەیی لەلایەنی بەرزی بەربەری‌یەت. واتە هەموو ئەو چوارچێوانەی کە کێشران لە کۆمەڵی عەشائیری‌دا. دەبوونە هۆی ئەوەی کە ئەم چوارچێوەیە وەک خۆی نەمێنێتەوەو، بە و مەبەستەی دەبوونە هۆی ئەوەی کە لە کۆتای دا سیستەمی عەشائیری هەڵ بووەشێنێتەوەو، لە جێگای‌دا دەسەڵاتی دەوڵەت جێگیر ببێت. کە دەوڵەت بریتی یە لە بەرهەمی کۆمەڵ لە دەرەجەیەکی دیاری کراوی گەشەکردندا. واتە دەوڵەت لەوێوە گەشەی کرد، کە خاوەنداریێتی گشتی گۆڕانی بەسەردا هات و بۆ خاوندارێتی تایبەتی گۆڕا. بەم پێ یە دەوڵەت خاسیەتی دەسەڵاتی چینایەتی یەو دەتوانرێت بەهۆیەوە دەسەڵات دەست نیشان بکرێت و یان پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی چینایەتی دەست نیشان بکرێت بە پێی ناوەڕۆکێک کە ئەو دەوڵەتە هەیەتی.

لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتدا، خێزان سیستەمێکی تری ناو ئەو سیستەمەیە کە دەتوانێت پەیوەندی ڕوون و ئاشکرایان بەیەکەوە هەبێت. لەبردنە ڕێوەی کۆمەڵ و وە کاریگەری دەوڵەتی گەشەکردوو، لەسەر خودی ناوەندی پەیوەندی خێزان. واتە کاتێک کە کار دابەشکرا لە خێزاندا، ئەمانە بوونە شەرتی، دیاری کردنی دابەش بوونی خاوەنداریێتی لە نێوان ژن و پیاودا. وە ئەمە دابەش بوونی کارە کە دەمێنێتەوە لەسەریان، بەڵام ئەمانە لە ئێستای پەیوەندی‌یەکاندا، کە لە کۆندا پەیوەندی ناو ماڵ بوون، گۆڕانکاری یان بەسەردا هات، لەبەرئەوەی کە دابەش بوونی کار لە دەرەوەی ماڵدا گۆڕا، ئەمانە هەموویان دەبوونە ئەوەی کە ئافرەتان لە پێشدا، دەسەڵاتیان لە ماڵدا تەنها لەڕێگەی جێ بەجێ کردنی کاری ناو ماڵەوە بووە. واتە نەیتوانیوە دەست بەسەر ئابووری ماڵدا بگرێت، بەڵکو جیاوازیشی لە نۆکەرێک نەبووە بەوەی کە تایبەت کراویشە بە بەرهەم هێنانی منالەوە. ئەمانە دەبوونە ئەوەی کە بە شێوەیەکی حەتمی دەسەڵاتی پیاو لە ماڵدا بەسەر منال و ژنەکەشی دا.واتە ئەم لەدەرەوە بەرهەم هێن بوو بەڵکو ئەمیش نان و بژێوی بۆ ئەوان دابین دە کردوو دەبووە بەخێوکەری بنەڕەتی بۆ ماڵ و منداڵ، واتە ئابووری خێزان کەوتووبووە دەست پیاوی ئیش کەر لە دەرەوە، لەڕێگەی ئەمەوە توانی دەسەڵاتی

پیاوانەی خۆی بەسەر ماڵ و منداڵدا فەرز بکات. ئەمە دەبووە ئەوەی کە کاری ناوماڵی ئافرەت هیچ بەهایەکی نەبێت بەو ڕێژەیەی کە پیاو لەدەرەوەی ماڵدا ئیش وکاری بەرهەم هێن بەڕێوەدەبات. کاری پیاو لەدەرەوەی ماڵدا دەبووە هەموو شتێک و کاری ناوماڵی ئافرەتانیش دەبوونە کارێکی بێ بایەخ وهیچ و پاشکۆی کارێکی بێ مانا. بەم پێ یە لێرەوە ئەسیرکردنی (کۆیلەکردنی) ئافرەتان لە چوارچێوەی ماڵەوە و ئەرکی بەخێوکردنی مناڵ و بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی ناوماڵ، دەکران و دەووری کاریگەریان لەسەر کۆمەڵ و لەگەڵ پیاواندا لێیان دەسەنرێتەوەء و وەک ئینسانێکی زیندووی بەشی مردوو خۆر ئەبینرێت، نەک وەکو ئینسانێکی کۆمەڵایەتی لەپەیوەندی‌یەکی کۆمەڵایەتی و کاریگەری یان هەبێت و کارگێڕ بن لەو پەیوەندیانەدا. ئەمەش دەبێتە ئەوەی کەپیاوان جارێکی تریش خۆیانی پێ کۆیلە بکەن لەبەرامبەر خاوەنانی یان، کە خاوەن کۆیلەکانە. واتە ئافرەتان ناتوانن ڕزگاریان بێت، وە ناتوانن یەکسان بن لەگەڵ پیاواندا و وەک یەک بەهرەمەند بن لە هەموو مافێکیاندا، هەتا لە ئێستا و ڕابردووشدا، ئەگەر ئافرەتان بەشداری نەکەن لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی و، لەگەڵ ئەمەشدا ئافرەتان نابێت بەوەوە ئیکتفا بکەن کە ئیشی تایبەتی ناوماڵ جێ بەجێ بکەن. واتە ڕزگاری ئافرەتان پێک نایەت، هەتا بەشداری یەکی فراوان و گەورە لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دا نەکەن. بەرهەم هێنانی ئافرەتان لە پرۆسێسی بەرهەم هێناندا ئەو کاتە زۆرە ناکوژێت کە لە چوارچێوەی ماڵدا ئافرەتان پێوەی خەریک دەبن. بەم پێ یە ئافرەتان بێجگەلەوەی کاتێکی کەم لە کارکردن بەسەردەبەن لە چوارچێوەی ماڵدا ئەوەندە کاری دوور و درێژی ناوماڵ بەجێ ناگەیەنن. ئەمانەش کاتێک دەبن کە پیشەسازی گەورە توانیبێتی کاری ناوماڵیش وەکو بەشێک لە کاری کۆمەڵایەتی بنوێنێت. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا لەو کاتەدا، ناتوانین بڵێین ئافرەتان بە تەواوی ڕزگاریان بووە، چونکە جارێکی تریش لە درەوەی ماڵ و ئیشی ماڵدا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبێت بەهۆی ئەوەی کە هێزی کارەکەی بە سەرمایەداران دەفرۆشێت، لە پرۆسێسی پەیوەندی کار و سەرمایە. هەندێک جاریش و لەسەردەمەکانی مێژووی پێش ئێستادا و لە هەندێک دەوڵەتانی دنیادا، یان لەسەردەمی نەشونمای سیستەمی سەرمایەداری‌دا هێزی کاری ئافرەتان بە هەرزانترین نرخ دەکڕان و زۆرترین کات کاریان پێ دەکرا و لەگەڵ هێزی کاری منداڵاندا هەندێک جار یەکسان و هەندێک جاریشیان کەمتر دەبوون لە نرخدا، ئەمانەش جارێکی تر بێ مافی و نایەکسان سەیرکردنی ئافرەتانە لەگەڵ پیاواندا لە سیستەمی سەرمایەداری‌دا. وە بێجگە لەوەی کە بەهای هێزەکەی کاتێک دێتە خوارەوە، وە بەهای ئینسانیەکەی کەمتر سەیر دەکرێت و لەگەڵ پیاواندا لاوازو بێ هێز سەیردەکرێن. ئەمانەن کە دەبنە سوودو قازانجی گەورە بۆ سەرمایەداران. واتە تەنها هاتنە دەرەوەی ئافرەتان بۆ دەرەوەی ماڵ و بەشداری کردن لە پرۆسێسی بەرهەم هێناندا ناتوانرێت ڕزگاری یەک جاری و هەمەلایەنەی ئافرەتان بەدەست بێت. بێجگەلەوەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری پیاوانی پرۆلیتاریای لە خێزانەکانیاندا، زهن و فکر و ئایدۆلۆجیای سیاسەتی سەرمایەداری، لە یەک بەیەکی خانەکانی بیرکردنەوە و دەربرینی داگرتوەو، جارێکی تریش پرۆسێسی باوک سالاری خۆی جێ بەجێ دەکاتەوە و پەیوەندی ژن و مێردی پەیوەندی‌یەک دەبێت کە سیستەمی باوک سالاری دەی بات بەڕێوە. بەم پێ یە ڕزگاری تەواوەتی ئافرەتان بەندە بە ڕزگاری هەموو مرۆڤایەتی یەوە، لە هەموو پەیوەندی‌یەکانی کە سیستەمی کار و سەرمایە داڕێژەری چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەڵگایە. واتە بەندە بە هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێوە. بەم

پێ یە کاتێک کە ڕزگاری ئافرەتان پێوەری ڕزگاری کۆمەڵگا دەبێت، هەر بەو معیارەش ڕزگاری کۆمەڵگا پێوەری ڕزگاری ئافرەتان دەبێت.

کاتێک کە دەسەڵاتی پیاوان بە فعلی لەناو ماڵدا درێژەی دەبێت، هەروەها بە هەمان شێوەش دەسەڵاتی ئافرەتان لەناو ماڵدا و پیرۆزی و دایک سالاری (الحق الأمي) تێک دەشکێنێت. وە باوک سالاری (الحق الابوی) ی جێ بەجێ دەکات. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی بەرەبەرەیی گۆڕانی پەیوەندی ژن و مێردایەتی دوانی (الزواج الثنائي) بۆ یەک ژن و مێردی (احادیة الزواج) . واتە هیچ یەکسانیەک و هیچ هەڵبژاردنێکی یەکسانی نابێت لەنێوان هەردووکیاندا. ئەمانە هەموو ڕوویان دا لە سیستەمی عەشائیری کۆندا و تواناو پەیوەندییەکانی ناو ئەو سیستەمەی گۆڕی بۆ توانا و پەیوەندییەکی تر، کە خێزانی تاک (العائلة الفردیة) ی کردبە هێزێک و هەڕەشەی لە پەیوەندی عەشائیری کۆن دەکرد. چونکە دەسەڵاتی یەکسانی تیادا دەگۆڕێت بە دەسەڵاتی چەوساوە و چەوسێنەر، کە یەکەم دابەش بوونی کاری لەناو خێزاندا دروست کردوو، پیاوی تیایدا باڵا دەست کرد. مارکس ئەڵێت

جیاوازی خاوەندارێتی نەگۆڕا لەناو یەک عەشیرەتدا کە یەک بەرژەوەندی یان هەبوو، بۆ لێک جیایی (ئەندامانی عەشیرەت) . واتە جیاوازی لە ئەندامانی عەشیرەتدا کە گۆڕانی بەسەرداهات و هەر کەسە بەپێی پارە و پوولێکیان خاوەنی چەند حەیوانێک (چەند سەر وولاخ) یک دەبوو. پێک هاتەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەئەندامانی تری بێ پارەءپوول و حەیوان جیا دەکردەوە. ئەمانەش سەرەتای دروست بوونی چەوساوە و چەوسێنەر پێک دەهێنن.

کاتێک لەهەر کۆمەڵگا و پەیوەندییەکدا پەیوەندی سیستماتیکی دەوڵەتی ئەبینرێت. کە پێک دێت لە دژایەتی کردنی خۆی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا. لە واقعدا ئەو کۆمەڵە دابەش دەبێت بۆ چەوساوە و چەوسێنەر و دژایەتی کردنی دژەکان لەگەڵ یەکتریدا کە هەر هەموو ڕ ِوو لایەنەکانی ناو چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە داگیردەکات. ئەم دژانە هەریەکەیان خاوەنی بەرژەوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لێک جیان و دژ بەیەکترین. ئەمانەش دەبنە ئەوەی هەندێکیان هەندێکی تر تاوانبار دەکەن و کۆمەڵ دەخاتە چوارچێوەی دژایەتی یەکی قووڵ و گرانەوە. وەئەمانە دەبنە هۆیەک بۆ دروست بوون و ڕاوەستانی هێزێک بەسەرسەری کۆمەڵەوە. وەئەم هێزانە بەریەک دەکەون و ئەمێننەوە لە چوارچێوەی سنووری سیستەمێکدا، وە ئەم هێزانەی کە کۆدەبنەوە و دژ بەیەکیش لەجمووجوڵدان و بەرژەوەندی جیاشیان بەیەکتر هەیە، خۆی لەدەست ئەدات، وە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەسەرەوەیدایە و چینەکانیش جیادەبنەوە جیابوونەوەیەکی زیاترو دژ بەیەک و دژ بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی. واتە دەبێتە ئەوەی کە گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکی خۆیدا بهێنێت لە بارێکی کۆمەڵایەتی یەوە بۆ بارێکی تری کۆمەڵایەتی و ئابووری جیای ئەو پەیوەندییەی پێشووتر، بەم پێ یە هەموو گۆڕانە مێژوویی یەکانی کۆن و هی تا ئێستاو لێرەشەوە بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی بێ چین و توێژ. ئەمانەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنن و چین و توێژەکانیان تێدایە، دەبنە بنەماو بنەڕەتی پێک هاتەی دامەزراوەی دەوڵەت.

لەگەڵ دروست بوونی پێویستی دەوڵەتدا بۆ کۆبوونەوەی جیاوازی دژایەتی چینایەتی. لەهەمان کاتدا وە لەگەڵ دروست بوونی پێکدادان لەنێوان چینەکاندا، بنکەی گشتی دەوڵەت ئەوەیە کە کام چین دەسەڵاتدارە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی یەوە. ئەوە دەوڵەتی تایبەت بەو چینەیە. وەبەم

شێوەیە، هۆی تازە بەدەست دەهێنێت بۆ سەرکوت کردنی چینی چەوساوە و بەهرە کێشانیان. هەروەها ئەمە لە کۆنیشدا هەروا بوو. دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان، بۆ سەرکوتی کۆیلەکان بوو، هەروەها دەوڵەت لەسەردەمی دەرەبەگایەتی دا دامەزراوەیەکی پیاو ماقوڵان و خاوەن زەوییە گەورەکان بووە لەپێناوی سەرکوت کردنی جووتیاران و ئەوانەی کە لە جووتیاران لەگەڵیاندابوون و هەروەها کۆیلەکانیش. ئەمەش بۆ دەوڵەتی ئێستای سەرمایەداری بۆ بەڕێوەبردنی بەهرەکێشانی کاری بەکرێ یە لەلایەن سەرمایەداران و خاوەن کارگەکانەوە. واتە کاتێک کە لە دەوڵەتدا ئەو چینەی توانا ئابووری‌یەکانی بەدەستەوە دەبێت، توانا سیاسی یەکانیشی لە دەست دا دەبێت، یان دەسەڵاتی سیاسیشی دەکەوێتە دەست، ئیتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ .

ئێمە ئەوە دەبینین کە پیشەسازی گەورە ئافرەتانی لەماڵەوە دەرکێشاو بەرەو ڕووی ژیانی بەکرێ دانی هێزی کاریانی کردووە لەکارگەکاندا، ڕووبەڕووی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و لەگەڵیاندا کردی بە بەخێوکەری خێزانەکەی و بووە سەرچاوەی ئابووری بۆ خێزانەکەی. هەروەها لەگەڵ ئەمانەشدا هەموو دەسەڵاتدارێتی پیاو لە ماڵدا لەبەین چوو بەسەر ئافرەتاندا. هەندێک کات نەبێت یان هەندێک بار کە ئافرەتانی تیایدا میرات گرن، لەبارەکانی یەک ژن و مێردیی (زواج احادیة) . وە ئەمە ناتوانێت یەک ژن و مێردی بهێڵێتەوە بەمانای ووشەکە، هەتا ئەوەی کە دەسەڵاتی ئازادی خۆشەویستی و دڵسۆزی یەکی بەهێز لەلایەن هەردووکیانەوە هەبێت، بێجگە لە هەموو ئەو بەرەکەت و خۆشی یە ئاینی و دنیایی یە کە هەیە. واتە ئەو کاتەی کە لە خێزاندا پیا و ژن، خۆشەویستی ڕاستەقینەی یەکتری بوون و دڵسۆزی بەهێزی یەکتر بوون.ئەوا ئەوە دەبینرێت کەیەک ژن و مێردی (احادیە الزواج) بەبەردەوامی و هاوکاری، هیتریە و خیانەتی ژن و مێردایەتی، هیچ دەورێک یان دەوری کەمیان دەبێت، بەسەر پەیوەندی ژن و مێردایەتی یەوە. بەم پێ یە لەوەوە ژنیش وەکو پیاو دەتوانێت ژن و مێردایەتی خراپ و بۆگەن بکات. لەهەمان کاتدا بەپێی ئەوەی کە ئازادبوون لە خۆشەویستی یەکتریاندا و ژیانی خۆشەویستی یان دەست نیشانی ژن و مێردایەتی بۆ کردوون. بەپێی ئەوە ئەتوانن کاتێک کە بەیەکەوەهەردووکیان نەگونجان مافی تەواو بەیەکتر بدەن یان بەهرەمەندببن لە جیابوونەوە یان جیابوونەوەیەکی تەواو. واتە یەک ژن و مێردی (زواج احادیة) لە ژن و مێردایەتی پرۆلیتاریادا دەبێتە یەک ژن و مێردی (زواج احادیة) بەمانای بنەڕەتی ووشەکە، بەڵکو بە مانا مێژوویی‌یەکەی نا. لێرەدا حاڵ باشتر نی یە، کە ئەبێتە پەیوەندی یەکسانی قانوونی لەنێوان ژن و پیاودا . ئەو جیایی یەی کە لە حقووقی یاندا هەیە. کە بە میرات بۆی ماوەتەوە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێشووەوە، ئەمانە هۆی چەوساندنەوەی ئافرەتان نین لەلایەن ئابووری‌یەوە، بەڵکو ئەنجامەکەیەتی (نتیجة).

لەو کاتەوەی کە خێزان لە کۆمۆنی کۆندا، ئابووری ماڵی بەدەست ئافرەتانەوە بوو بەڕێوەبردنی ئەم ئابووری یەی ماڵ ئەگەڕایەوە بۆ ئافرەت. گورزی خوارد لەلایەن جمووجوڵێکی کۆمەڵایەتی پێویستی ئەو کاتە لە کۆمەڵدا. وەلەگەڵ ئەمەشدا شان بەشانی بەدەست هێنانی هۆی ژیاندن لەلایەن پیاوەوە و بەشێکی گۆپاڵی ئەو گورزە بوون، بەڵام هەموو ئەم هەلوومەرجانە گۆڕان لەکاتی دەرکەوتنی خێزانی بطریرکی، وە لەگەڵ دەرکەوتنی یەک خێزانی (العائلە الفردیە) (خێزانی تاک) و یەک ژن و مێردی (الاحادیة الزواج) ، هەروەها لەم کاتەدا، بەڕێوەبردنی ئابووری ماڵ شێوەی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست دا. وە پەیوەندی یەکەی نەدەگەڕایەوە بۆ کۆمەڵ، بوو بەوەی کە کارێکی تایبەت بێت (خدمة خاصة) (خزمەتی تایبەت) .لەگەڵ

هەموو ئەمانەدا بەپێی دەرکەوتنی ئەو پەیوەندییانە، (ئافرەت) بووبە نۆکەرێکی سەرەکی لە خێزان و کۆمەڵدا و دادەبڕان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی دا، واتە ئافرەت ئیش و کارەکانی تەنها چوارچێوەی ماڵەوەی دەگرتەوە. کە ئەویش ئەرک و فرمانەکانی ناو خێزانی باوک سالاری پێک دەهێنێت. بە پێی پێویستی پیشەسازی گەورە لەسەردەمی سەرمایەداری‌دا، دەرگای لەسەر ئافرەتان کردەوە و ئافرەتانی خستە دەرەوەی ماڵەکانیان وە لێرەدا ئافرەتانی پرۆلیتاریا هاتنە مەیدانی کارکردنەوە و بوونە ئەوەی کە کرێی سەربەست بەدەست بهێنن لەبەرامبەر هێزی کاری بەکرێی خۆیاندا. بەڵام ئەگەر ئافرەتان هەرمانەوە لە چوارچێوەی جێ بەجێ کردنی فرمانەکانی ناو خێزاندا، ئەوا ناتوانن هیچ کرێ یەکی تایبەت بە کاری ناوماڵیان وەربگرن، کاتێک ئافرەتان لە چوارچێوەی کارگەیەک یان هەندێک لایەنی جووجوڵی مەیدانەکانی تری ناو کۆمەڵ، بەشداربوون. واتە لە هەر بارێک لەم بارانەدا کە کاتێک خێزانی تاک (عائلة فردية) بوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەتا ئێستاش بە پێی پێویستی سەرمایەداری نەیتوانیوە ئەو خێزانە تاکانەیان کە تەرکیز دەکەنە سەر کۆیلەکردنی ئافرەتانی سفور و محاجەبە و داپۆشراو. بەپێی هەموو ئەو جوزئیاتانەی کە هەیە. دەست نیشانی پیاو دەکات کە بەخێوکەری خێزانە و، سەنەدی (؟) خێزانە و بەخێوکەری یانە، ئەمانە هەموویان بەلایەنی کەمەوە لە خێزانی چینە خاوەندارەکاندا دەبینرێت. واتە هەموو ئەمانە لە نیزامی سەرمایەداری‌دا، پێویستیان بەوە نی یە کە ئیمتیازێکی یاسایی هەبێت. یان بۆیان دابنرێت، تا لەوێوە دەست نیشانی دەسەڵاتی پیاو بکات بەسەر خێزاندا. واتە لێرەوەیە کە راست و دروستی وتەکەی ئنجلس دەرئەکەوێت و ئەڵێت (پیاو لە خێزاندا بۆرژوازی‌یە و ئافرەتیش دەوری پرۆلیتاریا دەبینێت) کاتێک کە چەوسانەوەی ئابوری لەسەر پرۆلیتاریا دەبێت، لە مەیدانی پیشەسازی‌دا، لە ناو نابرێت هەتا هەموو ئیمتیازە تایبەتی یەکان لە ناو نەبرێت کە مافی چینی سەرمایەدارە. کۆماری دیموکراتی ناتوانێت دژایەتی چینایەتی لە نێوان دوو چینی کۆمەڵ لە ناو ببات، بەڵکو ئەم دەوڵەتانە دژایەتی چینایەتی توند و تیژ دەکەنەوە. بەڵام کاتێک کە ئەم دژایەتی یە لە ڕێگەی شۆڕشی کرێکارانەوەلە ناو دەچێت و دەبێتە هۆی ڕاگەیاندنی مافی یەکسانی ئینسانەکان، ئەو کاتەش ڕاگەیەنەری لە ناوچوونی دەسەڵاتی پیاوە بەسەر ئافرەتاندا لە ناوەندی خێزانەکانیاندا واتە لەم کاتەدا ژن و مێرد لە لایەنی قانونی یەوە یەکسان و هاوتای یەک دەبن لە حقوقیاندا (مافیاندا) لێرەوە دەردەکەوێت مەرجی یەکەم بۆ ڕزگاری ئافرەتان گەڕانەوەی جنسی ئافرەتە بە هەموو شێوەکانی یەوە بۆ بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەرجە کۆتای بە چەوسانەوەی یەکجاری لەسەر ئینسان ناهێنێت، هەتا کۆمەڵگا پێکهاتەی چینایەتی تیا هەڵنەوەشێتەوە وە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێزانی تاک (العائله الفرديه) هەڵ ئەوەشێتەوە بەو دەربڕینەی (وەصفەی) کە یەکەیەکی ئابووری یە لە کۆمەڵدا. واتە خێزان کە وەک یەکەیەکی ئابووری هەڵوەشایەوە، ئەوا دەست نیشانی ڕزگاری کۆمەڵ دەکات لەپەیوەندی چینایەتی و ئەو پەیوەندیانە تیایدا هەڵدەوەشێتەوە. کاتێک کە ئینسان بەرە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەڕوات لە ناوەندی سیستەمی ئێستای سەرمایەداری‌دا، بنیات نراوە ئابووری کۆمەڵایەتی یەکانی ئێستا لە بەین دەچن و هەڵئەوەشێتەوە. کە دەبنە هاوکاری‌یەک لە بەڕێوەبردنی یەک ژن ومێردی‌دا (أحاديه الزواج) فەسادی و لەش فرۆشی. واتە لەسەر دەستی ئەوانە یەک ژن و مێردی (أحاديه الزواج) دروست دەبن کە سەروەت و سامانی گەورەی کومەڵیان لە دەست دایە، یان لە یەک دەستدا کە ئەویش دەستی پیاوە واتە ئەمانە ئەیانەوێت لە ڕێگەی میرات گری‌یەوە، میرات و سەروەت و سامانیان بگوێزنەوە بۆ مناڵەکانی خۆیان بە تەنها، بۆ ئەوەی مناڵانی پیاوێکی تر ئەمانە

نەکەونە دەستیان، وە لەبەر هەموو ئەمانەیە کە پێویستی دەکات لەسەر ژنان کە تەنها بۆ ئەوان یەک ژن و مێردی (أحادیە زواج) هەبێت، وە ئەوە بۆ پیاوان ئەو جۆرە لە ژن و مێردایەتی لە پەیوەندی‌یاندا نەبێت، بە پێی ئەم پەیوەندی‌یە ژنان ناتوانن یان نابنە رێگر لە بەردەم ئەوەی کە پیاوان چەند ژن مارە بکەن و مێردی چەند ژن دەبن، ئەمانە هەموویان ئەبینرێت و وە بەردەوامیان ئەبێت لەگەڵ پەیوەندی ئابووری سەرمایەداری‌دا، واتە لەم رێگەیەوە ژن و مێردایەتی وەک یەکەیەکی ئابووری دەردەکەوێت و لە پێک هاتەی خۆیدا یەکەیەکی ئابووری دەبێت لێرەوەیە پیاو دەیەوێت وەکو هەموو یەدەکی کارگەکان چەند پارچە و چەند بەشی زیاتری لەبەر دەستدا بێت.

کاتێک کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار روو دەدات و هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دەبێتە خاوەندارێتی گشتی کۆمەڵایەتی بە لایەنی کەمەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی میرات گری کە سەرچاوەکەی لە خاوەندارێتی تایبەتی یەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام یەک ژن و مێردی (أحادیة الزواج) هەڵ ناوەشێتەوە بە پێی ئەو پەیوەندی‌یەی کە میرات گری تیادا هەڵوەشاوەتەوە. بەڵکو بە تەواوی جێ بەجێ دەبێت لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاودا. لەبەر ئەوەی لەگەڵ گۆڕانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە خاوەندارێتی تایبەتی یەوە بۆ خاوەندارێتی گشتی کۆمەڵایەتی، کاری بە کرێ هەڵئەوەشێتەوە وە کرێکاریش هەڵوەشانەوەی خۆی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی دەست نیشان دەکات. واتە هەموو ئەو ئافرەتانەش نامێنێت کە لەشی خۆیان لە بەرامبەر یەک جاری بژێوی‌دا دەفرۆشن و هەروەها فەسادی نامێنێت. بەڵام یەک ژن و مێردی هەڵناوەشێتەوە. بەڵکو دەبێتە واقع کێش لە لای پیاوان و چەند ژنیان بەهای خۆی لەدەست دەدات. ئەمانە دەبنە ئەوەی کە باری ژیانی پیاوان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا بێت و ئافرەتانیش لەم گۆڕانکاری‌یانەدا بەشیان دەبێت، بەم پێ یە خێزانی تاک (العائلە الفردیە) ، وەک یەکەیەکی ئابووری لە ناو دەچێت و هیچ واقعێک بۆ ئەو پەیوەندی‌یە نامێنێتەوە، ئابووری تایبەتی ماڵ دەبێتە بەشێک لە جمووجۆڵی کۆمەڵایەتی و بە خێو کردن و چاودێری منالان دەبێتە کاری کۆمەڵ، وە چاودێری دروستی منالان دەکرێت، بە پێی هەموو ئەو بەدەست هاتووانەی کە لە کۆمەڵدا بە دەست هاتوون وە لە بەر دەستدا بوونی پێویستی یەکان بۆ منالان بە پێی گەشەی کۆمەڵایەتی منالانیش لێوەی بەهرەمەند دەبن. ئیتر جیاکاری‌یەک کە دەکرێت بۆ منالانی شەرعی و غەیرە شەرعی دروست ناکرێت و هەموویان وەک یەک دەکەونە ژێر چاودێری کۆمەڵەوە. کە لە چوارچێوەی پەیوەندی کۆمەلایەتی بێ چیندا بوونی منالانی غیرە شەرعی زۆر زۆر کەم دەبێتەوە یان هەر نامێنێت. ئەویش لەو رێگەیەوە کە زانیاری دروست و چاک لە پەیوەندی ژن و مێردی‌دا دەبێت (یان هاوسەرێتی دا دەبێت) کە نابێتە ئەوەی ئینسان لە دەرەوەی هەستی خۆشەویستی هاوسەرێتی خۆیدا ممارەسەی جنسی کەسێکی تر بکات. چونکە پەیوەندی‌یەکان لەسەر بنەمای خۆشەویستی ئینسان بۆ ئینسان دروست دەبن. نەک وەک یەکەیەکی ئابووری پەیوەندی‌یان دروست بکەن. وە هەموو رێگری‌یەکانی کە لە بەردەم ئافرەتاندا دەبن، لا دەچن و کە دەبنە هۆی ئەخلاقی و ئابووری بەسەریانەوە. واتە ئافرەتان بەو جۆرە خۆیان تەسلیمی پیاوان ناکەن کە بە هۆیەکی ئابووری تایبەتی خۆی لە پەیوەندی ئابووری، لەگەڵ پیاواندا هاوسەرێتی جێ بەجێ بکەن کە سەرچاوەی فەسادی و چەوسانەوەی زیاتر بێت لەسەر ژنان. کاتێک پەیوەندی یەکان لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی هاوسەرێتی نابێت. ئەوا پەیوەندی‌یەکەیان بە پێی خۆشەویستی و هەستی خۆشەویستی ئینسانی نێوانیان دروست دەبێت. لەم رێگەیەوە ئەتوانن پەرە بە ئازادی

ممارەسەی جنسی بدات لە نێوان خۆیاندا. ئەمەیان بەو جۆرە نا کە ئێستا لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا هەیە و ئازادی جنسی بەشێکە لە لەش فرۆشی. بەڵکو پەیوەندی خۆشەویستی یان دەست نیشانی پەیوەندی جنسی یان بۆ دەکات و خۆشەویستی جنسی یان بۆ یەکتری زیاد دەکات. چونکە پەیوەندی‌یەکەیان لە بەرامبەر بڕێک پارە یان پارچەیەک ئاڵتوندا دروست نابێت و هۆیەکی ئابووری دەست نیشانی هاوسەرێتی یان ناکات. بەڵکو هەستی خۆشەویستی ئینسانی یانە کە مافی هاوسەرێتی یان بۆ دیاری دەکات. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە فەسادی لە ناو ببات و خیانەتی هاوسەرێتی نەهێڵێت. کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا شان بە شانی یەک ژن و مێردی (أحادیة زواج) بوونی پەیوەندی فەسادی و خیانەتی ژن و مێردی دەست نیشان دەکات.کە لە بنەڕەتدا دەبێت دژایەتی گەورەیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت. وە بونەتە سەرچاوەی فەسادی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا. لە کۆمەڵگای خاوەنداریێتی گشتی دا، شتێک نامێنێت بە ناوی حەیاو حورمەتی ئافرەتانەوە. وە شتێک نامێنێت کە چاک و خراپی ئافرەت بە نسبەت پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەوە دروست بکات. بەڵکو هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا پێوەری حەیا و حورمەتی ئافرەتانن و دروست کردنشیان بووەتە بەهای پێوەری کۆمەڵایەتی سەرمایەداری .وە ئەمانە هەر هەموویان لەگەل فەسادی کۆمەڵگای سەرمایەدارێتی یەوە دەخرێتە زبڵدانی مێژوووەوە. وەک یەک ژن و مێردی سەرمایەداریش، بەشێک لە زبڵی فڕێدراوی مێژوو دەبێت بەڵام یەک ژن و مێردی، پەیوەندی‌یەکی تر دەکەوێتە نێوان هاوسەرەوە و دەبێتە واقعێکی کۆمەڵایەتی کە بناغەی ئەم پەیوەندی یەیان لەسەر بنەڕەتی خۆشەویستی ئینسانی خۆیان بۆ یەکتری ئەبێت، لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. واتە خۆشەویستی یەکە دەست نیشانی پەیوەندی جنسی یان دەکات و دەتوانێت زامنی هەموو ئەو شتانە بکات، کە فەسادی لە کۆمەڵگادا نەهێڵێت، چونکە لەم پەیوەندی یەدا هیچ شتێک وەک یەکەیەکی ئابووری مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت. بەڵکو وەک ئەوەی کە پەیوەندی‌یەکی ئینسانی پێشکەوتوو هوشیارانە لەگەڵ یەکتری‌دا دەگۆڕێتەوە و هەموو توانایی یەکانی ئینسان لە پێناوی خۆشی و پیرۆزی پەیوەندی ئینساندا جێ بەجێ دەبێت، بەم پێیە هەموو ئەمانە دەبنە ئەوەی یەک خۆشەویستی جنسی (الحب الجنسي الفردي) ببێتە عنصری پەیوەندی نێوان نێر و مێی ئینسان.

لە کاتی دوانە ژن و مێردی (الزواج الثنائي) دایکان ڕێک ئەکەوتن بە شێوەیەکی گشتی لە پێناوی ژن و مێردایەتی کردنی منداڵەکانیاندا. لێرەدا دەورێکی تر دەگەڕێتەوە کە جیایان دەکاتەوە بۆ ئیعتبارێک کە بە هۆی ئەوەی کە نەوەی تازە پێویست بێت لە سەریان کە دڵنیای شوێن و جێگای جێگری و بە هێزی بۆ بکات لە عەشیرەت و هۆزەکەیاندا، کە کاتێک ئەم دوانە لە ئافرەتانی گەنج و کوڕانی لاو ژن و مێردایەتی جێ بەجێ ئەکەن لەگەڵ دەست پێکردنی دەسەڵاتی باوکایەتی (الحق الابوي) (باوک سالاری) یەک ژن و مێردی هەروەها لەگەڵ سەرکەوتنی خاوەنداریێتی تایبەتی بەسەر خاوەنداریێتی گشتی دا و لەگەڵ دەرکەوتنی بەرژەوەندی لە گوێزانەوەی خاوەنداریێتی بە میرات گری، ئاڵەو کاتەدا ژن و مێردایەتی دەبووە مەرجێک کە بە اعتباری (جێگا و ڕێگای) ئابووری‌یەوە دەبەسترایەوە. شێوەی ژن و مێردایەتی بە فرۆشتن هەڵوەشایەوە، بەڵام ئەم ژن و مێردایەتی یە ڕوو دەدات بە پێی ناوەرۆکی فرمانەکەی لە چوارچێوەیەکی فراوان فراواندا بە پێی ئەمە پیاوان ئەبێت علاوە دابنێن لەسەر ئافرەتان، بە پێی ئەوەی کە نرخەکەی دیاری دەکرێت، هەروەها ئەم دیاری کردنەش دیسانەوە بە پێی سەروەت و سامانەکەی، نەوەکو بە پێی صفاتی (هەڵسووکەوتی) شەخسی و ئینسانی ئەوەوە. ئەمانە هەموو مەیلی هەردوکیان

ئەکاتە سەر ئەوەی کە هەموو ئیعتبارێکی تریان ببەستن بە عەقدی ژن و مێردایەتی یەوە واتە ئەمانە لە پێشدا، بەو جۆرە نەبوون کە ئێستا چینەکان پرۆسیسی دەکەن. کە ئەمانە هەموو روویاندا بە خەوو خەیاڵیش لە رابردوودا نەدەبینرا بەڵکو ئێستا واقعێکی تاڵی ئەم کۆمەڵگایەیەو، ژیانی ئینسانی کردووە بە یەک پارچە لە پارچەی کاڵا ئابووری یەکانیان. کەواتە لە کۆمەڵی سەرمایەداری‌دا ژن و مێردایەتی بە پێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و تێگەیشتنە بۆ بۆرژوازیانەکەی. عەقدێکە، صفقەیەکی یاسایی یە، کە یاسا دارێژەرەکانی بۆرژوازی بە پێی دین و بەپێی ئەوەی کە دین چەند ئەتوانێت پارێزگاری لە بەرژەوەندی سەرمایەداری بکات. لە رێگەی ئەوەی کە خێزانیش بخاتە خزمەتی ئەو بەرژەوەندی‌یەوە. یاساکانی خۆیانیان لێوە گەڵاڵە کردووە. چونکە لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا بە پێی معیار و یاسا و رێسایەکی دینی نەبێت کە بووەتە یاسای مەدەنی کۆمەڵگا کەس بە کەس حەڵاڵ ناکرێت لە نێوان ژن و مێردا. واتە کەنیسە و مزگەوت و مەلا و قەشە دەتوانن بریار لە سەر بە یەکگەیشتنی دوو ئینسان بدەن و یاسا و رێسای سەرمایەداری لە عەقدی زەواجیاندا یاسا و رێسای مەزهەبەکانە ئەم صفقەیەی کە یاساکانی ئەوان دەست نیشانی دەکەن. بریاردانی چارەنووسی گیانی و رۆحی دوو ئینسانی نێرو مێ دەبن هەتا کۆتای ژیانیان. ئەمانە جێ بەجێ دەبن و پێت ئەڵێن، کە ئەمە بە هوشیاری و هەڵبژاردەی خۆیەتی، بەڵام ئەمانە هەموویان شکڵیین. بۆ پەیوەندی ژن ومێردایەتی لەو جۆرە ئەڵێن ئەمانە بە رەزامەندی هەردووکیان بووەو بەڵام ئەمانە هەر هەمووی زانراوە کە چۆن ئەم عەقدانەی بەرێوەبراوە و چۆن مامەڵەی پێوە کراوە، کێ عەقدی ژن و مێردایەتی کردووە بۆیان ؟ واتە ئەمانە نەبوونەتە ئەوەی کە ئازادانە بریار لەسەر ژن و مێردایەتی بدەن، چونکە ژن و مێردایەتی ئەمانە بە پێی عەقدی ئابووری نێوانیانە و کە سیستەمی سەرمایەداری بەپێی پێک هاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی دەست نیشان ئەو کارە شەخسیانەی بۆ کردوون. کە ئەبێت ببەسترێت بە پێشەکی و دوایی یەتی درانی بری پارەی بریار دراو لەسەری. ئەمانە نابنە ئەوەی کە ئازادانە بریاری شەخسی خۆیان جێ بەجێ بکەن لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیاندا. هەروەها ئازاد بن لەوەی گیان و بەشەکانی تری گیانیان بە ئازادی هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەن. واتە ئەمانە ئەوە ناگەیەنن کە لە کۆندا، خۆشەویستی جنسی بەهۆی سوارچاکی یەوە، دروست دەبوون و لەدەرەوەی ژن‌ءمێردایەتی دا روویان دەدا و دەبوونە فەسادی کە پیاوانی سوارچاک لەگەڵ ئافرەتانی مێرداردا پێک دەگەیشتن و لە چوارچێوەی ممارەسەیەکی جنسی بێ هەست و خۆشەویستی داجێ بەجێ دەکران. ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە شێوەیەکی تەواوەتی بۆرژوازی بن لە ئێستاداو پەیوەندی ژن و مێردایەتی یان دەبێت، بەم پێ یە لە خێزانی تازەدا، کە لەگەڵ شارستانێتی ئێستادا دەگونجێت. تەئکید لەسەر ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی پیاوان دەسەڵاتی ئاوەڵا و باوە. واتە یەک ژن و مێردی (الزواج الاحادي) بۆرژوازی تیایدا پیاو دەسەڵاتدارە و خاوەن فرمانە بەسەر ئافرەتاندا، بەم پێ یە تاک خێزانیش (العائلە الفردیە) ، بریتی دەبێت لە یەکەیەکی ئابووری، کە دەسەڵات دارێتی دەوڵەتی سەرمایەداری ئەتوانێت و لەگەڵێشیدا کار بۆجێ بەجێ کردنی ئەم جۆرە لە خێزان دەکات. دەوڵەت ئەداتی چەوساندنەوە و سەرکوتی چینێکە لەلایەن چینێکی ترەوە. هەروەکو ئنجلس ئەڵێت: (هەموو خێر و بەرەکەتێکی کۆمەڵێک بە ضروریە ت دەبێتە شەڕ و ناخۆشی بۆ ئەوانی تر (کۆمەڵێکی تر) ، وەهەموو رزگارکردنێکی تازە بۆ چینێک، مانای چەوساندنەوەیەکی تازەی چینێکی ترە) .
ئەمە یاسای گۆرانی مێژوویی یە و... لێکدانەوەی ماددیی یانەی مێژووە.

****************************************************

## لەش فرۆشی بەرهەمی پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی چینایەتی یە)) ((

لە هەر پەیوەندی‌یەکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی، کۆمەڵگاو، مێژووی ئینساندا. پەیوەندی چەوسانەوەی چینە نەدارەکان بووە، لەلایەن چینە داراکانەوە.بەپێی ئەوەی کە چینی دارا دەسەڵات دارو خاوەن ی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و سەرمایە بووە. چینە نەدارەکان بە پێی پەیوەندی‌یان بە پەیوەندی، ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی کۆمەڵگاوە، پەیوەندی چەوسانەوەیان بووە. پەیوەندی‌یەک بووە کە لەسەر ڕەنج و شانی ئەمان سەرمایەو هۆیەکانی بەرهەم هێنان گەشەیان کردووە. کاتێک ئەم گەشانەش دەگەنە ئاستی تەکنیکێکی بەرز، یان هەندێکیان لە بازاڕی ململانێی سەرمایەداراندا تێک دەشکێن و ڕووبەڕووی لەناوچوونی یان نەتوانینی توانای بەرهەم هێنانیان دەبنەوە لەڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی یەوە .

کرێکارانی ئەم گەشەیە و ئەو ئەزمەیە، ڕووبەڕووی بێ کاربوون دەبنەوە. واتە کاتێک کە گەشەی تەکنیک دەبێت، لە ڕێگەی ئەم گەشەیەوە کرێکاران کەم دەکرێتەوە لەسەر هۆی بەرهەم هێنان. ئەمەش خێزانی کرێکاران ڕووبەڕووی نەهامەتی و کوێرەوەری‌یەکی ترسناک دەکاتەوە. ئاستی ژیانیان دێتە ئاستێکی زۆر خوارەوە و هەتا ڕادەی سفر لەلایەک بەپێی هەمان ململانێی بازاڕ، پێویستیان بە هێزی کارێک هەیە، کە بە هەرزان بفرۆشرێت. هەندێک جار منداڵان ئەم هێزی کارە دەبن و هەندێک جاریش ئافرەتان ڕووبەڕووی ئەم هەرزان فرۆشی یە دەبنەوە بە ناچاری. بەپێی پەیوەندی‌یەک یان هاوسەنگی یەک کە لە ژیانی سەرمایەداراندا دەیانەوێت لە بازاڕی فرۆشتنی کاڵاکانیان بە دەستی بهێنن. لەلایەک ئەمە بۆ ئەوە دەبێت کە کاڵاکانیان لە ڕووی هێزی کارەوە کەمترین بڕی پارەی تێبچێت. بۆئەوەی بتوانێت گەورەترین قازانج بکات. واتە لە هەرزان فرۆشی ئەم هێزی کارەوە قازانجی زۆر و هەروەها لەگەڵیشیدا، فرۆشتنی زۆری کاڵاکان دروست دەبێت.

کاتێک کە سەرمایەداران، کرێکاران بەپێی ئەو دوو هۆیەی سەرەوە کە باسمان کرد، فڕێ دەدەنە دەرەوە. خێزانی کرێکارانیش ڕووبەڕووی ژیان و گوزەرانێکی ناڕەحەت و ژێر سفر دەبنەوە. واتە بە ناچاری دەبێت مناڵەکانیان بەرەو بازاڕی کار. پە لکێش بکەن یان مناڵان بەپێی ئەوەی کە لە ئاستی بژێوی‌یان دادەبەزێت بۆ ئاستێکی زۆر نزم، دەست کۆتادەبن لەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی خوێندەواربن و جل وبەرگ و خۆراکی باشیان هەبێت. هەروەها ئەمانیش دەچنە سەر کار بەپێی ئەو یاسا ئابووری یانەی کە ئەم سیستەمە هەیەتی لە دەوورانی سووڕی ژیان و گەڕانەوەیان، بۆ هەمان ئاست لەم بازنەی ژیانی ئابووری‌یەی سەرمایەداری، جارێکی تر مناڵان ڕووبەڕووی لەسەرکار دەرکردن و بێ کار دەکرێن. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە هێزی کاریان بە هەرزان فرۆشتووە و، کاتێکی زۆر لەسەر کار ماونەتەوە و گرانترین کاریشیان جێ بەجێ کردووە. ئەم خێزانانەی کە چاوەڕێی بەهای هێزی کاری منداڵەکانیان بوون، ڕووبەڕووی برسیەتی و نەهامەتی دەبن و، ژیانی ناهەموار

بەسەردەبەن. بەم پێ یە جارێکی تریش لەڕێگەی ناچاری و بێ کاری‌یەکی زۆر کرێکارانی، ئافرەتانیش، بە هەزار و یەک بڕووبیانووی تری غەیرە ئینسانی هێزی کاریان لێ دەکرێت بە هەرزان.

بە پێی ئەوەی گوایە ئەمان لە بەرهەم هێناندا ناتوانن وەک پیاوان ئیش جێ بەجێ بکەن.یان ناتوانن هەمان بەرهەم بهێنن کە پیاوان بەرهەمی دەهێنن لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستا و لە ڕابردوودا. ئافرەتان وەک پیاوان توانای بەرهەم هێنانیان هەبووە لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتی یەوە. وەک پیاوان بەرهەمی یان ڕێک و پێک و جوانکاری تێدابووە. ئەو بیانوو بەهانەیەی کەلەهێزی کاری ئافرەتانیان دەگرت. دەیان ویست کاتێکی زۆر لەسەر کارییان بهێڵێتەوە و بە کرێ یەکی کەم ئیش بەڕێ بخەن. گوایا بەم پێ یە تابتوانن وەک پیاوان لە هێزی کاریاندا، یان لە بەهای کڕینی هێزی کاریاندا یەکسان و هاوتا بن. ئەمانە هەموویان دەبوونە ئەوەی کە ئاستی بژێوی خێزانە کرێکاری‌یەکان دابەزێت بۆ ئاستێکی زۆر نزم و زۆر خراپ. ئەمە بێجگە لەوەی کە لەسەر کار دەرکردنیان دەبووە هۆی ئەوەی کە ئاستی ژیان لەژێر سفرەوە گوزەران بکات. بەپێی ناوەڕۆکی سیاسەتی ئابووری هەمان سیستەمی سەرمایەداری، ئەمانیش ڕووبەڕووی لەسەر کار دەرکردن و بێ ژیانی دەبوونەوە لە پرۆسێسی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری‌دا. واتە ئاستی ژیانێک کە ئەم خێزانانە ڕووبەڕووی دەبنەوە. دەبێتە هۆی ئەوەی کە برسێتی یەک لەناو ئەم خێزانانەدا بەرجەستەو بەربڵاوبێت. کە ژیانی ئینسان ڕووبەڕووی قێزەوونی دەکات. واتە ئینسان بە ناچاری بۆئەوەی بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات وەک جەستە، ئافرەتان هیچیان نی یە، تەنها ئەوە نەبێت کە لەشیان بە ناوگەڵ برسیەکان و وورگ زلەکان بفرۆشن، تا بتوانن ژەمێکی خواردنی خاو و خێزانیان بەدەست بهێنن. بێ گومان ئەمە لەلای ئەو ئافرەتانە بەڕێوەئەچێت، کە هیچ بەهایەک بۆ بەرەنگاربوونەوە و لێدان لەو سیستەمەی کە ئەوی تیادا کردووە بەکاڵای بەردەم گورگە برسی یەکانی ناوگەڵ برسی یەکان دانانێت. لەلای ئەم جۆرە لە ئافرەتان ڕێکخراوبوون گیانی شۆڕشگێڕی ئینسانی لیَ دادەماڵرێت و دووردەبێت لە هەموو جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی. واتە لەش فرۆشی بەرەنجامی بەرهەم هێنانی نیزامی سەرمایەداری‌یە. بێجگەلەوەی کە لە سەردەمە کۆمەڵایەتی ئابووری‌یە جیاجیاکانی پێشوودا بە ڕێگەی لەش فرۆشی بوونی هەبووە. واتە لەم سیستەمەدا ئێستا لەش فرۆشی لەلای بەشێک لە خێزانەکان هۆی دابین کردنی ژیانێکی مەمرەو مەژی‌یەیە یان ژیانێک کە لەم ڕێگەیەوە بەدەست بێت جێگەی قێز لێ کردنەوەیە. ئەم جۆرە لە دابین کردنی ژیان، کرێکاران ڕووبەڕووی پارێزگاری کردن لە هەمان سیستەم دەکات. بەم پێ یە پەنابردنە بەر لەش فرۆشی لەلای ئافرەتان، کە کارێکی ناچاری‌یە بۆ هۆی بژێوی خێزانە کرێکاری یەکان، کرێکاران دەخاتە ئەوەی کە گیانی شۆڕشگێڕی و گۆڕانکاری لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، لەدەست بدەن. لێرەوەیە لەش فرۆشان دەبنە لمپن پرۆلیتاریا. کە لە زۆرترین باریاندا دەبنە ئەڵقە لە گوێ و نۆکەری تەواوەتی دەزگا سیخوڕی‌یەکان و نهێنی یەکانی پۆلیس و ئاسایشی هەمان سیستەم بەسەر کرێکاران و شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیستەوە و لە بزوتنەوەکانیاندا، دەووری جاسوس و هاوڵەری بۆ دەزگا سەرکوتکەرەکان دەگێڕن .

لەم ڕێگەیەوە ناتوانین ئێمە ئەوە بەرەسمیەت بناسین و بیکەینە قانون و یاسایەک لە نیزامی سەرمایەداری‌دا، کە خۆی بەرهەم هێنی ئەم جۆرە لە یاسای پەیوەندی یەکانی نێوان ئینسانە واتە هەر بە قانوونی کردنی ئەم لەش فرۆشتنە گیانی خۆش باوەڕی بەنیزامی سەرمایەداری چەکەرە پێ دەکات و

دەیەوێت پەردە پۆشی دزێو ترین ئاکار و ئاسەواری ئەم لەش فرۆشیە بە سەر ئافرەتان و مرۆڤایەتی یە وە پەردە پۆش بکات ، بەم پێ یە دەبێت هۆیچی بێت کەلە قانونی ڕەسمیی نیزامی سەرمایە داری دا ، بەندێک لە قانونە مەدەنی یەکانی ئەم نیزامە نی یە ؟ لەگەڵ ئەوەشدا، قانونی پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری یە ! ، لەبەر ئەوەی ترسیان لەوە هەیە کە کرێکاران لەڕێگەی هاوتاکردنیان بە لمپن پرۆلیتاریا دەنگی نارەزایەتیان بچێتە سەرەوەو. ناڕەزایەتیەکەیان بۆماوەیەکیش بێت کێشەو ململانێ یەکی ناخۆشیان بۆدرووست بکات. وە لەلایەکی تریشەوە دەیانەوێت ڕووی قێزەوونی پەیوەندی یەکان بە ئاکاری خراپی سەرمایەداری دانەشکێتەوە. واتە هەر داوا کردنێک بۆ قانونی کردنەوەی لەش فرۆشی دەبێتە مایەی پڕوو پووچی بیرو بۆ چوونی داواکار.بەوەی کەدەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ، لمپن پرۆلیتاریا و پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ هاوتاو یەکسان بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسیان بکات. کە بەو شێوەیە بۆیان بگونجێ ئەوا سەرمایەداری بە ملیارەها دۆلار ئەی کڕن. ئەمانە ئەوە دەگەیەنێت کە هەوڵ بۆمانەوەی نیزامی سەرمایەداری بدەن بە هەر شکڵ و شێوەیەک بێت بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە سەرپێ خۆی ڕاگیربکاَت.ئەگەر قاچێکیشی شکابێت ، دەیانەوێت قاچێکی لە ئاڵتوون بۆ درووست بکەن. ئەو قاچەش بۆسەرمایەداران لە ئالتوونیش بە نرخترە .

کاتێک کە ڕەوەندی ووردە بۆ رژوازی بەرژەوەندی و مهامی خۆی لەگەڵ سەرمایەداراندا جووت دەکات. بە هەر شێوەیەک بگونجێت یان هەر دیاردەیەک لە دیاردە دزێ و دیاردەی لە بەین بردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئینسانەکان دەکاتە هۆیەک بۆ لەسەر قاچ ڕاگرتنی سیستەمی سەرمایەداری. جارێک دەیەوێت ئەم دیاردانە قانوونی بکاتەوە و جارێکیش بەم ڕێگەیە وا پیشان بدات کە ریفۆرم یان ریفۆرمێکی باشی بۆ کرێکاران بە جێ گەیاندووە و نیزامی سەرمایەداریش بە حسابی خۆیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە وە دەبێتە ئەوەی کە دەنگی ناڕەزایەتی بەم سیستەمە کپ و خامۆش بکاتەوە. ووردە بۆرژوازی لە لای ئێمە بە جۆرێک پارێزگاری لە سیستەمی سەرمایەداری دەکەن ئەڵێی یاسا دانەرانی بۆرژوازین .

لە بەرنامەی حککع و حککا أ. واتە بەرنامەی (دنیای باشتر) بۆ مەسەلەی روون کردنەوە و چارەسەری دیاردە دزێوەکانی ناو پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی سەرمایەداری، لەش فرۆشی دەکاتە ئەوەی کە قانونی بکرێتەوە و دەڵێت [ هەڵگرتنی یاساغ بوون لەسەر فرۆشتنی جنس وەک کارێکی فەردی و پارێزگاری کردنی یاسایی دامەزراوە دیسنپلی یەکان بۆ ئەو کەسانەی بە ڕووی تۆڕ و چەتەکان و ئەوانەی کە سوودی لێ وەرئەگرن و بارچاوشەکان (الاوباش)(الشيوعية العمالية) عد د(10) ص14(عالم أفضل)] ئەمە ئەو بەدەست هێنانەیە کە بزوتنەوەی ووردە بۆرژوازی بە دەستی هێناوە لە ڕێگەی ئەو خۆش باوەڕیانەی، یان جووت بوونی سیاسەتی ئەمان لەگەڵ ووردە بۆرژوازی ئەورووپادا. کە بە هەر هەموویان دەیانەوێت دیاردەی دزێوی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە روویەکی تریدا بخەن و بیانەوێت لەو ڕێگەوە سوود و قازانجی سەرمایەداران بچێتە ڕێوە. واتە هەموو ئەم کارانە هەم رووی ئابووری کۆمەڵگا و هەروەها رووی ئەو سوودە شەخسی یانەی کە پیاو لەم دیاردانە وەری ئەگرن تەنها حوکمی پیاو سالارییە، کە قانوونی و رەسمی یەتی پێ دەدەن و زیاتر ڕاگیری ئەکەن بە پەیوەندییەکانی خۆیانەوە. واتە ئەمە لە لایەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئینسان لە ئەورووپا و لە ڕۆژهەڵاتیشدا رووەو دارمان ملی ڕێگای پێ دەگرن، یان دەیانەوێت کۆمەڵگا لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی

یەکانیاندا بۆ ئاستێکی وا بۆ گەن بکات، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گورزێکی گەورەی بەرکەوێت و سەرمایەدارانیش بەشێکی گەورەی سوود و قازانجەکانیان لە دەسەڵاتدا بە دەست بهێنن. بە راستی ئەمانە هەمووی پارێزگاری کردنە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی‌یەکانی سستەمی سەرمایەداری وگورزێکی گەورەش لە بزوتنەوەی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان و هەروەها لە بزوتنەوەی دیموکراسی یانەی ئافرەتان دەوەشێنێت، لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری‌دا. واتەلێرەوە دەیانەوێت ئەوەمان پێ بڵێت یان دەیان ئەوێت ئەو رێگایە وون بکەن و رێگری گەورە لە بەردەم بزوتنەوەی چینی کرێکاردا دابنێن. کە کێ دەتوانێت کۆمەڵگا بگۆڕێت لە پەیوەندی‌یەکی چینایەتی یەوە بۆ پەیوەندی‌یەک کە هیچ چینێک تیایدا باڵا دەست نەبێت. واتە وا لە ئینسانی شۆڕشگێڕ دەکەن کە لمپن و خۆی وەک یەک حساب بکات وەک ئەوە وایە ئاوێک بۆگەن دەکات وە ئاوێکی پاک و بێ نەخۆشی بە یەک ئاو حساب بکەیت. کە بێ گومان لە پێکهاتەی هەردوکیاندا دەردەکەوێت کە میکرۆبی کامیان بۆ ئینسان کوشندەیە.ئێمە خواستمان تیرۆرکردنی هەموو ئەوانە نی یە کە لەش و لاریان دەفرۆشن، لەگەڵ ئەوەشدا نابنە ئەندامێکی شۆڕشگێڕ، بۆ مێژووی مرۆڤایەتی و ناتوانن گۆڕانکاری بنەڕەتی دروست بکەن. واتە ئەوان جارێک لە رێگەی ئەوەی کە لە پەیوەندی‌یەکی بەرهەمهێناندا بوون و هێزی کاریان دەفرۆشن، وە جارێکیش لە رێگەی ئەوەی کە ئەمانیان لە سەر کار دەرکرد و خێزانەکانیان رووبە رووی دابەزینی ئاستی بژێویەکی نزم بووەوە. ئەمانیان تەسلیم بە کاری جنس و لەش و لار فرۆشی کرد بە بۆرژوازی و نیزامەکەیان کە لە پرۆسەیەکی ناچاری‌دا ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە واتە یەک جار لەشیان فرۆشت و بۆ هەتا هەتاشە لەش فرۆش مانەوە، ئەمانە هیچیان کاری بەرهەم هێن نین یان بەجێی ناگەیەنن، هەتا لە پروسەی شۆڕشگێڕانەیاندا بتوانن دەوورو کاریگەریان هەبێت. بە راستی هەر دەربڕینێک لە لایەن ئەم بەرنامەیەوە دەردەبڕێت لەسەر لەش فرۆشی و قانوونی کردنەوەی ئاو کردنە بە مل ئاشی بۆرژوازی‌دا. دەیانەوێت ئاشی خەڕەکە شکاویان زیاتر و چاکتر وە گەڕ بخەنەوە. ئەمە چ بۆچونێکی ڕیاکاری‌یانەی ووردە بۆرژوازی‌یە لە بەرامبەر سەرمایەداران و بۆرژوازی‌دا؟

هەر کاتێک لەسەر پرۆسەی کار کردنی کرێکاران لە چوارچێوەی پرۆسیسی بەرهەم هێناندا بە دوای ئەوەدا بگەڕێت کە قانوون کارێکی ئینسانی یانە بنیات بنرێت. کە ئەمەش دەبێتە جزءی کلی بەرنامەی کۆمۆنیستەکان.واتە لە پرۆسەیەکی خیانەتی دیموکراتی یانەی چینی کرێکاردا ئەنجامی لێ وەردەگیرێت دەتوانرێت قانوون کارێک دابمەزرێت یان داوای بکەیت. ئەویش لە رێگەی پرۆسەی داواکردنەکانی ناو چوارچێوەی دەنگی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کرێکارانەوە جێ بەجێ دەبێت. بەڵام داواکردنی ئەوەی کە لەش فرۆشی قانوون و یاسایەکی تایبەتی هەبێت و دیفاعیشی لێ بکرێت لە لایەن ئەو یاسایەوە. تەنها ئەمانەیە یەکسانی دەخەنە نێوان کاری بەرهەم هێن و لەش فرۆشی یەوە لە یەک پرۆسەدا. کە بێگومان دووباری زۆر جیای پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری نیزامی سەرمایەدارین. بەرنامەی دنیای باشتر و نووسەرەکەی ئەیەوێت رووە دزێوە کانی ئابووری کۆمەڵایەتی سەرمایەداری وا پیشان بدات کە روویەکی باش و خوازراوی کرێکاران دەبێت. ئەمانە تەنها کێشەکەیان لە نیزامی سەرمایەداری‌دا، لەگەڵ ئەوەدایە کە لەش فرۆشی قانوونی نیە. ئەگەر وا نەبێت ئەوا کارێکە کە دەبێت فەخر و شانازی بێت بۆ کرێکاران. لە رێگەی ئەم ئارایشت دانەوەوە دەیانەوێت، ئاشی سەرمایەداری بگێڕێت، یان دەیانەوێ رێگە لە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بگرن کە لە ناو چینی کرێکاراندا هەبێت.

ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی کە بەشێکی زۆر زۆری کرێکاران خۆش باوەڕن بە سیاسەت و ئاکارەکانی بۆرژوازی لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری‌دا.

لێرەوە دەچینە سەر بەشێکی تری بەرنامە لە هەمان بەندی‌دا. کە ئەم بەشەی بەرنامە لەگەڵ سێ ڕستەی سەرەوەی‌دا لێک جیا و جیاوازن. کە ئەڵێت [ تێکۆشانی چالاکانە دژی لەش فرۆشی لە ڕێگەی لەناوبردنی بناغەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ثقافی کە هەیەتی (الشیوعیة العمالیة)عدد(10)ص 14(عالم أفضل)] واتە هەم ئەم ووتەیەی بەرنامە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەسمیەت بە قسە و باسەکانی خۆی بدات لە پێناوی قانوونی کردنەوەی لەش فرۆشی تەنها یەک شت دەگەیەنێت، یەک سیاسەت جێ بەجێ دەکات، کە ئەویش سیاسەتی دیماگۆجی یانەی ووردە بۆرژوازی‌یە. واتە ئەمانە تەنها هیچ ناگەیەنن ئەوە نەبێت کە دەیانەوێت زهنی دەورووپشتی خۆیان، بە کۆمەڵێک تێکە و لێکە پڕ بکەن و بتوانن لە چوارچێوەی ڕێکخستنی فکری و سیاسی خۆیاندا بیان هێڵنەوە. ئەگەر وانی یە کەی ئەوەندە بە دوای لە بەین بردنی لەش فۆشی دەبن. دەیانەوێت ئەو دیدگایە جێگیر بکەن لە ناو زهنی دەورووپشتیاندا ئەمانە هەموو سیاسەتی ریاکاریانەی ووردە بۆرژوازی ڕۆژهەڵاتە کە لە ژێر کاریگەری فکر و فەلسەفەی ووردە بۆرژوازی ئەورووپادایە.

لەش فرۆشی لە زۆرترین حاڵەتی خۆیدا. پشت نابەستێت بە کۆمەڵ بوون و یان دەستە و شتی تری لەو بابەتەوە هەندێک جاریش ئەم کۆمەڵ و دەستانە بوونیان دەبێت و دیاردەی لەش فرۆشی ڕێک دەخەن. بەڵام ئەمانە هەر هەموویان ڕووی دەرەوەی لەش فرۆشین و ناتوانن بە لە ناوبردنی دەستەو تاقمەکانیان دیاردەی لەش فرۆشی لە ناو ببرێت. چونکە هەر وەکو بازاڕی کار کە هێزی کاری تیادا دەکرێت. بەڵام لە لەش فرۆشی دا ، بازاڕی کڕینی لەش فرۆشی یە و بۆ سەر کاری بەرهەم هێن نابرێت و لەو پرۆسیسەدا بەکار ناهێنرێت. بەڵام لەش فرۆشی بە پێی هەلوو مەرجی بەرهەم هێنان لە سیستەمی سەرمایەداری‌دا پرۆسیس دەکرێت و بەرجەستە دەبێت. چونکە لەش فرۆشی دیاردەی سەرمایەداری‌یە و ئەتوانین بڵێین لەش فرۆشی ئافرەتان یانی سیستەمی سەرمایەداری و سیستەمی سەرمایەداریش یانی لەش فرۆشی. کەواتە بنەڕەتی لەناوچوونی لەش فرۆشی ئەگەڕێتەوە بۆ بنەڕەتی لە ناوچوونی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ناکرێت لە لایەک خوازیاری لە بەین چوونی بیت و لە ڕێگەی ئەوەشەوە بڵێیت دەبێت بۆ قانوونی بونیشی هەوڵ بدرێت.

لە لای بەرنامەی دنیای باشتر لە ڕێگەی قانوونی بونی یەوە دەتوانرێت یان دەبێت بە مەرجی لە ناوچوونی لەش فرۆشی. کە تەنها لە گەمەیەکی منالانە نەبێت ناتوانێت لەش فرۆشی لە ناو ببات. واتە لەش فرۆشی بە لە ناو چوونی هەموو دەورو کاریگەری پەیوەندی بەرهەم هێنانی چینایەتی نیزامی سەرمایەداری، دەتوانرێت لە ناو ببرێت. وە گۆڕانی کۆمەڵ بۆ پەیوەندی‌یەکی بێ چینی ئینسانەکان لەگەڵ یەکتری‌دا. پرسیارێک دێتە پێش، ئایا لەش فرۆشی لە سیستەمی سەرمایەداری‌دا ئەتوانرێت لە بەین ببرێت ؟. بێگومان نەخێر، هەروەها ئەوەی کە بەرنامەی (دنیای باشتر) لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری‌دا دەیەوێت ئەو کارە جێ بەجێ بکات، هیچ ناگەیەنێت لەسەر لێشێواندن نەبێت، یان دەیانەوێت ڕووی ڕەشی سەرمایەداری لە سیاسەتی مسگەر ئاسای خۆیاندا سپی بکەنەوە ئەمەشیان وەک ئەوە وایە کە پرۆیسترۆیکا دەیویست لە ڕێگەی ئەو کاریگەری‌یەی کە پەیوەندی ئابووری ئەورووپایی ڕۆژئاوا لەسەر زهن و فکری نوسەرەکەی دانا بوو بتوانێت گۆڕانێک بە حسابی خۆی

دروست بکات لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی خۆیاندا. بەڵام ئەمەیان بە جۆرێکی تر، لە ڕێگەی ئۆپۆزیسیۆنی شەریک لە سیاسەتی بۆرژوازیدا، دەیەوێت لەش فرۆشی بە قانوونی بوونی یەوە لەناو بەرێت. لە بەشێکی تری بەرنامەکەیاندا دەڵێن[ هوشیار کردنەوە و رەغبەتی دروست کردن، دەست پێ کردنی هاوکاری کرداری لە لایەن دام و دەزگا بەرپرسە حکومی یەکان، بۆ ئەو کەسانەی کە لەشیان دەفرۆشن لە پێناوی تەرک کردنی ئەم کارەدا ، بەدەست هێنانی مهارەو فێربوونی پێویست بۆ کار لە بەشەکانی تری کۆمەڵدا.(الشیوعیة العمالیة)عدد (10)ص 14– (عالم افضل) ئایا داموو دەزگا حکومیەکان لە سەر ئەوە ڕێک دەکەون یان لە بەرنامەیاندا هەیە ، کە ئەم کارانە جێ بە جێ بکەن ؟ ، بێ گومان نەخێر یان ، بە فەرەضیاتێک ئەم کارە جێ بەجێ دەکەن ،ئایا دەکرێت ئینسان ئاستی زهنی بەو جۆرە لێک بداتەوە کە گوایە، هۆی بە دەست هێنەری ئەم کارە دەتوانێت کاری لەش فرۆشی لە ناو ببات ؟ بێگومان تەنها لە زهنی ئەوانەدایە کە بەرنامەی سیاسی یان لە چوارچێوەی ئارایشت و دیفاع کردن لە نیزامی سەرمایەداریدایە. تەنها ئەم کارە شان و شەوکەتی ووردە بۆرژوازی هەڵیدەگرێت. بێ گومان بە ناچاری لەش فرۆشی لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا دەبێتە پیشەی هەندێک لە ئافرەتانی کرێکار و لە هەندێک حاڵەتیشدا چارەنوسی ئافرەتانی ناو خێزانی بۆرژوازیش دەبێت. کە بناغەی پەیوەندییەکەیان کڕینی لەش و لاری بە مواصفاتی لەزەی جنسی خۆی دەکرێت لە بەرامبەر بڕێک لە ئاڵتوون و پارە و پولدا. واتە دروست بوونی خێزانی بۆرژوازی لەسەر بناغەی لەش فرۆشی ئافرەتان بە پیاوانی مێردیان. لە پرۆسەیەکی ترا جێ بەجێ دەبێت. کە ئەشێ جیاوازییەکەیان تەنها لەوەدا بێت کە ئافرەتانی کرێکار لە دوای دەرکردنیان لەسەر کار ئەم کارە ببێتە بەشێک لە حەیاتیان و ژیان بەو جۆرە بەسەر بەرن. بەڵام لە لای ئافرەتانی خێزانی بۆرژوازی هیچ جۆرێک لە هەستی خۆشەویستی نایان بەستێت بە پەیوەندی هاوسەرێتی یانەوە کە ئەمەش بەشێک لە لەش فرۆشی بەدەست دەهێنێت. چونکە بۆگەن ترین یەکە و پەیوەندی هاوسەرێتی یە.

کاتێک نیزامێک خۆی هۆی بەرهەم هێنانی لەش فرۆشی بێت.ئیتر چ دەزگایەک لە هۆشیاری و یارمەتی بۆ ئەوە پێک بهێنێت تا لەش فرۆشی لە ناو ببات. ئەوان کاتێک ئافرەتان ڕووبەڕووی لەش فرۆشی دەکەنەوە لەبەر ئەوەی کرێ یەکی کەمتر لە ژمارەی کرێکاران بدەن بە کرێکاران. یان کرێکاران کەم دەکەنەوە.لە کارگەکەیاندا لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەوە کە بە دەست هاتووە یان لە ڕێگەی ئەزمەوە، کرێی کەمتر دەدەن بە کرێکاران رەوشتی بۆرژوازی وایە بیر لە بچوکترین کرێ ئەکاتەوە و بەڵام بیر لە گەورەترین تاوان ناکاتەوە کە دەرهەق بە کرێکارانی ئەنجام بدات. واتە کاتێک کە ئەم کارانە جێ بەجێ دەبێت تاوان بیری لێ ناکرێتەوە و کرێ یەکی کەمیش حسابی کۆمپیوتەری بۆ دەکرێت. هەر لەم کاتەدایە کە لەش فرۆشی نابێتە تاوانی کۆمەڵ و سەرمایەداران هەندێک جار کە جموجۆڵی پێچەوانەش بکەن تەنها بۆ ئەوەیە کە بتوانن ئەوە لە لای ئینسان دروست بکەن کە لەش فرۆشی لە هیچ و پووچی ئافرەتان خۆیانەوەیە نەوەک سیستەمی ئابووری چینایەتی سەرمایەداری دروستی کردبێت. واتە ئەمانە هەمووی چەواشەکارییە دەیانەوێت لەو ڕێگەوە پاساو بۆ ئەو یاسایە بهێنێتەوە لە بەرهەم هێنان کە یاسای دروست کردنی لەش فرۆشی یە. بەم پێ یە مەسەلەی هوشیار کردنەوەی ئینسانی لەش فرۆش نە کاری دەزگا دەوڵەتی یەکان دەبێت و نە بۆ ئەوەش هیچ کارێک بەڕێ دەخەن. لەبەر ئەوە سوود پەرستی تایبەتی سەرمایەداران. بیر لەوە ناکاتەوە کە هیچ لە پێناوی کۆمەڵدا بکات ، لەگەڵ

ئەوەشدا ناتوانێت لەو ئاستەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی سیستەمی سەرمایەداری پێگەشتووە هیچ وەڵامێک بداتەوە، واتە پەیوەندی چینایەتی لە نیزامی سەرمایەداری‌دا پەیوەندی باش کردنی گوزەرانی سەرمایەدارانە و خراپترین هەلومەرجی ژیانیش دەکاتە چارەنووسی کرێکاران. لە جیهاندا زیاتر لە (800) ملیون ئینسان لە ئاستێکی خراپی بژێوی‌دا دەژین و رووبەڕووی برسێتین و برسین. هەروەها لە خوارووی سۆدان خەڵک بووەتە قوربانی سیاسەتی سەرمایەداری و لە برساندا لەبەر چاوی کامێرای تەلەفزیۆنی یەوە گیانیان لە دەست دەدەن منالانیش لە جیهاندا قوربانی ئەم سیستەمەن و بێ بەشن لە هەموو جۆرێک لە خۆشی و پێویستی یەکانی ئینسان و زیاتر لە (250) ملیۆن منالٚ لە جیهاندا لە خراپترین هەلو مەرجی کاردا ژیان بەسەر دەبەن، بێجگە لەوەی کە هەلو مەرجی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر لە (300) ملیۆن ئینسانی رووبەڕووی بێ کاری کردۆتەوە لە بازاڕی کاری جیهاندا هەروەها بەشێکی تری دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگا بەسەر بردنی ژیانێکی زۆر زۆر نزمی ئینسانی یەکە لە خانووە کارتۆنەکانی ئەندەنوسیا ژیان بەسەر دەبەن لە نێوان هێڵە ئاسنەکانی شەمەندەفەرەکاندا شەو ڕۆژکردنەوەی ئەو خێزانە هەژارانەی کە لە هندستاندا لە خراپترین وکۆنترین ئاپارتماندا ، کەسالانە چەند سەد هەزار کەسیان دەبێت بە ژێر دارو پەردووی ئەم خانوانەوە. بێجگە لەوەی کە ئینسان بەشێک لەگیانی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی ژیانی مەمرەو مەژی یەی بە سەرببات هتد... ئەمانەو چەندین کاری دزێوتری ناو کۆمەڵگای سەرمایەداری کە ئەمە مشتێک لە خەروارێکە ، بەم پێ یە ئەمانە دەبێت بەرئەنجامی چی بن کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیان بیستین ؟. بێ گومان بەرهەمی نیزامێک دەبن کە بناغەی پەیوەندی یەکەی بە پێ ی داڕشتنێکی چینایەتی داڕشتووە. واتە تاقە ڕێگا بۆ بنەبڕکردنی لەش فرۆشی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە.بە تەنها ئیتر هەر بڕواو بۆ چونێکی تر کە هەبن لەسەر ڕێگا چارەی لەش فرۆشی تەنها ڕیا کاری و بۆچونێکی بۆرژوازیانەیە. نووسەری بەرنامەی دنیای باشتر پێ ی وایە نیزامی سەرمایەداری دەتوانێت وەڵام بە هەموو ئەو کێشەو کەم و کوڕی یانە بداتەوە. کە لە درووست کردنی دا ، هەدەف مەندانە و بە پێ ی پەیوەندی کارو سەرمایە ، ڕێچکەی گرتووە و بۆتە بەشێکی گرنگی مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری.

مەنسوری حیکمەت لە چاو پێکەوتنەکەی‌دا. کە لەگەڵ (همبستگی) داکراوەو، لە (انترناسیونال) ژمارە (25) و (الشیوعیة العمالیة ژمارە (14) هەروەها وەرگێڕانی بۆ کوردیش و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (یەکسانی) ی ژمارە (21) دا دەڵێت (ئێمە داوای سڕینەوەی یاساغ کردنی لەش فرۆشی و پشتیوانی یاسا مان کردووە لە لەش فرۆشان ، وە ئەمە بەشەرتێکی لەبەین بردنی لەش فرۆشی دەزانین. موسیبەتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری بە غەیرە قانونی کردنی ئەو موسیبەتانە و تەمێ کردنی قوربانیەکانی وەڵام نادرێتەوە. ئەمە بەتەنها قسەی ئێمەی کۆمۆنیستەکان نیە ، بەڵکو قسەی هەر کەسێکە کە شان بە شانی هەر ئەم شارستانیە ئەورووپایی یە چوبێتە پێشەوە. (یەکسانی، ل4) ئەم دەستە واژەیەی کە منسوری حیکمەت ، بۆ چارەسەری لەش فرۆشی بەیانی دەکات وئەوەی کەلە بەرنامەی (دنیای باشتردا) خاڵ ڕێژ کراوە. بێجگە لەوەی کە ڕێگە چارە نی یە ،بۆ جێ بەجێ کردنی لە ناوبردنی لەش فرۆشی و کێشەکەی. هەرەوها تێکەڵی بێ مانای‌یە کە لە فکر و بۆ چوونی بۆرژوازی ئەورووپادا هەیە. ئەو جێ هێشتنەی کە بەجێ هێڵراوە هەموو لایەک لەو لایەنانەی کە کاری‌گەریان هەیە لەسەر لەش فرۆشی و کە بەشێکە لە قانوونی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ، دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە دەستە واژە بۆرژوازی‌یەکان ، ڕووی

دزێوو ڕەشی کۆمەڵگا ی سەرمایەداری سپی بکاتەوە ، ئەمەش فکرو بۆچوونی وورده بۆرژوازیە کە ڕووی سەرمایەداری سپی دەکاتەوە. بەم پێ یە دەبێت پشتیوانی یاسا چ مانایەک بگە یەنێت !. بێجگە لەوەی کە لەش فرۆشی بە کارو کرداری دزێوی ناو بەرهەم هێنانی کۆمەڵگا ی سەرمایە داری ناونەبرێت. واتە قانوونی کردنەوەی یان نەکردنەوەی ناتوانێت ئەو ڕاستیە وون بکات ، کەلەش فرۆشی لە چوار چێوەی سیستەمی پەیوەندی کارو سەرمایەدا جێ بە جێ دەبێت و هەروەها هەڵوەشانەوەشی پەیوەندی بە هەڵوەشانەوەی پەیوەندی کارو سەرمایە یە. ئەو قانوونی کردنەوەیەی کە نووسەری بەرنامە باسی لێوە دەکات و بەندێکی بەرنامەکەشیانە. ناتوانێت لەش فرۆشی لە ناو بەرێت. ئەوان دەیانەوێت بە حسابی خۆیان گیایەک ووشک بکەن و دەست بۆڕەگ و ڕیشاڵی نەبرێت. کە ئەمەش تەنها خەون و خەیاڵی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپایە. ئەم بۆچونانە هەڵقوڵاوی برواو بۆچونەکانی سەرمایەدارین و دەیانەوێت لەگەڵ ئەو نیزامە دا. بە ناوی پێشکەوتن خوازی و ڕادیکالیزم و بزوتنەوەی تمدنی بزووتنەوەی بەناو کۆمۆنیستی یە وە خزمەتی گەورە بە سەرمایەداری بکەن. کە هەر هەمویان میتودی کۆمۆنیزمی بۆژوازین و هیچی تر واتە لەلای ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزم، یاساغ و قانوونی بوونەتەکێشە و لەو ڕێگەیەوە چارەسەر سازیەکانی خۆیان یان داناوە و وەڵام بەنەمانی دیاردەی لەش فرۆشی پێ ئەدەنەوە. ئەمە چ گەمژەییەکە، یان چ یاریەکی مناڵانەیە ، کە ئەم ڕاسیونالیستە دەستی داوەتێ و بزووتنەوەی فکری خۆشیانی چۆن بەرەو کەناڵی بێ مانایی و بێ ئیعتباری بردووە و چۆن ئاوێزانی سیاسەتی بۆرژوازیان دەکات. وەکو لەوەو پێش باسم کردووە ، لەناوبردنی لەش فرۆشی بەندە بە لەناوبردنی نیزامی سەرمایە داری یەوە. بەندە بە لەناوچوونی نیزامی چینایەتی یەوە. چونکە لە نیزامی سەرمایەداری دا چارەسەر کردنی زۆر مەحاڵ و بێ هودەیە. ئیتر قانوونی ونا قانوونی هیچ ناگەیەنێت بێجگە لە ڕیاکاری وورده بۆرژوازی نەبێت ، لەبەرامبەر سەرمایەداری داو خۆش کردنی هەل ووەرجی لەش فرۆشی. ئەوەتا بە قسەی خۆیان بۆیە ئەم دیدگایەیان هەیە، چونکە شارستانێتی ئەوروپا ئەم کێشەیەی بەو جۆرە چارەسەر دەکات و کە ناتوانێت وەڵام بێت بەو کێشە کۆمەڵایەتی یەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری. لە لایەکی ترەوە دەیانەوێت لەش و لاری ئافرەتان ببێت بە کاڵاو لە بەرامبەر کڕین و فرۆشتنی پیاواندا را بگرێت و هەڵسوکەوتی کاڵای لەگەڵدا بکرێت و لەگەڵیشیدا کراوە. ئەم قانوونی کردنەوەیە واتە قانوونی بوونی و هەتا هەتایی بونی سیستەمی سەرمایەداری و بۆ ئەبەد هێشتنەوەی و خستنە دەستوور و زهنی کرێکارانەوەکەچارەسەر تەنها لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدایە.

قانوونی کردنەوەی لەش فرۆشی واتە کردنەوەی دەرگای زیاتر لە بەردەم هێرش و پەلامارەکانی نیزامی سەرمایەداری بۆ سەر ئینسانی کرێکار بە نێر و مێ وە بەم پێ یە شەرعیەت پێدانی پەیوەندی ئابووری سەرمایەداریە، لێرەوەیە کە وورده بۆرژوازی دەیەوێت لەش فرۆشی لە قانوونی کردنەوەیدا بنە بڕ بکات و دەست بۆ هیچ بارێک و پێکهاتەیەکی ئابووری سەرمایەداری نەبرێت، کە ناتوانێت دیاردەی لەش فرۆشی لە ناو ببات واتە دەیانەوێت پارێزگاری لە هەلومەرجی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بکرێت و گۆڕان لە هیچ لایەکی ناوەرۆکی پەیوەندییەکانیاندا روو نەدات، کە ئەساس و بناغەی لەش فرۆشی یە لە ناو توێژێکی گەورەی ئافرەتاندا بە پێی ئەوەی کە ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی سەرمایەداری ڕەگ و ریشەی لەش فرۆشی ئاو دەدات، دەبێت پێکهاتەی ئەم پەیوەندییە

ئابووریيە هەڵبوەشێتەوە، بۆ ئەوەی لەش فرۆشی لە بەین بچێت و ئیتر کەس پێویستی بە بازرگانی کردنی لەشی خۆیەوە نەبێت.

*******************************************

**((لە بار بردنی مناڵ دیاردەی پەیوەندی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی چینایەتی سەرمایەداری یە))**

لەبار بردنی مناڵ هۆیەکە لەو هۆیانەی کە پەیوەندی ئابووری سەرمایەداری سەپاندویەتی بەسەر گیان و لەش ولاری ئافرەتاندا کە لە باربردنی مناڵ جارێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئافرەت خۆی لە ناڕەحەتی پەیوەندی ئابووری سەرمایەداران لە بەرامبەریاندا رزگار دەکات، هۆیەک لەو هۆیانە ئەوەیە کە لە زۆر باری دوو گیانی ئافرەتاندا سەرمایەداران وا چاو لێ دەکەن کە ئیتر لەم بارەی ئافرەتاندا توانای بەرهەم هێنان لە لایەن ئافرەتانەوە کەم دەبێتەوە واتە ئافرەتان جارێک لەبەر ئەوەی کەلەسەر کار دەرنەکرێن و جارێک لەبەر ئەوەی سەرمایەداران کێشەی گیانی و حەیاتی بۆ دروست دەکەن کە لەوانەیە لە زۆر کاتیدا ئەم ئافرەتانە تەنها بەخێوکەری ئابووری ماڵ و منداڵیان بن، نەتوانن لەوە زیاتر ئەم وەزعە لە ژیانیدا قبوڵ بکات هەندێک جاریش لە باربردنی منداڵ لەبەر ئەوەیە کە ئافرەتان توانای بەخێوکردنیان نی یە لە هەموو روویەکی بە خێو کردنەوە وە بارێک لەو بارانەی کە لەوانەیە زۆرترین کاریگەری لەسەر لەباربردن هەبێت لە ناو ئافرەتاندا هۆی لەش فرۆشی ئەمانە لە بەرامبەر بژێوی رۆژانەیاندا، واتە ئەم کاریگەرییە ئابوورییە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ئافرەتانەوە هەیە کە دەست بدەنە لە باربردن. واتە لە بار بردن لەلای ئافرەتان دەبنە هۆی رزگار بوونی لە بێ مافی و بێ حقوقی خۆیان لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە. کە لە بنەڕەتدا ئەم لەبار بردنە نابنە هۆی رزگار بوونی ئافرەتان لەم وەزعە نالەبارەی سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری، بەڵکو کاری تەسلیم بوون دەخاتە بەردەم ئافرەتان و بە تەواوی تەسلیم بە سیاسەتی ئابووری سەرمایەداری دەبن بێجگە لەو خەتەرەی کەلەسەر ژیانی ئافرەتان هەیەتی کە بە پێ ی سەرژمێرییەک (60%) زیاتر لە ئافرەتان بە لەباربردنی منداڵ ئەمرن لە جیهاندا. ئینسانی مێ لە هەلومەرجێکی ناچار کراودا خۆیان رووبەڕووی لەناوچوون و مردنیان دەکاتەوە کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری تیایدا ئافرەتان ئەخاتە بەردەم ئەگەری دەرچوون و رزگار بوون لە مردنی ناچاری و لە باربردندا.

بە هەر حاڵ ئەم وەزعیەتە وا ناگوزەرێت و ژیانی ئافرەتانیش بەم شێوەیە ناتوانێت ژیانێک بێت، کە ئافرەتان هاتنە سەر کارییان لە دەرەوەی ماڵدا ئافرەتانی رزگار بوو بن لە دەست دەردەسەری و مەینەتی یەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەم دەردە ناتوانێت ئافرەتان رزگار بکات، هەتا پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی سەرمایەداری لە ناو نەچێت هەتا ئەم پەیوەندییە ئابوورییە هەڵنەوەشێتەوە و چینەکان بە تەواوی لە بەین نەبات و ژیان و سووڕی ئابووری چینەکان لە ناونەبرێت. واتە شەرتی رزگاری ئافرەتان بە لە ناوچوونی دەسەڵاتی ئابوورییانەی چینەکانە بەسەر هۆیەکانی

بەرهەم هێناوەوە. رزگاری ئافرەتان لەگەڵ رزگاری پرۆلیتاریادا دوو جەمسەری یەک مەرحەلەی مێژووی دەست نیشان دەکات کە دەتوانێت ئافرەتان لەوێوە رزگاری تەواو بەدەست بهێنن و وەک پێکهاتەیەکی ئینسانی یەکسان بە پیاوان چاویان لێبکرێت و لە هەموو خۆشی و پێویستی یەکانی ژیان بەهرەمەندبن. لێرەوە دەمەوێت بچمە سەر بڕواو بۆچونێک کە تەنها ریاکاری بۆ سەرمایەداری نەبێت هیچی تری لێ پێک نایەت مەنسوری حیکمەت لە وەڵامی پرسیاری (همبستگی) دا دەڵێت [ بەرنامەی ئێمە ڕا دەگەیەنێت کە کرداری لەباربردنی منداڵ بە نادروست و پێچەوانەی پرەنسیپە ئینسانی یەکانی خۆی دەزانێ بەڵام بڕوای وایە کە چ لە پێناوی پارێزگاری لە قوربانی یەکانی مەحدودیاتی ئابووری و دواکەوتوویی فەرهەنگی لەم کۆمەڵگایەدا کە لە ئارادایە، وە چ بۆ خەبات لە بەرامبەر زەمینەکانی ئەم کردارەدا پێویستە لەباربردنی منال قانوونی بێت (یەکسانی) ژمارە (21) ل4 ] ئەم پەرەگرافە ریاکاری ووردە بۆرژوازی بەیان دەکات، واتە بە پێی ئەم بۆچوونە بێت بۆ ئەوەی منداڵان رووبەڕووی دەرد و مەینەتی باری ئابووری و گرانی کۆمەڵگای سەرمایەداری نەبێت، دەبێت لەباربردنی قانوونی بکرێتەوە واتە ئافرەتان و خێزانەکان تەنها بەوە دەتوانن رووبەڕووی نا هەمواری ئابووریان بوەستنەوە ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە دەیەوێت تەسلیم کاری ئافرەتان لە بەردەم سیستەمی سەرمایەداری‌دا ڕابگەیەنێت و شەریعەت خۆی پێ بدات کە توانای بەکاربردنی کەل و پەلەکان لەم کۆمەڵگایەو سیستەمەکەیدا توانایەکی کەم و زۆر لاوازە، بێ گومان ئافرەتان بارێکی ئەو لەبار بردنەیان لە ناو خێزانەکانیاندا هۆی بێ توانایی و بێ بەهرەمەندبوونیانە، لە پێویستی یەکانی ژیانیان واتە توانای بەخێوکردنی منالان توانایەکی زۆر لاوازو یان هەر سفر دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە روویەکی تری لە باربردنی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ لەش فرۆشی ئافرەتان کە ئەوانیش لە هەردوو بارەکەیاندا بەرهەمی پەیوەندی سیستەمی ئابووری سەرمایەدارین، بە پێی ئەم هاوکێشەیە، لەش فرۆشی و لە باربردن، لە چوارچێوەی سیستەمی چینایەتی دا بەڕێوە دەچێت و دەبێتە پیشەو هەوڵی زۆرێک ،لە خێزانەکان لە پێناوی ڕزگار بوونیان لە بەردەم ناهەمواری ئابووری سەرمایەداری. کەلە بنەڕەتی خۆیدا هەوڵ نابن بۆڕزگار بوونی بەشێک لە ئینسان لە دەست نا هەمواری ئابووری سیستەمی سەرمایەداری. بەڵام لە هەموو ئەم شتانەشدا ناکرێت ئێمە ڕێگە بۆئەوە خۆش بکەین کە سەرمایە داری بیەوێت لەڕێگەی دەسەڵات و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی یەوە چاک سازی و زهنی ئینسان بۆلای ئەوە ڕا بکێشێت کە ئینسان لەرێگەی لە بار بردنی منداڵەوە دەتوانێت چارەسەری هەموو مەحدودیاتی ئابووری خێزانەکان بکات. ئەوە بۆگەن ترین و ڕسواترین بڕواو بۆ چونی ووردە بۆرژوازی‌یە، کە دەیەوێت ئاسەواری خراپی سەرمایەداری بۆ کرێکاران لەسەر گیان و رۆحی خێزانەکانیاندا لەرێگەی قانوونی کردنی لەش فرۆشی و لەبار بردنی منداڵەوە رووی سپی بکاتەوە و بەڕێگا چارەش دابنرێ لەبەردەم باری ئابووری خێزانەکاندا، بێ گومان ئەو بۆچوونەی کەپێی وا بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئابووری‌یانەی کە رووبەڕووی منداڵان دەبێتەوە و ئافرەتان باشترین رێگەیان ئەوە بێت کە لەباربردنی منداڵان هەڵبژێرن. ئەوە بۆچونێکی هەزیلی (مالطوس) ی‌یە. کەپێی وابوو چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری‌یەکان لە رێگەی دەست بەسەرا گرتنی زۆربوونەوە دەتوانێت رێگە چارەیەکی بنەڕەتی و هەتا هەتای بێت. کە بێ گومان لە خزمەت کردن بە سەرمایەداری، چاندنی تووی خۆش باوەڕی لە زهنی کرێکاران و دەستەمۆو ڕامۆ بونیان لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری ڕا دەگەیەنێ بێ گومان بن لەوەی کە خوودی سەرمایەداری و سیستەمەکەی،

ئینسانەکانی رووبەڕووی دەرد و مەینەتی ئابووری کردۆتەوە و سەریان ناپەرژێتە سەر ئەوەی کە لایەک لە خوێندن و ئاشنا بوون بە فەرهەنگی پێشکەوتن خوازی‌یەوە بکات واتە بە پێی ئەو هاوکێشە ئابووری یەی کار و سەرمایە کە بنەڕەتی پەیوەندی کرێکار و سەرمایەداری دیاری دەکات و هۆی هەموو دەردەسەری‌یەکانی کۆمەڵگایە بەیەکەوە، لێرەدا هەتا ئەم پەیوەندی‌یە بوونی خۆی بهێڵێتەوە. هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی یەکانیش درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن ڕەگی کێشەکە پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکەیەتی کە دەتوانرێت لەو ڕەگەوە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێت، ئەویش بە نەمانی پەیوەندی ئابووری سیستەمی سەرمایەداری چونکە چارەسەر کردنی کێشە کۆمەلایەتی یەکان لە رێگەی قانوونی کردنی یان نەکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندی‌یانەدا ناتوانێت وەڵامی ڕیشەیی بێت بە باری کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی چینی کرێکاران و ئافرەتانی خێزانە کرێکاری‌یەکان ئەوان دەیانەوێت لەسەر حسابی گیان و جەستەی ئینسانی ئافرەتان کرداری تاقی کردنەوەی چاکسازی ئابووری سەرمایەداری بکەن لەو کاتەی کە بارە ناهەموارەکان قانوونیش نەبێت، ئەوا بە پێی پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکان خۆی لە خۆی‌دا قانوونی بەرهەم هێنانی سیستەمی سەرمایەداری‌یە ئەگەر قانونیش کرا ئەوا لەم بارەیاندا ناتوانێت و ناشکرێت بوترێت چارەسەری کێشەکان کراون، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک بزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوەی کۆمەلایەتی چینی کرێکاران کە دژ بە سیستەمی سەرمایەداری لە جووڵەدا بن، ئەوا کاری تەسلیم کردن بەجێ دەگەیەنێت قانوونی بوونەوەی لەبار بردنی منداڵان بەم پێ یە چەند پەرە بە لەباربردنی منداڵان بدرێت و.. بەو معیارەش پەرە بە دەسەڵاتی سەرمایەداران ئەدرێت چونکە لەبار بردن دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ناو پەیوەندی‌یەکی ئابووری سەرمایەداری‌یە، دیدگایەکی ئاوەها کە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا خاڵ ڕێژی دەکرێت و بەندێک و چەند ڕێگا چارەیەک دەبێت لەبەردەم کێشەیەکی کۆمەلایەتی ناو چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری. بێجگە لەوەی کە دیفاع لە بەرژەوەندی‌یەکانی سەرمایەداری دەکات و دەیەوێت ئاشی بۆرژوازی و سەرمایەداران بەگەڕ بخات هیچی تریان تیا بەدی ناکرێت بەم پێ یە بەرنامەی (دنیای باشتر) بەهای بەرنامەیەکی بۆرژوازی و دەربڕی ووردە بۆرژوازی‌یە کە هەموو خواست و ویستێکی کەوتووەتە ژێر کاریگەری زهن و تێڕوانینی ووردە بۆرژوازی ئەورووپاوە ئەو چاوپێکەوتنەی کە همبستگی لەگەڵ نووسەری بەرنامەی دنیای باشتردا کردوویەتی و ناوەڕۆکی بەرنامەکەیانی دووبارە کردۆتەوە، کە بووەتە قیبلەنمای حیزبی ک. ک. ع. أ. ئەم بەرنامەیە ناتوانێت لە بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی‌دا جێگاو شوێنێکی بۆ دابنرێت. سەرتاپای دەبێتە بەرنامەیەکی ڕیفۆرمیستی بۆرژوازی، کە زیاتر دید و بۆچوونی سووسیال دیموکراتی بە سەریدا زاڵ و باڵادەستە، کە ووردە بۆرژوازی زهن گەرای ڕۆژهەلات، بە پێی دواکەوتوویی فەرهەنگی و ئابووری خۆیەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری زهنی ووردە بۆرژوازی ئەورووپاوە و پێی وایە ئەو بەدەست هاتووە ئابووری و بەرهەم هێنانە ئابووریانە. بە سوسیالیزم ئەبینێتەوە. ئەگەر ئەمە وا نی یە ئەی بۆ ئەبێت هاوکێشە و معیارەکانیش بە پێی زهنی ووردە بۆرژوازی ئەورووپا لە لای ڕۆژهەلاتەکان ببێت،بە بەرنامەی شۆڕشگێڕی و بە ناو کۆمۆنیستی.

بەپێی ئەو بۆچوونەی مەنسوری حیکمەت کە بە دوای ئەو پەرەگرافە هاتووە کە لە سەرەوە هێناومەتەوە و دەڵێت [ ڕاستی یەکەی زۆربەی هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی (پروچویس) و کارگێڕانی پزیشکانی کلینک (عیادة) کانی لە باربردنی مناڵ و یاسا دانەرانی پرۆچویسی هەیئەی دەسەڵاتداری

ئەمریکاش هەر ئەم هەڵوێستەیان هەیە و لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر ئەمە دەڵێن : لە بار بردنی منال کارێکی ڕاست نیە، بەڵام دەبێت قانوونی بێت. (یەکسانی ژمارە (21) . ل 4]. ئەمە ئەو راستی یە دەردەخات کە ئەم بڕواو بۆچوونە ڕێچکەی مەڕ ئاسای بە دوای ووردە بۆرژوازی ئەورووپی و ئەمریکا و جیهانی پێشکەوتووی پیشەسازی‌دا گرتووە. ئەو بزوتنەوانەی کە لە ئەمریکا و ئەورووپادا هەن، ناتوانێت بزوتنەوەی واقعی چینی کرێکار و بزوتنەی کۆمۆنیستی بێت ناتوانێت لەگەڵ خواستە مێژوویی‌یەکانی چینی کرێکاردا هاو جووت بێت و ناوەرۆکی دیدو بۆچوونی واقعی و کۆمۆنیستی زانستی چینی کرێکاران بێت تا ئێمە لە خواست و بەرنامەدا بەندێکی بەرنامەکەمان بێت، واتە ناکرێت ڕێکخراوە جۆر بە جۆرەکانی ئەورووپا و ئەمریکا چ خواستێکی یان هەبوو ئێمە جارێکی تر خواستەکانیان بجووینەوە و بە خواستی خۆمانی دا بنێین. ئەوەندەی ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوازی و سەرمایەداری‌دا جووت و هاوتایە. ئەوەندە لەگەڵ خواست و ویستی ئینسانی و مێژوویی چینی کرێکاردا یەک جێ نیە و ئەلقەی کۆت و بەندکردنی ئەو چینەیە بە پێی ئەو بۆچوونە کە (پرۆچۆیس) چ هەڵوێستێکی هەبوو، بۆ ووردە بۆرژوازی ڕۆژهەڵاتیش شەرعی و قانوونی یە و دەبێت لە قانوونی یاسا و ڕێسای بەرنامەکەیاندا دووبارە و سێ بارەش بکرێتەوە و ببێت، بە یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە ئەوان شانی خوار و خێچیان پێوە با بدەن و لە لایان دەبێتە بە دەست هاتوویەکی گرنگ و تازە. بێ گومان ئەوانەی سەرەوە هیچیان نابێتە خواست و ویستی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستە زانستی یەکان بێ گومان لە ڕەوەندی ئابووری پێشکەوتووی ئەمریکا و ئەورووپادا، دەبێت چ بۆ زووڵم و زۆریان لەسەر کرێکاران و خێزانەکانیان بە بەهانە بهێننەوە و ڕێگە چارەی مەینەتی یەکانی ئەم خێزانانە دەست نیشان بکەن و بڵێن ئێوە لەباربردنی منالەکانتان ئەتوانێت ژیانی شایستە و خۆش گوزەرانی بۆ خۆتان و ماڵ و منالتان دابین بکەن. لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا لەگەڵ ئەوەشدا دەست بۆ هیچ لایەک لە لاکانی پەیوەندی ئابووری نەبرێت و ژیانی بەدەست هێنانی بەهای زیادە سووری خۆی تێک نەداو بتوانێت پێ کوورە گەشە بکات بۆ کوللەی هار و دانەوێڵە خۆر.ئەوانە هەموویان ڕێگا چارەی ڕێکخراوەکانی ووردە بۆرژوازین کە چارەسەری گیرو گرفتە کۆمەڵایەتی یەکانی کرێکاران لەسەر گیان و خوێنی کرێکاران خۆیان دەیکەن کەچارەسەریش نی یە، بە ڕێکخراوی دڵسۆز و دڵ فراوانی خواستەکانی چینی کرێکاریش لە قەڵەم بدرێت و پێشت بڵێن دەبێ ئێمەش چاو لەو ڕێکخراوانە بکەین ئەو ڕێکخراوانەش بێجگە لە تەسلیم کردن و دەستە مۆکردنی چینی کرێکار نەبێت بۆ سەرمایەداران هیچ ئەنجامێک بەدەست ناهێنن ئەو ڕێگایانەی کە سەرمایەداران و ڕێکخراوە دروست کراوەکانیان لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و ئەورووپا و جیهانی پێشکەوتووی پیشەسازی پیشانی کرێکاران و خێزانەکانیان دەدەن، تەنها لە پێناوی بە دەست هێنانی بەهای زیادەیە ئەوان لە کەمپینی هەڵبژاردنەکانیاندا ئەنواع و ئەشکاڵی پروپاگەندەی خۆش گوزەرانی و زۆرێک لەو توورەهاتانەی کە بە هیچ جۆرێک ناتوانێت وەڵام بە کێشەی سەرە کی ژیانی کرێکاران بداتەوە تەنها ئەوەندە نەبێت کە پێیان دەڵێن بە هەر شێوەیەک ئیش و کاری خۆتان جێ بەجێ دەکەن لە چوارچێوەی هەر ڕێکخراوێکدا، با بکرێت، بەڵام نەبێتە هۆی ئەوەی کەسیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی دەوڵەت و پلانی ئابووری ووڵات پشێوێنێ یان نەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پەرەنسیپەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لا بدات و ببێتە مایەی پشێوی سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری. لە ئەمریکادا دیموکراتەکان و کلینتۆن لە پێناوی جارێکی تری

هەڵبژاردنی‌یانەوە پەنایان دەبرد بۆ ئەوانەی کە لە کاتی خۆی‌دا لە ریزی سەربازی دەرکرا بوون، بە ناو هاو جنس بازی و بەد ئەخلاقی ناو کۆمەڵ بەوەی کە ئەوان دەیان گێرنەوە ڕیزی سەربازی و لە ناو دامو دەزگاکانیاندا جێگای شیاوی خۆیان بۆ دادەنریێت ئەمانە هەر هەموویان بۆ ئەوە بوون کە جارێکی تریش شانسی هەڵبژاردن بەدەست بهێننەوە ... ئەوە نەبێت حیزبەکانی تریش ئەم کارە جێ بەجێ نەکەن یان بە ناوی مافی نەتەوەکانەوە گوایە ئەوان باشتر چارەسەری کێشەکان دەکەن ئەگەر هەڵبژێرێن وە لە لای خۆشمان احساس و گیانی دواکەوتوترین پەیوەندی کۆمەلایەتی عەشائیری و بێ احساسی کۆمەلایەتی بەرهەم دێننەوە و ئەنواع و ئەشکال شوێنی کۆنە پەرستیت بۆ دەکەنەوە و تا ئەمانە وا ڕووی خۆیان بە کۆمەڵی ئێمە پیشان بدەن کە لەگەڵ خواست و ویستەکانیاندا دەجولێنەوە و لەو پێناوەدا کار دەکەن کە هەر هەموویان بۆ لە خشتە بردنی کۆمەڵ و چینی کرێکارە و هیچی تر زیاد بوون و کەڵەکە بوونی سەرمایەی ئەوانیشە، هتد ..... ئەمانە هەر هەمووی لە پروپاگەندەیەکی بێ شەرمانەی ئەوانە نەبێت ناتوانێت ببێت بە هیچی تر، ئەگەر ووردە بۆرژوازی ڕۆژهەلات نەیەوێت خزمەت بە سەرمایەداری گەورە بکات چۆن هەمان ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەکی کۆمەلایەتی لە نیزامی سەرمایەداری‌دا کە سەرمایەداری ئەمریکا و ئەوروپا گرتویانەتە بەر بۆگەنی ئەو بڕواو بۆچوونە لەوەدایە کەچارەسەری کێشە کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی یەکان نابەتەوە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی ئابووری چینایەتی هەڵبوەشێتەوە. ئینجا دەتوانێت ئەو ڕێگە چارەیە واقعی مێژوویی‌یە بێت بێ گومان هەموو گۆڕانکاری‌یە مێژوویی یەکانیش بۆ چارەسەری پەیوەندی ئابووری‌یەکانیان بە گۆڕانی پەیوەندی‌یەکی ئلبووری چینایەتی تری خۆیان جێ بەجێ یان کردووە بەلام ڕێگە چارەی ئێستا ڕێگە چارەی نەمانی سیستەمی ئابووری چینایەتی چینی سەرمایەدارە.

مەنسوری حیکمەت لە شوێنێکی تردا بە پێچەوانەی پێشووەوە بە دوو فاقی قسە دەکات کە جارێک بەرنامە لە ڕووی حقوقی یەوە لەگەڵ خواست و ویستی (پرۆچۆیس) مکاندا جووت و هاوتایە و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵیدا مخالیفن. هەروەک دەڵێت [ پرۆچۆیسەکان لە هەمان کاتدا کە زۆرێک لەوان مخالفی کرداری لەباربردنی منالن دیفاع لە قانوونی بوونی لەباربردنی منال ئەکەن، هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریش دیفاع کردنە لە قانوونی بوونی لە باربردنی منال، لە ڕووی حقووقی یەوە ئەوەی کە لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە ئاوات ئامانجی بالای بزوتنەوەی پرۆچویسە لە وولاتێکی وەکو ئەمریکادا کە تا بیست ساڵی تریش هتد ......... لە ڕووی حقووقی یەوە چاودێری خارجی لە ئەوروپا و ئەمریکادا بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو دەقێکی پرۆچۆیس دەستە بەندی دەکات چونکە خوازیاری ئازادی لە باربردنی منالە بەلام خودی ئەم ناو لێنانە پرۆچۆیسی (لایەنگری هەڵبژاردن) و پرۆلایف (لایەنگری ژیان) ریَ لێ ونکەر و دعائی یە. لە ئەمریکا کە لانکی سەرەکی ئەم قوتب بەندی‌یەیە بەشی پڕ هات و هاوار و میلیتانتی بزوتنەوەی پرولایف لە گروپە ڕاست و محافەزەکار و مەزهەبیەکان پێکهاتووە کە لە واقعدا بچوکترین ڕێز و احترام بۆ ژیان دانانێن. هتد ......... لەو لاشەوە ڕەمز و لانکی سەرەکی بزوتنەوەی پرۆچۆیس لایەنگری هەڵبژاردن حیزبی دیموکراتی ئەمریکا و ئەمساڵی وەک کلینتۆنە ] (یەکسانی، ژمارە 21. ل4) ] لە م بەشانەی‌سەرەوە هەموویان لە وەلامی یەک پرسیاردا هاتوون. کە لە لایەک قانوونی بونەوەی لە باربردنی منال خواست و ویستی پرۆچۆیسەکانە و لە لایەکیشەوە بەرنامەی ئەو حیزبەکۆمۆنیستی کرێکاری‌یەشە کەپێی وایە بە پێی ئەوەی کە شانسی هەتا بیست ساڵی تریان نیە

لە قانوونی بونەوەی لە باربردنی منالّ لە ئەمریکا و ئەوروپادا، بێگومان کاتێک لایەنگری پرۆچۆیس حیزبی دیموکراتە و کلنتۆن بێت وە یان دەسەڵات دارانی ئەوروپا و ئەمریکا چاودێری‌یان بێت بێ گومان لەوە زیاتر دەرناچێت کە حیزبێکی وەک ح. ک. ک رەنگدانەوەی فکری و سیاسەتی بۆرژوازی جیهانی و پارێزگاری‌کاری سیستەمی سەرمایەداری دەبێت بێ شەرمانە دەچێتە سەر ئەوەی کە بەرنامەکەیان لەرووی حقوقی یەوە پەیوەست و یەک دەنگ دەبێت لەگەڵ پرۆچۆیسەکاندا واتە ئەوەی کە دەیەوێت سەرمایەداری بۆ پەردە پۆش کردنی بێ مافی یەکانی ئینسان بیکات ئەمان دەیکەنە بەندێکی حقوقی بەرنامەی خۆیان و ڕووی ڕەشی سەرمایەداری پێ سپی دەکەنەوە، بێ گومان روو سپی کردنەوەی سەرمایەداری تەنها بە ووردە بۆرژوازی جێ بەجێ دەبێت ووردە بۆرژوازی دەیەوێت داواکاری ژیانی شایستەی ئینسان بگۆڕێت بۆ داواکاری و قانوونی کردنی لە باربردن و لەش فرۆشی. هەمان ژیان بەرقەرار بێت کە سیستەمی سەرمایەداری بۆ ئینسانی دروست کردووە و ژیانی ئینسانی خستووەتە چوارچێوەی کۆمەڵێک پەیوەندی، هەزار بارە بووەوەی هەموو لایەنە دزێو و ناشایستەکانی ئینسان. ووردە بۆرژوازی لە ڕێگەی ئەو سیاسەتە دیماگۆجی یانەوەی کە گرتوویەتە بەر دەیەوێت ڕێگەی پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی چاکتر توند و بە هێز بکات بتوانێت ئینسان پابەندی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی پەیوەندی چینایەتی بکات و چەوساوە و چەوسێنەری بۆ هەتا هەتایە ڕاگیر بکات و لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندی یانەشدا دەستی کرێکاران ببەستێت بە کۆمەڵێک تووڕەهاتی وەک قانوونی بونەوەی لەباربردنی منالّ و لەش فرۆشی و چارە نوسی یان تەسلیم بە سیاسەت و بەها ئابووری‌یەکانی سەرمایەداری بکات .

ئەمانەش هەمویان لەوێوە دیاری دەکرێن کە ووردە بۆرژوازی باسی سیستەمی سەرمایەداری ئەمریکاش دەکات و ئەو پەیوەندی‌یانەش کە لە ئەوروپادا دەگوزەرێت و سەرچاوەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی میلیتانتی و هۆکانی ڕاگیر و لەسەر پێ ڕاگرتنی سیستەمی سەرمایەداری و هۆی مانەوەشیان دەبێت بۆ کات و شوێنێکی تر لەو لاشە وە فەخر و شانازی بەوەوە دەکرێت کە قانوونی بەرنامەکەیان پرۆچۆیسەکانیش لەگەڵیدا هاو ڕا و هاو نەزەر و هەڵگری ئەم قانوونانەن ئەمانە بۆ ووردە بۆرژوازی جێگای خۆش حاڵی یانە ئەم بۆچوونەریاکاری‌یانە لە دید و بۆچونی کرێکارانی هوشیار و کۆمۆنیست دەچێتە دەرەو، رۆژێک لە رۆژان نابنە جێگای خۆش حاڵی و زکر و تەلیلە کردن بەدەوریاندا، ئەم بۆچوونە ووردە بۆرژوازی‌یە بەقەدەر ئەو بۆچونە دینی و کۆنە پەرستانەیەی سەرمایەداران و مێشک مت بووەکان، بۆگەن و هەزیل و ڕیاکار دەبێت چونکە سەرچاوەی هەموو ئەم نەهامەتی یە، دیار و ئاشکرایە و ڕیگا چارەکانیشی زۆر روون و ئاشکرا ترن کە بە نەمانی هێزی بەرهەم هێنان لە ژێر چنگ و چەپۆکەی چینێکدا دەتوانێت وەڵامی بنەڕەتی بەلەش فرۆشی و لە باربردنی منداڵ بداتەوە بێ گومان ئەو ڕێبازەی کە (ح. ک. ک. ع و أ) و مەنسوری حیکمەت گرتویانەتە بەر ڕێبازی چەواشەکاری و درێژە دەرە بە لەش فرۆشی و لەبار بردنی منالەوە ئەوەی پێی وا بێت کە لە ڕێگەی ئەو سیاسەتەوە خزمەتێکی گەورە بە مرۆڤایەتی دەکات بێ گومان دەستی داوەتە کارێک و یاری یەکی منالانەی ناوازە جێ بەجێ دەکات و کارێکی باشیش بۆ سەرمایەداری جێ بەجێ دەکات.

کاتێک کار دەچێتە سەر ئەوەی کە دیفاع لە برِوا و بۆچونێک بکرێت کاری بۆ ئەو دیفاع کردنە دەچێتە ئەو شوێنەی کە بکرێت و بگونجێت، تەبریر بۆ هەڵەی برِوا و بۆچونەکانی بهێنێتەوە و بە هەزار و یەک

بەند و باو دەیان ڕازێنێتەوە تا بتوانێت بەرامبەری پێ فریو بدات دەکەوێتە ئەوەی کە جار جار بە شەڕی ئەهوەن و شەڕی گەورە و گران ناو دەبرێت هەزار تەحلیل و تەفسیریان بۆ دەکرێت ئەم مەقولاتانە بێجگە لە فریودان هیچ ئامانجێکی تریان نیە.ئەم جارەشیان مەنسوری حیکمەت لە وەڵامی همبستگی دا دەڵێت [ ئاشکرایە کەسێک کە وەکو ئێمە کرداری لە باربردنی مناڵ خۆی لە خۆیدا بە غەیرە ئینسانی دەزانێ و وەکو ناچارییەکی کۆمەڵایەتی و شەرێکی ئەهوەن تر دیفاع لە قانوونی بوونی دەکات، مەیلی بە لای ئەوەدایە کە ماوەیلە باربردنی مناڵ هەرچی کەمتر بکرێتەوە لە لایەکی تریشەوە پێویستە قانوون بە عەمەلی بۆ ژنان ڕێ نیشاندەر بێت و شتێکی فۆرماڵی نەبێت، هتد ....... (یەکسانی ی ژمارە (21) . ل4 ] ئەم بەکارهێنانەی سەرەوەی مەنسوری حیکمەت هیچ واتایەک ناگەیەنن بێجگە لەوەی کە بیەوێت لەگەڵ ئەو کێشەیەدا مامەڵە بکات، کە بە خواستی عەقل خوازانەی خۆی داڕێژراوە و باس لەسەر ئەوە ناکرێت کە لە بنەڕەتدا کێشەکە لە چی یەوە سەرچاوەی گرتووە مەسەلەی لە باربردنی مناڵ نە شەڕی ئەهوەنی ئافرەتانە لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری و نە شەڕی توند و تیژژی ئافرەتانە بە ڕوی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری یەکەدا، بێجگە لە تەسلیم کاری ئافرەتان و پیاوانیش بە سیستەمی سەرمایەداری. بێ گومان دەرد و مەینەتی یەکانی و دواکەوتوویی و یان لاوازی هەتا ئاستی نەبوونی و بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بە رووی ئەم سیستەمەوە دەردەکەوێت دەردەخات کە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان بە دوای سیاسەتی بەرهەم هێنانی بۆرژوازی و سەرمایەداراندامیرووله ئاسا ڕێچکەی کۆکردنەوەی سەرمایە بۆ سەرمایەداران دەگرنە بەر، ئەم هەموو تەبریر و بەهانانەی کە مەنسوری حیکمەت دەیهێنێتەوە. تەنها بە هەوڵی تەسلیم کردنی بزوتنەوەی داخوازییە دیموکراتی یەکانی ئافرەتانە بە سیاسەتی سەرمایەداری. لە بار بردنی مناڵ لە هەر تەمەنێکی دا بێت، ڕازی بوونی یان ڕازی کردنی خێزانە کرێکارییەکان بە هێرشەکانی سەرمایەداری بۆ سەریان و چۆک دادانە لە بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری و دەست هەڵگرتنە لەو شەڕەی کە قەرارە لە ئەمڕۆکە و سبەی ڕۆژی بزوتنەوەکەیدا هەڵبگیرسێت و داخوازییەکانیان بەسەر سیستەمی سەرمایەدارییدا دابسەپێنن .

ئەگەر چارەسەرەکە لە لای ئافرەتان و خێزانەکان، لەباربردنی مناڵ بێت لە هەر تەمەنێکی دوو گیانی دا و زیانی زیاتر بێت، یان کەمتر بەسەر ئافرەتانەوە، هیچ ناگەیەنێت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە بەهانە بۆ تەسلیم کردنی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار دەهێنرێتەوە، واتە ئەگەر ڕێگە چارەکە بە لەباربردنی مناڵ هاتە پێشەوە ئەوا دەست کۆتایی کرێکاران دەکات لە ڕێگە چارە بنەڕەتی یەکانی خۆی هەروەکو لە پێشەوە لەسەری دواوین نامەوێت لێرەدا زۆر شتی دووبارە بکەمەوە.

لە لایەکی ترەوە قانون بە ڕەسمی ئەمەی لە بەندە قانوونی یەکانی مافی ئافرەتان لە سیستەمی سەرمایەدارییدا بەیان نەکردبێت و ئەوا لە خوودی سیستەمەکەدا بە شێوەیەکی ڕۆتینی و بێ کاریگەری هیچ بەند و یاسایەکی تر، بە کرداری جێ بە جێ دەبێت ئیتر قانوون بە ڕەسمی یان غەیرە ڕەسمی ڕێنیشاندەر بێت یان نەبێت ئەمە لە بنەڕەتی خۆیدا واقعی حاڵی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خێزانەکانیانە. بە پێی پێکهاتەی فسیۆلۆجی ئینسانی من هەر لەباربردنێک لە هەر تەمەنێکی کۆرپەلەدا بێت زیان و کاریگەری خراپی هەیە بەسەر ئافرەتانەوە کە ئەم زیانە کەم بێت یان زۆر بێت لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک دەبێتە ناچارییەک کە خێزانەکان پەنای بۆ دەبەن کۆمۆنیستەکان ناکرێت دەست خۆشی

لەم ناچاری‌یە بکەن و حساب بۆ ئەوە نەکەن کە ئاسۆی خەباتی چینی کرێکار لەم رێگەیەوە، رووبەڕووی چ مەترسی یەک دەکاتەوە لەرێگەی ئەوەی کە ئەمە ناچاری یە بەند و باوی ئەم ناچاری یە بکەنە یاسایەک و ئاسۆی خەبات و تێکۆشان و بەشێک لە بەدەست هاتووەکانی ئازادی ئافرەتان، واتە ئەمە تەنها خوازیاری وورده بۆرژوازی و بۆرژوازی‌یە ئەوانیش دەیانەوێت بە هەر رێگەیەک هەیە رێگە لە خەباتی بزوتنەوەی چینی کرێکار وون بکەن و ئاسۆی بزوتنەوەی بۆرژوازی بکەن بە بەر ئاسۆی خەباتی چینی کرێکاردا، ئیتر ئەوەی کە تا (12) هەفتەی باشترە لە باربردن ئەنجام بدرێت و یان کەمتر لەم تەمەنی کۆرپەلە تا ئافرەتان رووبەڕووی مەترسی لە ناو چوون نەبنەوە. ئەمانە بۆ ئەوەیە تەنها مەسەلەی بنەڕەتی کێشە ئابووری‌یەکانی کۆمەڵگا، بە لە باربردندا وون بکرێت و کۆمەڵێک ڕووپۆشی ڕازاوەی زۆر بێ بەها و ئەخلاقی یان بۆ بکرێت .

لێرەوە دەردەکەوێت کە وورده بۆرژوازی سەگی بە وەفای بۆرژوازی دەبێت. جووت بوونی سیاسەتی وورده بۆرژوازی لەگەڵ بۆرژوازی و سەرمایەداراندا بەم جۆرەی خوارەوە خۆی جووت و هاوڕا دەکات کە مەنسوری حیکمەت دەڵێت [ ئێمە لە دیاری کردنی موهلەی ڕێگەپێ دراو بۆ لەباربردنی منداڵ تەشخی‌صیی خۆمان نەرکدووەتە معیار. بەڵکو هەر لەم دنیا بۆرژواییەدا تەماشای نموونە ئینسانی تر و دڵسۆزترەکانمان کردووە و ئەم ژمارەیەی خۆمان لەوێوە هێناوە. لە ئەسکەندە نافیا مۆڵەت 12 هەفتەیە (لە هەندێ بەشی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی پێشووشدا مۆڵەت هەر تا دوازدە هەفتەیی بوو. لە ئەلمانیا، نەمسا، بەلجیک، یۆنان، ئیسلەندە و بڕێک ووڵاتی تریش هەر وایە) ئێمەش هەر ئەمەمان بە معیار وەرگرتووە [ (یەکسانی) ژمارە (21) ، ل4 ] بە پێی ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە بێت وورده بۆرژوازی ئێرانی بە پێی کاریگەری یەکانی سیاسەتی سەرمایەداری و قانوونەکانی یان ڕەواج دان بەیەک بە یەکی خاڵ و یاساکانی سیاسەتی سەرمایەداری و ڕێگەی دروست کردنی بەرنامەیەکی وورده بۆرژوازی بۆ داناوون و کێشان و پێوانەکانیان هەر بە هەمان بەرنامەی ئەوان بەرنامە ڕێژی خۆیان کردووە. ئەوانە بەرنامەی مارکسیستی نین و دوورن لە هەموو پەرەنسیپەکانی بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی مارکسیزمەوە، بێجگە لەوەی کە بەرنامەیەکی ڕیفۆرمیستی یە و وورده بۆرژوازی لە دەوری سیاسەتی چینایەتی گێڕاویەتی و پەرژینێکی بە هێز و باوی چینایەتی بۆرژوازی‌یە.

بێ گومان مۆڵەتەکە 12 هەفتە بێت یان هەرچەندێکی تر بێت لە ڕێگەی مۆڵەتەوە دەست نیشانی ئینسانی تری هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە ناکات یان نابێتە ئەوەی کە بزوتنەوەی ناو ئەو دەوڵەتانە بزوتنەوەیەک نی یە یان ئینسانی تر نی یە. لەو ڕێگەیەوە مافی یەکسان و ئازادی یان بۆ فەراهەم بکات ئەمە هەموویان هەڵوێستێکی بێ بەها و دوور لە خواست و ویستی چینایەتی چینی کرێکار دەبێت و ئەوەندەی ئەوان بە دوای لە خشتە بردنی ئینسانی مەحرومی ناو ئەو کۆمەڵگایەن ئەوەندە بە هەوڵی ئەوەوە نین کە کارێکی زۆر باش و گونجاو بۆ ژیانی ئینسانی جێ بەجێ بکەن ئەبێت بۆ لە قانونەکانی خۆیاندا جێگە و ڕێگە بۆ ئەو هەموو بەتاڵەیە دابین ناکەن و لەگەڵ کارێکی گونجاودا ئاوێزانیان ناکەن. یان بۆ لەبیمەی تەندروستی و لە ضریبە ی خانوو بەرە و هەموو پێداویستی یەکانی تری ژیاندا کە لە سەریان داناوە ضریبە زیاد دەکەن و بیمەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی یەکان کەم دەکەنەوە. کە ئەمانە هەموویان دەستێکی ڕەشی سەرمایەداری دەیان جوڵێنێت یان بۆ ئەبێت ژیان و گوزەران بۆ هەژاران و خێزانەکان دابین ناکەن و کە ساڵانە لە ڕێگەی لەدایک بوونی منداڵەکانی یانەوە و فرۆشتنیان بە

کاپیتاڵیک، بژێوی ساڵانەی خێزانەکانیان بە ژیانێکی خراپیش دابین بکەن. ئەمانە لە کۆی خۆیاندا هەموویان یەک کاری ریفۆرمیستیشن کەچی جێ بەجێ کردنیان ئێستا بۆتە پاشەکشە کردنیان. ئەوان هاو جنس بازی دەکەنە قانوونی مەدەنی وولاتەکانیان و دەبێتە بەندێک لە بەندەکانی مافی ئینسانی ئەوان، کە بێ گومان خراپترین کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکانی ئینسانی ئەورووپی دادەنێت. ئەم خێربێژەی رۆژهەلات ئەو خێرخوازانەی ئەورووپا، دەیانەوێت بە یەک ئاراستە کار بۆ سەرمایەداری بکەن و بەرژەوەندی ئەم سیستەمە بپارێزن و لەگەڵ رەوتی ئەم سیستەمەدا گەشە بە ئابووری و سیاسەتی خۆیان بدەن و ئەسپی خۆیان زیاتر و چاکتر بە هەڵمەت بکەن.کاتێک کە قسە دێتە سەر تەمەنی کۆرپەلە هیچ ئینسانێک پێی خۆش نی یە، کە کۆرپەلەی لەناو ببات یان هەوڵی ئەوە بدات کە منداڵیان نەبێت و ژیانێکی بێ منداڵ ببنە سەر، بێجگە لە هەندێک ئینسانی کەم نەبێت. کەلە ژیانیاندا حەز بە منداڵ ناکەن لەوانەیە ئەمەش وەک نەخۆشی یەک هەبێت لە بیر و بۆچوون و گیانیاندا چونکە مەسەلەی حەز کردن لە منداڵ و ژیان لەگەڵیاندا، وەک غەریزەیەک لە پێکهاتنی ئینسانی یاندا دەردەکەوێت وەک پێویستی ژیانی چاو لێ دەکرێت. بێجگە لەوەی کە لە دایک بوونی مناڵ و حەز پێ کردنیان بوونەتە هۆیەک کە ئەتوانێت پارێزگاری لە بوونی بوونەوەری ئینسان بکات و لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریان لەسەر ئینسانی تازە بەرهەم هاتوو هەیە کە جۆرەکانیان بە پێی کۆمەڵێک کار و کرداری بیۆلۆجی لە ناو پێکهاتە هۆرمۆنی یەکان و جیناتەکانی ناو گیان و پێکهاتەی ئینسان دەست نیشان دەکرێت، هیچ کەس پێی خۆش نیە کە منداڵێک لە منداڵەکانی خۆی بە کاپیتاڵێک بفرۆشێت، ئەمەش هەروەکو لەباربردنەکە وایە و بەڵام ئەمجارەیان کۆرپەلە هۆی بژێوی خێزانێک دەبێت. ئەمانە دەبنە کاری ناچاری خێزانەکان و لەگەڵیدا دەبێتە بڕواو بۆ چوونی نەگۆڕی ناو زهنی خێزانەکان ، کە سەرمایەداری بە هەموو توانایە کی یەوە دەووری تیادا گێراوە.
تێزی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، دەیەوێت لە ڕێگەی لەبار بردنەوە ، ژمارەی دانیشتوان کۆنترۆل بکات و نەیەلێت ، ئینسانی مناڵ ڕووبەڕووی شکستی ئابوری و بێ مافی ببێتەوە. کە ئەم هەموو بەیان کردنانە ڕیاکاری ووردە بۆرژوازیە. ناتوانێت وەڵامی دروست و ڕاست بە بێ مافی یەکانی مناڵان ببێت و ، بتوانێت بە شێوەیەکی زانستی و دروست ژیانی ئافرەتان لە تاڵی و ناخۆشی یەکانی. سیستەمی ئابووری سەرمایەداری رزگار بکات. بەم پێ یە دەبێت لەلای ئەم تێزە چارەسەر کردنەکان لەناوەندی کۆمەڵگا ی سەرمایەداری دابن و، سۆسیالیزمیش ، دەدەنە دەست خواو بەویشی دەسپێرن. ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لە بەرنامەی (دنیای باشتر) داو ، لە چاوپێکەوتنەکەی (هبمستگی) دا ، مەنسوری حیکمەت دووبارە یان دەکاتەوە و ، دەڵێت:( لەوەڵامی دوا خاڵدا ڕێگا بدەن بپرسم چ کەسێک زیاتر بەخەمی پێشخستن و پەرە پێدانی شێوازەکانی پێش گرتن بە حملەوەیە، ئەو کەسەی کە دەیەوێ لەباربردنی مناڵ وەکو کارێکی تاڵ و ناخۆش خۆی لێ لا بدرێت یان ئەو کەسەی کە لە باربردنی مناڵ وەکو ڕێگا چارەیەکی بێ عەیب و قابیلی قەبولی تر چاو لێ دەکات بۆ مناڵ نەبوون و کۆنترۆل کردنی ژمارەی دانیشتوان ؟ [ (یەکسانی) – ژمارە (21) ل5 ] ئەم دەربڕینەی کە ووردە بۆرژوازی دەری بڕیوون. تەنها خزمەت کردنی سەرمایەدارییە و هیچی تر، ئەم ڕێگا چارەیە ناتوانێت لەو ڕێگا چارە مالطوسی یە دەربچێت کە دەیکرد بۆ سیستەمی سەرمایەداری واتە ناکرێت سیستەمەکە بوونی هەبێت و بووترێت ڕێگای زۆربوونی دانیشتوان قۆرغ بکرێت و ڕێگە نەدرێت ئینسان ئەوەندە زۆر ببن تا رووبەڕووی

برسێتی و نەداری نەبنەوە. ئەگەر ئاورێک لە مێژووی لەوەو پێشمان بدەینەوە ئەوا چەوتی ئەو بۆچونەمان بۆ دەردەخات کە رووبەڕووی دانیشتوان لە پێش جەنگە جیهانی یەکان بەم رێژەیەی ئێستا نەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا خوودی ئەزمەی ئابووری سەرمایەداری تیایدا ملیۆنەها ئینسانی کردە قوربانی سیستەمی ئابووری خۆی و لەگەڵ مردندا رووبەڕووی کردن، بێجگە لەوەی کە خودی سیستەمەکە لە سەرەتای پێکهاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەکەشی یەوە ئینسانی رووبەڕووی نەداری و برسێتی یەکی بێ ئەندازە کردەوە، واتە کێشەکە لەگەڵ زۆربوونی دانیشتواندا نی یە. بەڵکو بنەڕەتی پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکەی سەرمایەداران هۆی کاریگەرن بۆ نەهامەتی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەفرەقەی جنسی و کۆمەڵایەتی ئینسانەکان، ئەمانە هەر هەموویان روویەکی دزێوی کۆمەڵگای چینایەتی ئێستایە بە پێی ئەوەی کە ئینسان لە هەوڵێکی مانەوەی خۆیدا پەنا بۆ لەش فرۆشی ئەبەن ئیتر ئینسان رەگەزی مانەوەی خۆی بە هەر شێوەیەک هەیە پێ قبووڵ و شایستە دەبێت کە ئەمەشیان دابەزینی ئاستی بەهای ئینسانی یە بۆ ئاستێکی زۆر نزمتری پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی. واتە ناکرێت لەئێستادا کە پیشەسازی و تەکنیک گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر بەرز و دەتوانێت هەموو پێداویستیەکانی ئینسان بە باشترین و زۆرترین ، چەندایەتی بەرهەم بهێنێت. ئینسان لەپێناوی مانەوەدا ، بە تەنها مانەوە. هەوڵ بدات و ئەویش لەو رێگا یانەوە کەمامۆستایانی بۆرژوازی وانەکەی دەڵێنەوە. بووترێت ئەم ژیانە دەبێتە شایستەی ئینسان. کە ناتوانێت کەلێنێکی زۆر بچوکی مافەکانی ئینسان دیاری بکات. ئەو بۆ چوونە زۆر هەزیل و بێ مەعنایە. کە لە رێگەی لەش فرۆشی و لە بار بردنی منداڵەوەژیانی نیوە ناچڵ ، بۆ ئافرەتان و منالان بەدەست بهێنێت کە ناتوانێت بەدەستیان بهنێت. چونکە بوونی برسێتی و لەش فرۆشی و لەبابردنی منالان ، ژیانی بەندە بەژیانی سەرمایە داری یەوە. ناتوانیت هیچ وەلامیک لە رێگەی پەیوەندی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی چینایەتی یەوە بداتەوە بە هەموو ئەو بێ ماف و بێ ژیانی یەی چینی کرێکارو ئینسانەکانی کۆمەڵگا. چونکە ڕەگ و ریشاڵی ئەم کردارانەی ئینسان بە ئاوی سیاسەتی سەرمایەداری ئاو دەخواتەوە. واتە ووردە بورژوازی دەیەوێت لە رێگەی پیاو ماقوڵی نواندنی یەوە بۆسەرمایەداران ، بچنە سەر یەک بەڕەو لە یەک خوان بخۆن. ریاکاری ووردە بورژوازی گەشتۆتە ئاستێک. نەنها لەش فرۆشان و لمپن و بۆگەن ترین و داڕزیوترین توێژی کۆمەڵایەتی هاوتاو هاوشانیان دەکات و لەگەڵ ئەواندا دەستە خۆشک دەبن. ئەو بێ بەهای‌یەی کە سەیری ئینسان دەکرێت لە بەرامبەر سەرمایەو سەرمایەداری دا لەلای ووردە بۆرژوازی. ڕەنگ دەداتەوە لە رێگە چارە کەشیاندا. چونکە دەیانەوێت بە حسابی خۆیان چارەسەری کێشەکان بکەن و دەست بۆپەیوەندی کارو سەرمایەی کۆمەڵگای سەرمایەداری نەبرێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە ناو ، ئایا لەبار بردنی منال دەبێتە ڕێگا چارەیەک کەوەڵام بەبرسێتی و نەبوونی خێزانە هەژارەکان بداتەوە ؟ بێ گومان نەخێر. چونکە بە پێی هەموو ئەو قسەو باسانەی کە کردومانە لە سەرەوە هەرگیز وەڵام لە خوودی سیستەمەکەدا نی یە بەڵکو وەڵام لە نەمانی سیستەمەکەدایە .

کاتێک کە بەرنامەی (دنیای باشتر) بەهەمان ئاراستەی بۆرژوازی ئاراستەی گرتووە رێگای خێرخوازی بۆ بورژوازی گرتووە تە بەر ، ڕێگا بە بۆرژوازی نیشان ئەدات و ئەڵێت [ لە ناوبردنی کاری گەری ئابووری و ثقافی و ئەخلاقی لەسەر ئافرەتان. (الشیوعیة العمالیة) عدد 10 ص 13 (عالم افضل) ] ئەم بۆچونەی کەلەبەرنامەدا هەیە ، ئەو بۆچونەی کە بۆرژوازی هەیەتی لە هیچ شوێنێکدا لێک جیاواز نین ،

دەبێتە ئەوەی کە ئەم بەرنامەیە خاڵی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە بنەڕەتەوە دەربکێشێت. لەلایەک ئەوان وا باس دەکەن ، کە کۆمەڵگای سەرمایەداری کاریگەری لە سەر ئەم دیاردە کۆمەلایەتی یانە داناوەو، لەلایەکیش دەلێن ئەم دیاردە کۆمەلایەتی یانەبەقانوونی بوونی ، لەش فرۆشی و لە بار بردنی منال دەتوانێت رێگا چارەیەکی بنەڕەتی بێت بۆ ئەو دیاردانەی نیزامی سەرمایەداری. بە پێ ی ئەو لێکدانەوانەیان بێت کەلەلایەک دەیانەوێت لەش فرۆشی قانوونی ببێتەوەو لەگەڵ لە بار بردنی منالدا بۆ پەردە پۆش کردنی سیاسەتی بورژوازی یەو ئەگەر بە نادیاریش بێت. پیشان دانی ڕێگایەکە کەناتوانێت ڕێگا چارەسەری ئەو کێشە کۆمەلایەتی یە بێت بۆسەرمایەدارانیش. ئەم سیاسەتە دیماگۆجیانە یەی کەبەڕێ خراوە. دەیانەوێت ئەوە لەزهن و کرداری کرێکاراندا دەربکەن کە ئەم دیاردانە پەیوەندی یان بەوە وەنی یە لە نیزامی سەرمایە داری لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنرێت. واتە ئەوان کە دەلێن ئەم دیار دانە لە نیزامی سەرمایەداری دا هەن. ڕێگا چارە کەشی بەوە دادەنێن کە قانوونی بکرێتەوە، ئەمانە هەر هەموویان هیچ شتێک ناگەیەنێت بێجگە لە کاری فریودان نەبێت و لەرێگای لادانی رەوتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی چینی کرێکارە، لە چوارچێوەی ئەو مێژووی‌یەی کە دەتوانن بە دەست و نەخشی خۆیان مێژووی مرۆڤایەتی بنەخشێنن. ئەم بۆچوونانە کە لە بەرنامەی (دنیای باشتر) دا هەیە، و ئەو توێژەی کە لە ناو (ح.ک.ک.أ و ع) دا و لە ناو ئەوانەی کە بە هەمان حیلم خەون و خەیاڵە رەنگی نەکانیان رەنگاندووە و لە دەرەوەی (ح.ک.ک.ع) دا ئیش و کاری هەمان میتۆد دەکەن تووتی ئاسا و بێ پرسیاریش، دەستیان بە گەردنیاندا ناوە و بە تەنها ڕێگا چارەشی دادەنێن. ئەمە رەووتی ووردە بۆرژوازی چەپە و بێ دەربەستی و دەستەو سان وەستاون و بێ توانایی ئیبتیکار و نا مارکسیس بوونی ئەم حیزب و دەستە و تاقمانەیە کەبێجگە لە کاویژ کردن و جووینەوەی قسە و باسەکانی ئەم رەوتە نەبێت هیچی تریان لە باردا نی یە. شوێن کەوتنێکی کوێرانەی ئەمانە بە دوای رەوەندی ووردەبۆرژوازی ئەوروپاوە شوێن کەوتنێکی بێ هوودە و بێ بەهایە. لە کاتی خۆشیدا پرۆیستریکا بەم شێوەیەی ئەوان دەگەڕایەوە بۆ هەمان پەرەنسیپی ئەوروپایی رەووتی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەیەوێت بۆ دابین کردنی ئازادی ئافرەتان لە رێگەی لە باربردنی منالەوە ئازادی‌یەکان بە دەست بهێنێت. هاوتای ئازادی ئافرەتانی بکەن، ئازادی ئینسان یاری کردن نی یە بە گیان و لەش و لاری خۆیەوە و بەقێزەوون ترین شێوە بەهای ئینسانی خۆی ڕا بگرێت و بە کالا کردنی بوترێت ئازادی‌یەک بەدەست هاتووە بۆ ئافرەتان. هەروەها ئازادیش بە لە باربردنی منالانەوە بۆ ئافرەتان چارەسەر ناکرێت و ناتوانێت بە هیچ معیارێک ئازادی بێت بۆیان، بە معیاری کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبێت ئەو کارەی کە بەو جۆرە پرۆسیس بکرێت لە پێناوی ئازادی‌دا بێجگە لەوەی کە ئامانجی کۆیلە کردنی ئافرەتانە جارێکی تر و بە یاسا و ڕێسایەکی ترەوە دوو بارە و سێ بارە و هەزار بارەی دەکاتەوە. یاری‌یەکی سەیرە ! بەلام ئەمە خواست و وویستی ووردەبۆرژوازی و بۆرژوازی‌یە بە یەکەوە. لێرەوە مەنسوری حیکمەت بەم شێوەیە پاساو بۆ ئازادی ئافرەتان دەهێنێتەوە و دەلێت [ئیجازەی لە باربردنی منال لە چەشنی ئیجازەی خۆ کوژی‌یە. ئازادی لە باربردنی منال ئیجازەی لە بەین بردنی کۆرپەلەی خۆتە بۆ خۆ لادان لە ئاکامە خراپەکانی منداڵداری لەم کۆمەڵگایەی ئێستادا. ئازادی لە باربردنی منال بۆتە زەرورەتێک لە بەر ئەوەی زۆرێک لە ئازادی‌یە ئینسانی یەکان لە ژنان زەوت کراون مافی بەهرەمەند بوونی لە زانستی جنسی ئازادی کەلک وەرگرتن لە وەسائیلی (منع) ی سەد لە سەد سالم و بێ خەتەر. ئازادی رزگار بوون لە ئەخلاقی

مەزهەبی و پیاو سالارانە لە پەیوەندی جنسی دا، ئازادی‌یە پەیوەندی جنسی ئاوەڵاو ئازاد کە ژن لەو پەیوەندی‌یەدا ئازادی تەواوی هەبێت لە رەفتاری جنسی خۆیدا، .. (یەکسانی) ژمارە (21) ، ل5] ئەم بەڵگانەی کە دراون بە دەستەوە بەڵگەی بۆرژوازی بوونی میتۆدی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌یە و گاڵتە جاڕی کردنە بە ئازادی‌یەکانی ئافرەتان و کۆمەڵگا و بە کاڵاکردنی گیان و جەستەی ئافرەتان کە ناتوانێت هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی ئازادی ئافرەتان بەیان بکات و بە دەستیەوە بدات. لە چ کاتێک و بارێکدا ئازادی ئافرەتان لە لەباربردنی مناڵانەوە، بەدەست دێت. ئەمانە هەمووی بێ بەها سەیرکردنی ئازادی‌یەکانی ئافرەتانە چونکە ئازادی ئافرەتان بەندە بەوەوە کە وەک پیاوان بەهرە مەند و بەشداری کاری بەرهەم هێن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بێت ئازادی لەوە فراوان ترە کە ئەم نووسەر یان ئەو نووسەر بە هەوەسی خۆی و بە پێی بیرکردنەوەیەکی راسیونالیستی یانەی خۆی بێت و تعبیر لە ئازادی بکات.

چونکە کۆمەڵگای ئێستا هەندێک لە بەدەست هێنانە پزیشکی یەکان کە بە دەست هاتوون و کەمترین کەمترین ئینسان دەستیان بە تەواوی پیادا ڕا دەگات ، بێجگە لەوەی کە ئافرەتان زۆر بەکەمی لەو بە دەست هاتوانە بەهرە مەندە کە ئێستا لە سەر دوو گیانی و یان هەڵ نەگرتنی کۆرپەلە بە جەستەو لەش و لاری خۆی. چونکە بە دەست هاتووە پزیشکیەکان گەشتوونەتە ئەو ئاستەی کە لە توانادا هەیە ، کۆرپەلە لەساتی بە یەک گەیشتنی هەردوو خانەی هێلکەو سپێرم. هەتا پیتاندنی ئەو دوو خانەیە بە یەکتری و بە خێو کردنیان لە دەرەوەی لەشی ئافرەتان و هەڵگرتنیان و بەخێو کردنیان لە کەموڵەی تایبەتی ئامادە کراو ، بۆ گەشە و نەش و نما کردنی ئەو دووخانە یەک گرتووە هەتا درووست بوونی کۆرپەلەیەکی تەواو تەندرووست و لە دایک بونیان. هەر بەو پێ یە لە رێگەی ئەوەی کە دەتوانرێت چاودێریەکی باشتر لەو چاودێری‌یە ی کە لەناو لەشی ئافرەتاندا دەکرێت و دەست بە سەراگرتنی هەندێک کاری گەری جسمی و بۆماوەیی کە لە ناو گیانی ئافرەتانەوە بۆ منال و کۆرپەلە دەگوێزرێتەوە. واتە هەتا ئافرەتان بە گیان و لەش و لاری خۆیان کۆرپەلە هەڵبگرن و لەناو گیانیاندا بە خێوی بکەن.بە هیچ جۆرێک ئازادی و مافی تەواوەتی ئافرەتان بە دەست نەهاتووە، بەم پێ یە ئەوە بێ بەها سەیرکردنی ئازادی‌یەکانی ئافرەتانە کە خەست و چەق بەستوو دەکرێت لە بار بردندا ئازادی ئافرەتان بەندە بەئازادی ئینسان لە چوارچێوەی کاری بە کرێ و سەرمایە ئەو لێکدانەوانەی کە بۆ ئازادی ئافرەتان دەکرێت و دەخرێتە چوارچێوەی مافی ئازادی ئافرەتانەوە و بە لەبار بردن قۆرغی دەکات تەنها ریاکاری و پەردە پۆش کردنی بێ مافی ئافرەتانە و لە بیربردنەوەی ئازادی‌یە تەواوەکانی ئافرەتانە لە بەردەم بزوتنەوەی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان رێگانیشان دانی سەرمایەدارانە بۆ رێگرتن و بەربەست دانان لەبەردەم ئازادیەکانی ئینساندا. ئەوە هەر هەمان ئەخلاقی پیاوسالاری یە کەگیان وجەستەی ئافرەتان دەکاتە کاڵاو ، بە لەباربردن دەڵێت ئەتوانێت توانا بۆئەوە درووست بکات کە هەموو ئازادی‌یەکان بە دەست بێت. ئای چ گەوجی یەکە. چی خزمەتێکی سەرمایەداری‌یە. ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی ئەوەی کەئافرەتان دوور بخرێنەوە لە داوا ڕەواکانیان و لەئازادیەکانیان و کۆیلە ڕاگرتنیانە لە چوارچێوەی سیستەمی کاری بەکرێ و سەرمایەدا ، هەروەها دەسەڵاتی پیاو سالاری بە ناوی لە بەین بردنی ئەو دەسەڵاتە ، تازەو ڕۆحی بەبەر دا دەکاتەوە. هەروەها دەسەڵاتی پیاو سالاری لە پەیوەندی یە جنسیە کاندا ، دەکاتە بنە ڕەتی پە یوە ندی ئازادی ئافرە تان. کە لە رێگەی ئەنواع و ئەشکالی هۆی (منع)

وبەکارهێنەرەکانی(I.U.D)و کاندیۆم. پە یوە ندی جنسی لە نێوان ئینسانەکاندا، دەبێت پەیوەندیەک بێت کە بەهای ئینسانی خۆی تیادا ڕەنگ بداتەوە.. بتوانێت پەیوەندیەکانی لە چوارچێوەی پەیوەندی زۆر لێ کەرو زۆر لێکراو دا نەبێت. پەیوەندیەکان بە پێ ی هیچ بەرژەوەندی و خۆ پەرستی ی پیاو یان ئافرەتان نەبێت واتە ناکرێت مۆبۆکراسیەتی پەیوەندی نێوان نێرو مێ بە ئازادی دابنرێت چونکە جەستە تیایدا دەبێتە کاڵایەکی بەردەم دەسەڵاتی پیاو سالاری و یاری بەجەستەی ئینسان دەکرێت و لەزەیەکی کاتی تیایدا دەست دەکەوێت. واتە ئەمەشیان ئازادی نیە یان ئازادی بەدەست ناهێنێت بۆ ئافرەتان. بەم پێ یە دەبێت پەیوەندی خوشەویستی نێوانیان و بە بێ هیچ بەرژەوەندی یەکی شخسی لەلایەن هەردوکیانەوە دەتوانێت ئازادی هاوسەرێتی یان و ئازادی جنسیان دەست نیشان بکات و ببێتە ئازادیەک کەبنەڕەتی خۆشەویستی تیادا دەتوانێت ممارەسەیەکی ئینسانیانە بێت بۆ هەردوولای جنس. واتە ئەو بەکاڵابوونەی کە ئێستا هەیە بۆگیان و لەش و لاری ئافرەتان و پیاوان کڕیاری ئەو کاڵایەن و کڕین وفرۆشتنیان و بەهاکەیان بە پێی بەهای بەکارهێنراو دەست نیشان دەکرێت لە بازاڕی ژن و مێردایەتی بۆرژوازیدا. واتەبە پێی داواکردن نرخەکانیان بەرز و نزم دەکات. دەبێت لەبار بردنی مناڵان لە چ شوێنێکی ئەم پەیوەندیانەدا ئازادی بۆئافرەتان بە دەست بهێنێت ، یان ئازادی بێت بۆ ئافرەتان ؟ بێ گومان لە پەیوەندییەکانی سەرمایەداریدا، ناتوانرێت ئەو ئازادییە ئازادی تەواوی ئافرەتان بێت، چونکە ئافرەتان کاڵای بازاڕێکن و ئەمانیش خۆیانی تێدا دەفرۆشن بە بەردەوامی بوونەتە نێچیری چاوچنۆکیانەی جنسی پیاو. زۆر زۆر بێ مانایە ئەو میتۆدەی پێی وا بێت ئازادی لە باربردنی مناڵ لە بەرامبەر ئازادی ئافرە تاندا بە دەست دێت یان ئاکامە خراپەکانی مندالٚ داری وا لێک بداتەوە کە لە بار بردنی مناڵان دەتوانێت چارەسەر بێت. ئەمانە هەموو بەهای تیۆری بۆرژوازییە بۆ چارەسەرییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی و پینە و پەڕۆکردنی هەموو ئەو کارە دزێوییانەی کە خودی کۆمەڵگای سەرمایەداری چوارچێوەکەیەتی. ئەمانە هەر هەموویان لە پێشەوە باسی لێوە کراوە و نامەوێت دووبارەیان بکەمەوە. هەروەها بۆ ئازادی پەیوەندی جنسی ئاوەڵا و ئازاد لە بەشی دواتر باسی تێر و تەسەلەی لەسەر ئەکەم. بەلاٚم ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە ئەوەیە کە بەشێک لە لەباربردنی مناڵان پەیوەندی هەیە بەوەوە کە جنسی ئافرەتان جنسی ئاوەڵای بەر دەستی پیاوانە و لەو پەیوەندییەیانەی لە نێوان ژن و پیاودا کە هیچ ئیحساس و خۆشەویستی یەک نایان بەستێت بە یەکەوە، پەیوەندی جنسی دەبەستن بە یەکەوە بەلاٚم کاتێک ئەمانە هەر هەموویان بەیەکەوە هەر لە بەهرەمەند نەبوونی زانستی جنسی و ئازادی کەڵک وەرگرتن لە هۆی (منع) ی سەد لە سەد سالم و بێ خەتەر. کە بێ گومان وەسائیلی (منع) لە سیستەمی سەرمایەداریدا. وەسائیلێکی فراوان و دەست راگەیشتوو زۆرترین زۆرترین بەشی ئافرەتانی پێ دەگات، هەر لە(I.U.D) کاندیۆم و هۆکانی تری (منع) بەلاٚم ئەم هەموو شێر و ڕێوییەی مەنسوری حکمەت ئەیهێنێتەوە. دەیەوێت ئەوە بشارێتەوە کە دیاردەی لەباربردنی مناڵان پەیوەندی بە نیزامی ئێستاوە هەیە. وە ناچنە سەر ئەوەی کە رێگا چارەکان لە ناو چوونی سیستەمی ئێستایە لەم رێگەیەوە دەتوانرێت وەلاٚمی جدی و گشتی بە هەموو کێشەکان بداتەوە، کە هەر یەکەیان ئەوەی تر تەواو دەکات.ئەوانەی کە باسمان کرد و رەخنەی خۆمان ئاڕاستە کردن هەمووی بەندوباوی ناو بەرنامەکەیانە کە بەرنامەیەکی ریفۆرمیستی ووردە بۆرژوازی ئەقڵخوازانەی ئەورووپایە.

کێشەیەک کە بوونی خۆی لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئابووریدا وە دیاردەیەکی دزێوو ئەسەلمێنێت. ئەو پەیوەندیەش دەربڕینی وجوودی کۆمەڵگای چینایەتی دەبێت. ناتوانرێت چارەسەری بنەڕەتی بۆ بکرێت، هەتا چارەسەرییەکە، لە هەڵوەشانەوەی سیستەمی پێک هێنەری کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی یەکەی نەبێت. کەواتە ڕێگا چارەی ناو پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری پەیوەندی دەبێت بە هەڵوەشانەوەی کاری بەکرێ و سەرمایەوە. کە دروست کەری سەرەکی و هۆی جدی و کرداری هەموو دیاردە و بێ مافی یەکانی ئینسانە. دەبێت بۆ ماف سەندنەوەی ئینسان دەست بدەینە کارێک کە تیایدا مافی ئینسانی ئینسان بنیات بنێت.

بەم پێ یە ماف سەندنەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەمان سیستەمدا ناتوانێت مافی تەواوی ئینسان بێت کە ئاقاری سیاسی و ئابووری سیستەمەکە هەمان بێ مافی لە ڕێگەی ترەوە بە دەست دەهێنێتەوە. واتە ماف سەندنەوە بەو شێوەیە نی یە کە ڕێگای هەمان ئاقاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بگرێت و بڵێین مافمان سەندووەتەوە. کە ماف لە لای دەسەڵات داران ماوەتەوە و قۆرغ کراوە و وورده بۆرژوازیش بۆیان ئەنەخشێنێت و شەرعیەت بە هەمان دەسەڵات ئەدات ، لە ڕێگەی دەربڕینی میتۆدە بێ بەهاکەیانەوە کە هەمان میتۆدی بۆرژوازییە.

********************************************************

## ((پەیوەندی جنسی وهەستی خۆشەویستی دووڕووی یەک پەیوەندین))

سێکس یەکێک لە غەریزەکانی بوونەوەری مرۆڤە. یەکێک لە پێویستیەکانی ژیانی ئینسانی نێر و مێ یە بێ گومان دەبێتە یەکێک لە پێویستی یەکانی هێشتنەوەی بوونەوەری مرۆڤ و زیاد بوونی و دەرکەوتنی مرۆڤی نوێ.

لە پەیوەندی سێکسی نێوان ئافرەت و پیاودا پێویستی بەهەستی خۆشەویستی هەیە کە ئەتوانێت پەیوەندی یەکی شیاو و خۆش ئامێز و بێ چەوسانەوە بێت بۆ هەردوو لا بتوانێت ئەو پەیوەندیە بۆ درێژماوەی ژیانی ئینسان پەیوەندییەک بێت کە ئینسانی بوونی هەردووکیان لێوە بەدەر بکەوێت، بەم پێ یە لە ژیانی جنسی دوو مرۆڤدا و بۆ دروست کردنی یەک هاوسەرێتی خۆشەویستی دەتوانێت دەست نیشانی یەک هاوسەرێتی یان بێت و ژیانی سێکسی خۆش و ئینسانی و بێ چەوسانەوە و چەوسێنەر دروست بکات. بێ گومان ئەم جۆرە لە خۆشەویستی و یەک هاوسەرێتی یە لە ژیانی سەرمایەداری دا بوونی نی یە و ناتوانێت لە دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سەرمایەداریدا ئەو هاوسەرێتی یە بەرجەستە و واقع بێت و ئەو پەیوەندییە پەیوەندی زاڵی نێوان هاوسەرێتی نەبێت. بێ گومان ئەمە بۆ ئەو پەیوەندییە زۆر زۆر کەمەنا کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەگەر هەبن وە ناتوانن دیاردەیەکی دیار و بەربڵاو بێت .

کاتێک لە نێوان دوو خۆشەویست دا سێکس ممارەسە دەکرێت. دەتوانێت تام و چێژی ئینسانی خۆی بە هەردوولا بگەیەنێت لە ڕێگەی خۆشەویستی یەکەیانەوە دەتوانن سێکس بۆ خۆیان ئاوەڵە بکەن و لەگەڵیشدا بژین و بتوانن یەک بۆ ئەوی تر و بە دڵی یەکتر لەم ژیانەدا پێش ڕەفتی خۆیان بکەن. لێرەدا ئەمە بە مانای ئازادی جنسی نی یە کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا بووەتە دیاردەیەک کە ئینسان بێزیان لێ دەکاتەوە و ممارەسەیەکی حەیوانی و بێ مانایە لەم کۆمەڵگایەدا خۆشەویستی دەست نیشانی ئازادی جنسی نێوان هاوسەر ناکات. بەڵکو خواستێکی کاتی جنسی نێر و مێ یە بۆ یەکتری و کاتێکی کەم و بێ بایەخ دەبێت و دواتر یەک ئەوی تری لا دەبێزرێت.بێ گومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری هیچ هەستێکی خۆشەویستی لە نێوان ئینسانەکاندا نەهێشتووە و ئینسانی ڕووبەڕووی ڕق لێ بوونەوە و بەکارهێنانی یەکتر وەک چەوساوە و چەوسێنەر لە جنسیش دا کردووەتەوە. واتە هەستی خۆشەویستی کە دەپچڕێت و ئینسان لەوێوە یەک هاوسەرێتی خۆی لە دەست دەدات و ناتوانێت ئەو پەیوەندی‌یە زانستی یە بێت بۆ مرۆڤایەتی ئیتر سێکس دەبێتە کارێکی ئاوەڵای ناو کۆمەڵ و یاری پێ دەکرێت و دەبێتە ئەوەی کە مێ کاڵای بەردەستی نێر بێت و بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە فلیمی سێکسدا بە ئەنواع وئەشکاڵی خۆیەوە جنسی ئینسانی لێ بێزراو بێت. ئەوە بەرهەمی جنسی ئاوەڵایە کە هاو جنس بازی لە نێوان نێر و نێردا و مێ و مێ دا بووتە کارێک و ئا کارێکە کە داواکاری و هەوڵدانی بەشێک لە ئینسانی دنیای بە دواوەیە. هەروەها ئەم پەیوەندی‌یەی هاوجنس بازی بووەتە قانوونی مەدەنی هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا و شوێن و جێگەی بۆ ئەو پەیوەندی‌یە دروست کردووە و توانیویەتی خراپترین پەیوەندی ئینسان جێ بەجێ بکات و لەسەر فایل و بەڵگەنامەکانی دادگای شەخسی و دادوەری پێویستیشی بۆ مۆر کردنی عەقدەکەیان تەرخان کردووە واتە ئەمە بەشێکە لەوەی کە لە ئازادی جنسی یەوە، سەرچاوەی گرتووە و ئینسانی ئەم سەردەمەی ڕووبەڕووی یەک کارەساتی گەورەی ئینسانی کردووەتەوە. کە ئەشێ ئینسان تیایدا بەهای ئینسانی خۆی بە هەموو جۆرەکانی یەوە لە دەست بدات. وە لە بەشێکدا لە دەست دراوە. واتە ئازادی جنسی بەم جۆرە دەبێتە مۆبۆکراسی جنسی وە داواکردن و قانوونی کردنەوەی دەوورو کاریگەری خراپی لەسەر بەهای پەیوەندی ئینسانی یەکانی مرۆڤ دەبێتەوە و ئینسان لە بەرگە ئەصلی یەکەی خۆی‌دا ئەماڵێت و بەرگی خراپترین پەیوەندی و ناواقعی و نازانستی ترین پەیوەندی دەکات بە بەریدا. ئەو پەیوەندی‌یەی کە ئێستا لە ناو بەشێکی زۆری نێر و مێ دا هەیە، ئەتوانین بڵێین بووەتە چوارچێوەی پەیوەندی نێر و مێ ی کۆمەڵگای ئێستا وە لە زۆر ترین وڵاتانی دنیادا. بووەتە دیاردەی باوی ناو پەیوەندی نێر و مێ، ساتە وەختی هاوسەرێتی یان ساتە وەختی خیانەت کردنە بە یەکتری و نا ڕاست بوونی هەردوو جنسەکەیە لەگەڵ یەکتری‌دا. چوونکە جنس تیایدا بووەتە کاڵایەک. بە پێی ڕەونەقی و جوانی ئەو لە بازاڕی هاوسەرێتی دا، کڕیاری زۆر دەبێت یان داواکاری لەسەر دەبێت.ئەگەر کۆن و ئێکسپایەریش بوو ئەوا پەیوەندی نێوانیان هەڵوەشاوەتەوە و بە دوای لەش و لارێکی تازەدا دەگەڕێت و تیایدا بە پێی جنسەکەی مامەڵەی جدی لەگەڵدا دەکرێت. واتە خۆشەویستی نابێتە هۆی پەیوەندی هاوسەرێتی لە خێزانی بۆرژوازی‌دا.ئەم کردارانە دووبارە و سێ بارە و چەند بارەی تریش دەبێتەوە. لە لایەکیش لە ڕۆژهەڵاتدا، پەیوەندی‌یەکان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە دەبێت، بۆ نێر یان مێ هەر کامیان شتێکی تایبەتی هەبێت کە بتوانێت بەرژەوەندی یەکتری لێوە دەست نیشان بکرێت واتە کاتێک ئافرەتان دەبنە

هاوسەری پیاوێک بیر و هۆشی ئەمان لە لای ئەوەیە کە چەند توانای ئابووری هەیە و چەند لەگەڵ خواستە ئابووریەکانی ئەمدا جووت و هاوتایە و چەند دەتوانن داوا ئابووریەکانیان جێ بەجێ بکەن پیاوانیش داواکانیان لەسەر کاڵای جنسی و جنسی بوونی لەش و لاری ئافرەتانەوە و چەند دەتوانێت کەڤ و کوڵی جنسی پیاوان دامرکێنێتەوە و چەند ئەتوانێت ناو گەڵی برسیان تێر بکات. ئەم هاوسەرێتی یەی سەرمایەداری بە هەموو روویەکی یەوە لەسەر بنەڕەتی ئابووری بنیات نراوە و وەک یەکەیەکی ئابووری چاو لێ دەکرێت و چونکە هەر لایەک لە پەیوەندیەکەیدا یەک بەرژەوەندی خراوەتە بەردەمیان و لەو شوێنەشەوە هاوسەرێتی یان دەست نیشان دەکەن ئەویش لە هەموو بەهایەکی ئینسانی و خۆشەویستی داماڵراوە و پەیوەندیەکان پەیوەندی چەوساوە و چەوسێنەری تیادا بەرجەستە و ئاوەڵایە واتە پەیوەندیەکان تیایدا ئافرەت بۆتە کۆیلەی جنسی پیاو وە پیاویش خاوەن کۆیلەی جنسی ئافرەتانە.

بەرنامەی (دنیای باشتر) و نووسورەکەی کەوتونەتە ژێر کاریگەری قانوونی و یاساکانی دەوڵەتی ئەوروپا و ئەم بەرنامەیە بێجگە لەوەی کە ناتوانێت چارەسەری دیاردەی مۆبۆکراسی یەتی جنسی و بێ ئیحساسی بکات. هەر بەو ئاستەش ناتوانێت کاری دروست و عەمەلی بۆ لەناو بردنی ئەو دیاردانە بەجێ بگەیەنێت و هەوڵی گەڕانەوەی سۆز و هەستی ئینسانی بدات، پەرە دەدات بە ئازادی جنسی ئاوەڵاو کە ناوەرۆکی مۆبۆکراسی یەتی جنسی دەبێت، لەم رێگەوە بەرنامەی دنیای باشتر وا بەیان دەکات و دەڵێت [ پێویستە دانانی فێربوونی جنسی لە قوتابخانەی ناوەندیەکاندا دەرسێک بێت لە دەرسە ئیجباری یەکانی خوێندن (الشيوعية العمالية) عدد (10) ص13 (عالم أفضل) ] ئەم بەرنامەیە لەوە خافڵ تر بووە یان بە دەستی ئەنقەست ئەیەوێت ئەوە نیشان بدات کە خوێندنی ئیجباری دەرسە جنسی یەکان دەکاتە هۆی زیاتر ئاشنا بوونی منالان و ئینسانی گەورە بە زانستە جنسی یەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە دەرسی سەرەکی خوێندنی قوتابخانەکانی ئەوروپایە. لەگەڵ ئەوەشدا نەبووەتە هۆی دروست کردنێکی زانستی یانەی هاوسەرێتی خۆشەویستی لە نێوانیان، ئەوان بە دەرزی ئیحساسی خۆشەویستی لە گیانی ئینساندا دەردەکێشن وە بە لوولەی گەورە گەورەش بێ ئیحساسی ئەکەنە گیان و جەستەیانەوە تیاندا چەکەرەی پێ ئەکەن. واتە دەبێت فێربوونی جنسی ئەوەی تیادا دەست نیشسان بکرێت کە چەندە خۆشەویستی ئەتوانێت دەست نیشانی پەیوەندی جنسی و هاوسەرێتی بکات کە پەیوەندی نێوان نێر و مێ پەیوەندی خۆشەویستی و ئەویندار ی هاوسەرێتی بێت و دوور لە هەموو خیانەت و غەدر کردنێک لە یەکتری و دوور لە چەوسانەوە و چەوسێنەری تیایدا. پەیوەندیەکەیان داماڵراو بێت لە هەموو پەیوەندیەک کە یەکەیەکی ئابووری بنوێنێت .

لە دوای ئەو پەرەگرافە کە لە بەرنامەی (دنیای باشتر) دا هێناومەتەوە، هاتووە و دەڵێت: [ پێویستە لەسەر دەوڵەت هوشیاری زانستی بڵاو بکاتەوە لە نێوان خەڵکدا لەسەر لایەنە جیاوازەکانی پەیوەندی جنسی و مافی یاسایی بۆ فەرد (تاک) لە پەیوەندی جنسی دا و بە خێرایی یەکی پێویست و هتد..... (الشيوعية العمالية) (عدد10) ص13 (عالم أفضل) ] ئەم بەرنامەیە،بێ چەن و چوون داواکاری و رێگە چارەی هەمان سیاسەت و داواکاری سەرمایەداری ئەوروپایە.لەم رێگایانەوە دەست نیشانی ئەوە دەکەن. کە گوایە دەبێت ئازادی جنسی پەیوەندی باوی ناو کۆمەڵ بێت ولەش فرۆشیش لە پەیوەندی جنسی یاندا ئازادانە بڕیار لەسەر ممارەسەی جنسی دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت دەست نیشانی هیچ

جۆرێک لە خۆشەویستی ئینسانی نێوان نێر و مێ بکات. وە رێگەیەکی جیاواز و زانستی نیشان نادات لەگەڵ ئەوەشدا بڵێت بە زانستی و هوشیاری بڵاو بکرێتەوە. کە ئازادانە جنس ممارەسە دەکرێت ئەو کاتە جنس فرۆشیاری دەبێت و کڕیاریش پەیوەندی دەبێت، چونکە پەیوەندییەکان پەیوەندییەکی کاتی و هۆی تێربوونی جنسی ماوەیەکە لە جنسی یەک ئینساندا. خۆشەویستی دیاردەیەکی قووڵی ناو گیان و جەستەی ئینسانە و پەیوەوەندی بە بەشەکانی ناو مێشکی ئینسانەوە هەیە. کە وێنەی ئینسانی خۆشەویستی تیادا وێنە دەکرێت و لە رێگەی ئەنزیمێکەوە لە خانەی ناو مێشکی ئینساندا هەڵدەگیرێت، ئەوان لە رێگەی خۆشەویستی یەکەیانەوە دەتوانن سوود لە توانا جنسی یەکانی خۆیان ببینن و بتوانن زۆر زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و تام و چێژەکەیان تام و چێژی هەتا هەتایی ئینسانی بێت.

ئاوەڵا بوونی جنس یەکێکە لەو هۆیانەی کە نیزامی سەرمایەداری پەرەی پێ دەدات و دەیکەنە هۆی لە خشتە بردنی ئینسان لە پەیوەندییە خۆشەویستی یەکەیاندا هیچ خۆشەویستی یەک بۆ ئینسان ناهێڵێتەوە، بە هەموو ئەو رێگایانە کە ووردە بۆرژوازیش بەرنامەکەی رەنگدانەوەی سیاسەت و ئاکاری بۆرژوازی لە سەرەو دەیەوێت بەرنامەکەشی بەرنامەیەکی پێشکەوتن خواز و چارەسەر سازدا بنێت، لەبەرامبەر دیاردە و ناکۆکی یەکانی کۆمەڵگادا کە بێجگە لە دووبارە کردنەوەیان ناتوانن هیچ رێگایەکی دەرباز بوون نیشان بدەن لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی یانەی کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەوان دەڵێن پێویستە لەسەر دەوڵەت ئەو هوشیاریانە جێ بەجێ بکات لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە (200)ساڵی تەمەنی بۆرژوازی و سەرمایەداری لە ئەوروپا و لە جیهاندا ئەوەیان جێ بەجێ کردووە لە هوشیاری کە پەیوەندییەکەیان تجرید کردووە بۆ پەیوەندییەکی جنسی رووت و رەجاڵ و هیچی تر و کردویانە بە پێشکەوتو ترین پەیوەندی ئەمانە هیچ نادەن بە دەستەوە تە نها ئەوە نەبێت، کە بێ هەست و سۆزی خۆشەویستی بخەنە نێوان ئینسانەکانەوە. هەروەها لە بەرنامەکەیاندا هاتووە دەڵێت با هۆی (منع) لە بەردەستی لاواندا زۆر و لە بەردەستدا بێت هەتا بە نەخۆشی لە پەیوەندی جنسی یاندا لێدراو نەبن. ئەم دەبڕینانە ناتوانێت هیچ هۆیەک بێت بۆ خۆشەویستی و ناتوانن زانستی پەیوەندی جنسی بن بەڵکو هۆیەکی زۆر ئاسان و باش دەبن بۆ ئازادی جنسی کە مۆبۆکراسیەتی جنسی بەیان دەکەن وە هۆیەکی تری لەباربردنی مناڵیش ئەو ئازادییە جنسی یەیە کە بەرنامەی (دنیای باشتر) و مەنسوری حیکمەت باسی لێوە دەکەن. هۆی (منع) هۆیەکی زیاتر و چاکتری ئاوەڵاکردنی ممارەسەی جنسی دەبێت چاکتر و باشتر رێنوێنی نێر و مێ دەکات بۆ بێ ئیحساسی و پەیوەندی دروست و زانستی، چونکە ئەمانە نابنە بەشێک لە ئازادی و بێجگە لە کۆیلە کردنیان لە بەرامبەر جنسی نێردا کردنیان بە هۆی ممارەسەی جنسی پیاوان و کڕنووش پێ بردنیان لە بەردەم پیاواندا. ئەمەی کە لە بەرنامەی (دنیای باشتر) دا هاتووە نووسورەکەی لە چاو پێکەوتنی ( (همیستگی) ) دا دەڵێت: [ ئازادی لە بار بردنی مناڵ بۆتە زەرورەتێک لەبەر ئەوەی زۆرێک لە ئازادییە ئینسانی یەکان لە ژنان زەوت کراوە. مافی بەهرەمەند بوون لە زانستی جنسی ئازادی کەڵک وەرگرتن لە وەسائلی (منع) ی سەد لە سەد سالم و بێ خەتەر، ئازادی رزگاربوون لە ئەخلاقی مەزهەبی و پیاو سالارانە لە پەیوەندی جنسی دا. ئازادی پەیوەندی جنسی ئاوەڵاو ئازاد کە ژن لەو پەیوەندییەدا ئازادی تەواوی هەبێت لە رەفتاری جنسی خۆیدا...... (یەکسانی) ژمارە (21) ، ل5] بە پێی ئەم دەربڕینانەی نووسەری بەرنامە، کە لە چاوپێکەوتنەکەی همبستگی دا دەری بڕیوون. لەباربردنی مناڵ بۆیە زەرووڕەتی پەیدا کردووە بووەتە

یەکێک لە رووکنەکانی ئازادی ئافرەتان. ئەم بۆچونەی نووسەر زۆر ریاکارانە و بێ بەهای کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی یە و لەگەڵ سیاسەت و بەهای کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دا هاو جووت و یەک ناوەرۆکە. دەڵێت لەبەر ئەوەی ئینسانی مێ لەباربردنی منداڵ بکاتە پیشە و بە رەسمی بناسێت تا بتوانێت ئەو ئازادی یەش بە دەست بهێنێت کە دەبێتە پەیوەندی‌یەکی ئازادی جنسی ئاوەڵا و بێ پەردەی ئەوان، ئەمە بکرێت و نەکرێت کارێکە هەر ئێستا سەرمایەداری بۆی بۆتە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئابووری خۆی. واتە لێرەدا دەیەوێت لەش و لاری ئافرەتان بکاتە پارچەیەک لە کالاو، بە پێی هەوەسە جنسی یەکانی پیاوان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بەها و نرخی بۆ دابنرێت. ئافرەتانیش چەند لەو پەیوەندیانەی‌دا لەگەڵ پیاوان پەیوەندی‌یەکی ئاوەڵا دەبێت ئەوەندە لەش و لاری خۆی دەکاتە کاڵاو لە بەردەم پیاواندا ڕای دەخات ئەوەندەش دەبێتە هۆی هەوەس بازی و خیانەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی جنسی نێوان نێر و مێ.

نێر و مێ ی ئینسان بۆ ئەوەی لە سروشتدا گەشەی نەکردووە تا وەک مرۆڤی سەرەتایی لە ئێستادا مامەڵە لەگەڵ جنسی خۆیدا بکات و بە ئازادیشی لە قەڵەم بدات کە مێژوو زۆر دەمێکە ئەو پەیوەندی‌یەی بە پەیوەندی‌یەکی نازانستی نا دروست لێکداوەتەوە و رەتی دەکاتەوە، چونکە ئینسان بە پێی گەشەکانی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دا، مێژووی بەوە نەخشاندووە کە پەیوەندی یەک هاوسەرێتی بە مانای مێژوویی یەکەی نا، بەڵگو بە مانای ماددی هاوسەرێتی بەیان دەکات، لە کۆمۆنەی سەرەتایی دا ئینسان پەیوەندی‌یەکانیان بە بێ زانیاری بوون و نەیان دەتوانی پەیوەندی‌یەکی زانستی و واقعی لە پەیوەندی جنسی نێوانیان بنەخشێنێت.

لە دەربڕینەکانی دنیای باشتر و چاوپێکەوتنەکاندا، هیچ باسێک لە جۆری هاوسەرێتی نەکراوەو هیچ لایەکیشی روون نەکراوەتەوە پەیوەندی جنسی ئاوەڵا دەکاتە بناغەی پەیوەندی ئازادانەی مێ بە جنسی خۆیەوە و یەکێک لە بناغەکانی ئازادی ئافرەتان دەست نیشان دەکات ئەم تێڕوانینە هەر وەکو ئەوەوایە کە پیاو لە دەرەوەی یەک هاوسەرێتی دا پەیوەندی جنسی دەبەستێت و بە خیانەتی هاوسەرێتی ناو دەبرێت واتە جنسی نێر و مێ دەبێت وەک بەهای ئینسانی خۆی حسابیان بۆ بکرێت و بتوانرێت لە پەیوەندی‌یەکی یەکسان و هاوتای پەیوەندی‌یەک، کە تیایدا یەکە ئابووری‌یەکەی هەڵوەشاوە بێت و ژیانی هاوسەرێتی پڕلە بەهای خۆشەویستی و یەکسانی بێت لە هەموو روویەکی یەوە کە ئەویش لە پەیوەندی کۆمۆنیستانەی ئینساندا دەتوانێت زامنی ئەو پەیوەندی‌یە یەکسان و هاوتایەی جنسی نێر و مێ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت.

www.dengekan.com